# سۆناتای کرۆیتزێر

PDF4Kurd



**لیۆ تۆلستۆی**

**ليۆ تۆلستۆى**

# سۆناتاى كورۆيتيزێر

**ڕۆمان**

**وەرگێڕانى**
**ئەمين گەرديگلانى**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

● **سۆناتای کورۆیتیزێر**

● **نووسینی:** لیۆ تۆلستۆی

● **وەرگێڕانی:** ئەمین گەردیگلانی

● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی

● **بەرگ:** رێمان

● **پیتچنین:** ئەوین سلێمان جیهان

● **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

● چاپی یەکەم ٢٠١٤

● **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

● **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)

● بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٦) ساڵی ٢٠١٤ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٨١٨)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

کەوایە بە ئێوە دەڵێم هەر کەس بە چاوی هەوەسەوە لە ژنێک بڕوانێ هەر ئەو دەمە زیناحی لەگەڵدا کردووە.

**ئینجیلی مەتا سوورەی پێنجەم ئایەتی بیست و هەشتەم**

قوتابییەکانی گوتیان ئەگەر حوکمی مێرد لەگەڵ ژنەکەی بەو شێوەیە بێ، نەکردنی نیکاح باشترە. ئەویش گوتی تەواوی خەڵکی ئەو کەلامە قەبووڵ ناکەن، مەگین بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان بەخشراوە. چونکە ئەو خەسیوانە هەر بەو شێوەیە لە دایک بوون و ئەوانەش خەڵکێکن کە خەڵکی تر خەساندوونی. خەسیوەکان لە ڕێی خودادا خۆیان خەساندووە. ئەوەی توانایی هەیە با قەبووڵی بکات.

**ئینجیلی مەتا سوورەی نۆزدەهەم ئایەتەکانی دەهەم و یازدەهەم و دوازدەهەم.**

# یەک

سەرەتای بەهار بوو. دوو ڕۆژ بوو لە نێو شەمەندەفەردا بووین. ئەو مسافیرانەی ڕێگاکەیان دوور نەبوو، سوار دەبوون و دادەبەزینەوە، بەڵام چوار کەس، کە من یەکێک لەوان بووم، لە سەرەتای وەڕێکەوتنی شەمەندەفەرەکەوە لەگەڵ بووین. ئەوی دیکەش ژنێکی ناشیرینی پیر و جگەرەکێش، دەموچاوی چرچولۆچی تێکەوتبوو و ڕەنج و ئازاری ڕۆژگاری پێوە دیار بوو؛ کڵاو و پاڵتۆ و جلوبەرگەکەی لە هی پیاوان دەچوو. ئەوی تریش پیاوێکی ناسیاوی ئەو بوو، نزیکەی چلساڵی تەمەن و زۆر ڕووخۆش و زمان پاراو بوو، جلوبەرگی نوێ و ڕێکوپێکی لە بەردابوو. هەموو شتێکی نوێ بوو؛ سێهەمیش پیاوێکی خاوەن کەسایەتی بوو، زۆر کەڵەگەت نەبوو، هەڵسوکەوتی وشک و وێدەچوو توندەتەبیعەت بێ. نەدەکرا بە پیری بزانی، بەڵام تووکەسەرە لوولەکەی دیار بوو پیرییەکی ناوادە کردوویەتە ماشوبرنجی. خۆی لە خەڵکی بە دوور دەگرت. چاوی زۆر سەیر ترووسکەی دەهات و بەتوندی لە سەر شتێکەوە بۆ سەر شتێکی تر دەفڕی. پاڵتویەکی کۆنی لە بەردا بوو، ملیوانەکەی پێستی بەرخ بوو، کە دیار بوو دەسکاری بەرگدروویەکی لێزان و دەست ڕەنگینە. کڵاوێکی درێژیشی لە سەردا بوو کە ئەویش هەر لە پیستی بەرخ بوو. کاتێک قۆپچەی پاڵتۆکەی دەکردەوە، چاکەتێکی ئاتەگ شۆڕ بە کەمەری چیندارەوە و لە ژێر ئەویشدا کراسێکی ڕووسیی

گوڵدۆزی کراو وەدیار دەکەوتن. یەکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پیاوە ئەوە بوو کە جاروبار دەنگێکی سەیر لە گەرووی دەهاتە دەرێ و زیاتر وەک قرخەی گەروو یان سەرەتای پێکەنین دەچوو کە کتوپڕ تەواو دەبێ.

ئەم پیاوە لە ماوەی سەفەرەکەیدا هەوڵی دەدا لەگەڵ مسافیرەکانی دیکە قسە نەکات و خۆی لە ناسینیان دەبوارد. ئەو مسافیرانەی لە تەنیشتی دادەنیشتن و دەیانویست سەری قسەی لەگەڵ بکەنەوە، وەڵامێکی توند و کورتی دەدانەوە. کتێبی دەخوێندەوە یان بە دەم جگەرە کێشانەوە لە پەنجەرەکەوە چاوی لە دەرێ دەکرد، یان خواردنی لە خوانچەی سەفەرەکەی دەردەهێنا دەیخوارد و چای دەخواردەوە.

هەستم دەکرد تەنیایی جاڕزی کردووە. چەند جار ویستم سەری قسەی لەگەڵ بکەمەوە بەڵام هەر جارێک کە چاومان بە یەکتر دەکەوت - ئەوەش بەردەوام دووپات دەبۆوە، چونکە بە شێوەی کەشوتووش ڕووبەڕووی یەک دانیشتبووین - ئەو ڕووی وەردەگێڕا و دەستی دەدا کتێبەکەی یان لە پەنجەرەکەوە چاوی لە دەرێ دەکرد.

نزیک ئێوارەی ڕۆژی دووهەمی سەفەر، ئەم کابرا گرژ و نەمرچە لە وێستگەیەکی گرینگ دابەزی و چوو بۆ چایخای وێستگەکە، ئاوی کولاتووی وەرگرت و چای بۆ خۆی دەم کرد. کابرا تەڕپۆشەکەش هەموو جلوبەرگەکانی نوێ بوون و دواتر بۆم دەرکەوت پارێزەرە، لەگەڵ ژنەکەی هاوڕێی کە لە پەستا جگەرەی دەکێشا و جلەکانی لە هی مردوو دەچوون، بۆ خواردنەوەی چایی چوون بۆ چایخانەی وێستگە.

لە ماوەی چوونە دەرەوی ئەو ژن و پیاوەدا چەند مسافیری تر هاتنە نێو ڤاگۆنەکەوە، یەکیان پیرەپیاوێکی کەڵەگەتی دەموچاو چرچولۆچ بوو، ڕیشی تیفتیفە دابوو و دیار بوو بازرگانە. پاڵتۆیەکی لە پێستی دەڵەکی لە بەردا و کڵاوێکی فاستۆنی و شەپقەداری لە سەردا بوو. کابرای بازرگان لە سەر کورسیی بەرانبەری خانم و جەنابی پارێزەر دانیشت و لە ڕێوە دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵ گەنجێک کە وێدەچوو ژمێریار بێ و هەر لەو وێستگەیە سوار بووبوو.

من لە بەرێکی دیکەی ڤاگۆنەکە و بەرانبەری ئەوان دانیشتبووم و چونکە شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا بوو و گرمە و تەقوکوتی نەدەهات، گوێم لە هێندێک لە قسەکانیان دەبوو. کابرای بازرگان سەرەتا باسی ئەوەی دەکرد کە دەچێ بۆ مڵکەکەی خۆی و بە قسەکانیدا دیار بوو کە مڵکەکەی دوو - سێ وێستگە لەو شوێنەوە دوورە. پاشان قسە هاتە سەر مەزندەی کاڵا و کەلوپەل و بارودۆخی کڕین و فرۆشتن و چۆنییەتیی بازاڕی مۆسکۆ، دوای ئەویش باس هاتە سەر بازاڕی مکارەی نیژنی. ژمێریار باسی کەیف و ڕابواردنی بازرگانێکی ساماندراری دەکرد کە هەر دووکیان دەیانناسی؛ بەڵام پیرەپیاو نەهێشت ئەو باسەکەی بە کۆتایی بگەیێنێ و دەستی کرد بە باسکردنی ڕابواردنەکانی خۆی لە کوونۆڤینۆ و دیار بوو زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکات کە لەو بەستێنەدا ڕایدەبوێرێ و بە گەشەونەشەیەکەوە دەیگێڕایەوە: جارێک هەر لەگەڵ ئەو کابرایەی کە

باسی کرا له کوونۆڤینۆ[1]، له کاتی سەر خۆشیدا چیی کردووە. شاکارەکانیشی هێندە دەروشاوە بوون کە هێندێ جار بە سرتە بۆ بەردەنگەکەی دەگێڕایەوە و قاقای لاوی ژمێریار لە ڤاگۆنەکەدا دەنگی دەدایەوە. پیرەپیاویش پێدەکەنی و دوو ددانی زەردی وەدیار دەکەوتن.

چونکە چاوەڕوانی بیستنی قسەیەکی سەرنجڕاکێش نەبووم، هەستامە سەرپێ و گوتم هەتا شەمەندەفەرەکە ڕاوەستاوە لە وێستگەکە برێ پیاسە دەکەم. لە بەر دەرگای ڤاگۆنەکەدا لووتم بە لووتی پارێزەر و ژنەکەی هاوڕێیدا تەقی کە بە دەم ڕۆیشتنەوە خەریکی دەمەتەقێ بوون. پارێزەری زمان لووس بە منی گوت دەرفەتی چوون بۆ هیچ شوێنێکت نییە چونکە هەر ئێستا هۆڕنی دووهەمی شەمەندەفەرەکە لێدەدرێ.

ڕاستیشی دەکرد هێشتا دوو هەنگاو دوور نەکەوتبوومەوە هۆڕنی دووهەم لێدرا. کاتێک گەڕامەوە دەمەتەقێ و مشتومڕی نێوان پارێزەر و خاتوونی هاوڕێی هەروا بەردەوام بوو. بازرگانی پیر بەرەوڕووی ئەوان دانیشتبوو و بەقەڵافەتێکی جیددییەوە چاوی لە بەر دەمی خۆی بڕیبوو. هێندێ جار وەک لۆمە و بێزاری ددانی بە یەکدا دەنا.

کاتێک من بە تەنیشتیاندا تێپەڕیم، پارێزەر بە پێکەنینەوە دەیگوت: «... ئەو کاتە ژنە ڕاست و ڕەوان بە مێردەکەی گوت ئیتر حەز ناکات و ناتوانێ لەگەڵ ئەودا بژی، چونکە...»

---

١- KUNOVINO شارێکە لە ناوچەی نیژنی شوێنی کەیف و ڕابواردنی کەسانێکە کە سەردانی بازاڕی مکارەیان دەکرد.

پاشان چووه سەر باسی ڕووداوێک کە من نەمدەتوانی بە باشی بیبیستم. بە دوای مندا چەند مسافیری دیکەش سوار بوون و پاشان بەرپرسی پشکنینی بلیتەکان بە پەنامدا تێپەڕی، دوای ئەویش کۆڵبەرێک بە پەلە هاتە ژووریَ و هەتا ماوەیەک تەقوکوت ڤاگۆنەکەی داگرت و ئیتر نەتدەتوانی گوێت لە قسەی دەوروبەرییەکانت بێ. کاتێک تەقوکوتەکە نیشتەوە دیسان دەنگی پارێزەرەکەم بیست، وتەکانی نێو قەمارەکەی تەنیبۆوە و وەک مشتومڕ و ئاخافتنێکی گشتیی لێ هاتبوو.

پارێزەر باسی ئەوەی دەکرد کە مەسەلەی تەڵاق ئەمڕۆ لە ئەورووپا بیروڕای گشتی بە خۆیەوە خەریک کردووە و بۆتە کێشەیەکی سەرەکی، لە ڕووسیاش ئەو کێشەیە سەری هەڵداوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ. بەڵام چونکە بۆی دەرکەوت لەو بارەوە هەر خۆی خاوەن ڕایە و هیچ کەس بیروڕای خۆی دەرنابڕێ، بێدەنگ بوو و ڕووی لە بازرگانی پیر کرد و بە ڕووخۆشی لێی پرسی:

«ئەو کاتانە بەم شێوەیە نەبوو، وانییە؟»

پیرەپیاو دەیویست وەڵامی بداتەوە بەڵام هەر لەو کاتەدا شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ، کڵاوەکەی لە سەری داگرت، خاچی خۆی کێشا و بە ورتەورت دۆعایەکی خوێند، پارێزەر چاوی لە لایەکی تر کرد و لە ڕووی ئەدەبەوە چاوەڕوان ما. پیرەپیاو دۆعاکەی تەواو کرد، سێ جار خاچی خۆی کێشا و کڵاوەکەی ڕاست لە سەری نایەوە و تۆزێ خۆی ئەمبارەوبار کرد، ئاسوودە دانیشت و گوتی:

«چۆن نەبوو قوربان، ئەو کاتانەش بوو، بەڵام نەک بە قەرای ئەمڕۆ. چۆن چاوەڕوانیت هەیە بارودۆخەکە جیاواز بێ؟ خەڵکی

ئەمڕۆ ئیتر هەموو خوێندەوار و ڕووناکبیرن.» خێرایی شەمەندەفەرەکە جار لەگەڵ جار زیاتر دەبوو و تەقوکوتی تایەکانیشی لە سەر ماچڵەکی هێڵاسنەکە زۆرتر دەبوو و بە باشی لە وتەی یەکتر حاڵی نەدەبوون. بەڵام ئاخافتنەکە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو، هێندێک نزیکتر دانیشتم و گوێم بۆ شل کردن.

ژنەکە بە بزەیەکی زۆر کەمڕەنگەوە لەسەرەخۆ گوتی: «ئەوە چ پێوەندییەکی بە خوێندەوار بوونی خەڵکەوە هەیە؟ بە پێی خووخدەی زۆربەی ژنان کە گرینگی بە وتەی بەرانبەرەکەیان نادەن و تەنیا دەیانهەوێ بیروڕای خۆیان دەربڕن و قسەکەیان لە عەرزی نەدرێ، درێژەی بە وتەکانی دا: «... بە بڕوای ئێوە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بە شێوەی کۆن باشترە کە بووک و زاوا بەر لە زەماوەند چاویان بە یەکتر نەدەکەوت؟ بووک نەیدەزانی زاوای خۆشدەوێ یان لە داهاتوودا دەبێتە خۆشەویستی یان نا؟ هەر کەسێک گەورەکەیان پێی بگوتبایەن زەماوەندیان لەگەڵ دەکرد و هەتا کۆتایی تەمەنیان ئازاریان دەکێشا؟»

ژنە بە ئاشکرا چاوی لە من و پارێزەرەکە دەکرد و کەمتر لە پیاوە پیرەکەی دەڕوانی کە بەردەنگی بوو؛ لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «بە بڕوای ئێوە ئەمە باشترە؟»

پیرەپیاوی بازرگان بێ هەمیەتانە و بە بێزارییەوە چاوی لە ژنە کرد و گوتی: «نا، مەسەلەکە لەوەدایە کە ئێمە زۆر ڕووناکبیر بووین.» بەڵام پرسیارەکەی ئەوی بێ وەڵام هێشتەوە.

لاوی پارێزەر بە بزەیەکەوە پرسیی: «حەز دەکەم بزانم بەڕێزتان پێوەندیی نێوان عاملاندن و فێر کردن و ناسازگاریی ژن و مێرد چۆن لێک دەدەنەوە!»

بازرگان ویستی وەڵام بداتەوە بەڵام ژنە پەڕییە نێو قسەکانی: «نا،نا، ئیتر ئەو سەردەمە بە سەر چوو!» بەڵام لاوی پارێزەر هەڵیدایە و گوتی: «نا، ئیجازە بدەن ئەو بیروباوەری خۆی دەربڕێ!»

پیرەپیاو گوتی: «فێر کردن و بار هێنان تەنیا هۆکاری گەوجێتیی خەڵکە!»

ژنە، بێ سەبرانە دەیویست قسە بکات، ڕووی دەمی لە من و پارێزەر و تەنانەت لاوی ژمێریار بوو کە لە جێی خۆی هەستا بوو و هەنیشکی لە سەر پشتیی کورسییەکە دانا بوو و بە پێکەنینەوە گوێی بۆ وتەکان شل کرد بوو، گوتی: «نەدیو و نەناسیو و بە بێ خۆشەویستی زەماوەندیان دەکرد و پێشیان سەیر بوو کە ژیانیان سارد و سڕ و پڕ لە ناسازگارییە. تەنیا ئاژەڵ بەو شێوە و بە پێی ویستی خاوەنەکەی دەکرێ جووتگیری بکات.» بە لەبزێک کە دیار بوو دەیهەوێ کابرای بازرگان ئازار بدات گوتی: «مرۆڤ هەستی هەیە و دەتوانێ ئاشق بێ و یەکتری خۆش بووێ، مرۆڤ هاو دڵی و خۆشەویستی دەزانێ.»

پیرەپیاو گوتی: «بەهەڵە چووی خاتوونی بەرێز! ئاژەڵەکان شعووریان نییە بەڵام مرۆڤەکان شعووریان هەیە و دەبێ پێڕەوی لە فەرمانەکانی خواوەند بکەن.»

ژنەکە پێی وابوو بیروبڕوایەکی نوێی هەیە، هەروا بێ سەبرانە هەوڵی دەدا قسەکانی خۆی بە زۆران بدات، گوتی: «ئاخر مرۆڤ بە بێ ئەشق و خۆشەویستی چۆن دەتوانێ بژی!»

پیرەپیاو بە لەبزێکی قورس و قایم گوتی: «ئەو کاتانە بەو شێوەیان بیر نەدەکردەوە. ئەم جۆرە فیکرانە ئەمڕۆ سەریان هەڵداوە و بوونەتە باو. ئەمڕۆ ناوێری زمانت بگەڕێ ژنە لە ڕێوە دەتۆرێ و

دەڕوا، بێ ئەوی بیر لە ژیان و هەست و ئاوەز بکاتەوە سکاڵا لە دژت بەرز دەکاتەوە و داوای جیابوونەوە دەکات. ئێستا ئیتر مووژیکەکانیش فێری ئەوە بوون. ئەمە باوی ڕۆژە و خەڵکی پێڕەویی لێدەکەن! ژنەتیوی لادێیی بە مێردەکەی دەڵێ: «هانێ ئەوەش کراس و دەرپێکانت . من لەگەڵ ڤانکا[2] دەڕۆم. ئەو تووکە سەری لوولە و لەهی تۆ جوانترە!» ئیتر چۆن دەتوانێ ڕێزەیەک قسەی حیسابی بکەی بە مێشکی ئەو چارەڕەشەدا؟ من هەمیشە گوتوومە، ژن ترسی نەبێ سواری سەرت دەبێ!»

لاوی ژمێریار چاوی لە پارێزەر و من و پیرێژنەکە کرد و دیار بوو ددانی بە خۆیدا گرتووە بۆ ئەوەی پێنەکەنێ و چاوەڕوانی ئەوە بوو بزانی ئێمە چ دژ کردەوەیەک لە خۆمان نیشان دەدەین کە بە پێی ئەوە بە وتەکانی پیرەپیاو پێبکەنێ یان پەسەندی بکات.

ژنە گوتی: «دەبێ لە کێ بترسی؟»

«لەکێ بترسێ؟ دەی دیارە لە مێردەکەی! خودا فەرموویەتی ئەی ژنان سەر لە پێناوی مێردەکانتان بن، هەر ئەو جۆرەی لە فەرمانی خودا سەرپێچی ناکەن![3]»

ژنە بە تووڕەیییەوە گوتی: «نا، مامە، ئیتر ئەو سەردەمە بە سەر چوو.»

«نا، خانم، نابێ پێت وابێ ئەو سەردەمە بە سەر چووە. حەوا لە پەراسووی ئادەم دروست کراوە و هەتا ڕۆژی قیامەت دەبێ گوێڕایەڵی ئەو بێ.» لەبزی هێندە توند و جیددی بوو و سەری وەها

---

٢- Vanka سووکەڵە ناوی ڤانیایە کە ڤانیاش سووکەڵە ناوی ئیڤانە.

٣- ریسالەی پولس بۆ ئەفسسیان، بەشی پێنجم، ئایەتی بیست و سێهەم.

به هەیبەتەوە دەجوولاند، لاوی ژمێریار لە خەیاڵی خۆیدا ئەوی بە سەر کەوتوو دانا و بە دەنگێکی بەرز دای لە قاقای پێکەنین.

بەلام ژنە دەست هەڵگیر نەبوو. چاوێکی لێکرد و گوتی: «بەڵێ، ئەوە بەڵگە هێنانەوەی ئێوە پیاوانە. هەموو ئازادییەکتان بە خۆتان داوە، بەلام دەتانەوێ ژن لە نێو کەندووی[٤] ماڵێدا زیندانی بکەن و لەولاشەوە ڕێگە بە خۆتان دەدەن هەر کارێکی پێتان خۆشە بیکەن.»

پیرەپیاو هەر بەو لەبزەوە کە دەیویست شوێن دانەر بێ، گوتی: «ڕێگە پێدان لە ئارادا نییە.» هەر وەها کەلامێکی ئینجیلی بە بەڵگە هێنایەوە و درێژەی بە قسەکانی دا: «چونکە پیاو شتێک ناهێنێ بۆ ماڵەکەی، بەلام ژن، منداڵ دێنێ و وەک دەفرێک وایە کە لە شکان نزیکە.»

لەبزی بازرگان هێندە تیژ بوو ڕواڵەتەن شوێنی لە سەر بیسەرانی دانا و ژنە خۆی بە قرت کراو و بەزیو زانی. لەگەڵ ئەوەشدا دەست هەڵگیر نەبوو و گوتی:

«بەڵێ، بەلام پێم وایە ئێوەش ئەوەتان قەبووڵە کە ژن ئینسانە و وەک پیاو خاوەنی دڵ و هەستە. ئەگەر مێردەکەی خۆش نەوێ چبکا؟»

کابرای بازرگان نێو چاوانی گرژ کرد و لەگەڵ ئەوەی لێوی دەلەرزی زۆر بە تووڕەیی دووپاتی کردەوە: «خۆشی نەوێ؟ دڵنیابە وردە وردە فێر دەبێ خۆشی بووێ.»

---

٤- لە دەقی سەرەکیدا بەجێی کەندوو terem هاتووە کە ژوورێکی چکۆڵە بووە لە ماڵێدا و ژنانی ڕووس زیاتر لەو شوێنە دادەنیشتن و لە ئازادی بێبەش بوون. جۆرێک بەندیخانەی ماڵێ بوو.

ئەم بەڵگە هێنانەوەیەی بازرگانی پیر زۆر بە دڵی لاوی ژمێریار بوو و پڕ بە گەرووی هوڕڕەی بۆ کێشا.

ژنە گوتی: «نا، خۆشی ناوێ. ئەگەر نەتوانێ خۆشی بووێ خۆ ناکرێ بە زۆری ناچاری بکەی.»

پاریزەر پرسیی: «ئەی ئەگەر خیانەتی بە مێردەکەی کرد چیی لەگەڵ دەکرێ؟»

پیرەپیاو گوتی: «ئەو قسانە هەر باسی مەکە، مێرد دەبێ وریابێ و نەهێڵێ ئەوە ڕووبدات.»

«باشە، بەڵام ئەگەر خیانەتی کرد چی؟ خۆ دیتوومانە زۆر جار شتی وا ڕووی داوە!»

پیرەپیاو لە وەڵامدا گوتی: «بۆ هێندێ کەس ڕەنگە ڕووبدات، بەڵام بۆ ئێمە نا.»

هەمووان بێدەنگ بوون. ژمێریار خۆی ئەمبارەوبار کرد و دیار بوو دەیهەوێ ئەویش بوونی خۆی سبەلمێنێ، بە پێکەنییەوە گوتی: «بەڵێ، بۆ وێنە یەکێک لە خزمەکانی ئێمە ژیانی هاوبەشییەکەی ئابڕوو چوونی لێکەوتەوە. پیاو نازانێ چبکات و بڵێ چی. ئەو کوڕە گەنجە کەوتە داوی یەکێک لەو ژنانە. ئەو کوڕە گەنجێکی لە سەرە خۆ و خوێندەوار بوو. بەڵام ژنەتیوە کورتانەکەی خوار بوو. سەرەتا لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەیەک کەینوبەینی هەبوو. مێردەکەی سەرەتا زۆری ئامۆژگاری کرد، بەڵام ژنە گرێی گرتبوو، بە هیچ شێوەیەک دانەدەمرکایەوە و داوێنتەڕییەکەی لە حەدی تێپەڕاندبوو. پاشان دەستی کرد بە دزی کردن لە مێردەکەی و پارەی لە گیرفانی دەدزی. مێردەکەی چەند جار هەڕەشەی لێکرد و لێیدا، بەڵام کەڵکی نەبوو. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبوو. دوو لە ڕووی ئێوە تەنانەت لەگەڵ

کافرەکان، لەگەڵ جوولەکەیەک دەڕۆیشت و ئەوی خودا پێی خۆش نەبوو دەیکرد. مێردە بێچارەکەی چبکات؟ بەری لێ بەرەڵڵا کرد و لە ماڵەکەی وەدەری نا. ئێستا بە تەنیا دەژی و ژنەتیوەش بەرەڵڵا و هەرەڵڵا دەسووڕێتەوە.»

پیرەپیاو گوتی: «چونکە ئەو کوڕەی خزمتان کەر و بێ شعوور بووە! ئەگەر سەرەتا لای بۆ شل نەکردایە و هەوسارەکەی توند بکردایە، ژنەکەی لاڕێ نەدەبوو و ئێستا خزمەتی دەکرد. هەتا سەرە چەرمەکە ئاو نەیبردووە دەبێ ئاگات لێی بێ. لە قەدیمەوە گوتوویانە ئەسپ و چەک و ژن جێی بەقانین!»

لەو کاتەدا فەرمانبەری پشکنیی شەمەندەفەر هات بلیتی ئەو مسافیرانە وەرگرێ کە لە وێستگەی دوایی دادەبەزین. پیرەپیاو بلیتەکەی خۆی پێدا.

«بەڵێ، ژن دەبێ لە سەرەتاوە قەمتەری بکەی و توند هەوسارەکەی بە دەستەوە بگری.

من نەمتوانی لەوە زیاتر ددان بە خۆمدا بگرم و گوتم: «بەڵام جەنابت کە پیاوێکی خاوەن ژن وماڵی، ئێستا خۆت دەتگوت لە بازاڕی مکارەی گونۆڤینۆڤ چیت کردووە و چۆنت ڕابواردووە!»

کابرای بازرگان گوتی: «ئەوە ڕێگای خۆی هەیە و هیچ پێوەندییەکی بەم باسەوە نییە.» سەری داخست و ئیتر بێدەنگ بوو.

دەنگی هۆڕنی شەمەندەفەر بەرز بۆوە و کابرای بازرگان هەستا، کیسەکەی لە ژێر کورسیی قەمارەکە دەرکێشا و قۆپچەی پاڵتۆکەی داخست، کڵاوەکەی لە سەری داگرت و ڕۆیشت بۆ پشت ڤاگۆنەکە.

## دوو

لەگەڵ ڕۆیشتنی پیرەپیاوی بازرگان باس و دەمەتەقێیەکی چەند کەسی دەستی پێکرد.

ژمێریار گوتی: «ئەم کابرایە دەتگوت باوکانی تەوڕاتییە.»

ژنەکە گوتی: «دەتگوت یەک داماسترۆی[٥] زیندووە! چ دڵڕەقانە و دەغەزدارانە باسی ژن و مێردایەتیی دەکردا!»

پاریزەر گوتی: «بەڵێ، ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو بۆچوونەی کە ئەورووپاییەکان سەبارەت بە زەماوەند و ژیانی ژن و مێردایەتی هەیانە.»

ژنە گوتی: «گرینگ ئەو شتەیە وا ئەم جۆرە مرۆڤانە تێی ناگەن و ئەویش ئەوەیە کە زەماوەند کردن بە بێ خۆشەویستی زەماوەند نییە، سەر لە قوڕ نانە. تەنیا ئەشقە کە ڕەنگ و بۆنی ئاسمانی بە ژیانی ژن و مێردایەتی دەبەخشێ و ژن و مێردایەتیی ڕاستەقینە تەنیا ئەو زەماوەندەیە کە بە پڕشنگی ئەوین ڕووناک بووبێتەوە.»

ژمێریار زۆر بە وردی گوێی شل کردبوو، بزەیەک نیشتبووە سەر لێوی و هەوڵی دەدا سەرلەبەری ئەو باس و خواسە بەکەڵکە لە بەر بکات و لە کاتی پێویستدا بە کاری بێنێ.

لە کاتی قسەی ژنەکەدا، دەنگی گریان یا پێکەنینێکی پچڕپچڕ لە پشت سەری منەوە بەرز بۆوە. ئاوڕمان بۆ لای دەنگەکە دایەوە، پیاوە پیرە

---

٥- داماتسرۆ: کتێبێکە تایبەت بە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزدەهەم کە ژیانی ناوخۆیی و داب و نەریتی باوی ئەو سەردەمەی بە وردی شرۆڤە کردووە.

تەنیا و سەر و ڕیش سپی و بە ڕواڵەت خانەدانەکەی تەنیشتم بریقەی چاوی دەهات، بۆم دەرکەوت ئەویش حەز دەکات بێتە نێو باسەکەوە و بەبێ ئەوەی سەرنجی کەسێک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ هاتووە بۆ ئەمبەر و لە پشت منەوە دانیشتووە. دەستی لە سەر کەمەی کورسیەکە دانا بوو و بە ڕواڵەت وێدەچوو زۆر شڵەژابێ و بیهەوێ ئەویش بیروڕای خۆی دەربڕێ. دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو و لێو و ڕوومەتی دەلەرزی.

بە زمانێکی پڕ شۆر و هەوسار پساندوو گوتی: «ئەوە ئێوە دەڵێن چی! ئەشق... ئەشق؟... ئەشقێک کە ژیانی هاوبەش بە پڕشنگی خۆی ڕووناک دەکاتەوە! جا ئەوە قسەیە!»

ژنە بە دیتنی شڵەژانی لە ڕادەبەدەری ئەم بەردەنگە نوێیە هەوڵی دا بە زمانێکی نەرمتر و بە وردی وەڵامی بداتەوە. گوتی: «من مەبەستم ئەشقی ڕاستەقینەیە... ئەگەر ئەم جۆرە ئەشقە لە نێوان ژن و مێرددا هەبێ، ژیانێکی بەختەوەرانەیان دەبێ.»

پیرەپیاو چاوانی گڕی لێ دەبۆوە، شەرمنانە و بە چزەبزەیەکەوە گوتی: «بەڵێ، بەڵام حەز دەکەم بزانم مەبەستتان لە ئەشقی ڕاستەقینە چییە؟»

ژنە کە وێدەچوو بیهەوێ باسەکە لەگەڵ ئەو بە کورتی ببڕێتەوە گوتی: «ئەشق هەمووان دەزانین چییە.»

پیرەپیاو گوتی: «ڕەنگە هەمووان بزانن، بەڵام من نازانم. تکایە مەبەستت لە ئەشقی ڕاستەقینە چییە، ڕوونی بکەوە بۆم...»

ژنە گوتی: «چۆن؟ ئەوە زۆر سادەیە...» بەڵام تۆزێ بیری کردەوە و دوای گتگرتنێک درێژەی پێدا: «ئەشق؟ ئەشق یانی خۆشویستن و لە داو خستنی کەسێک بە شێوەیەک کە ئەو ژنە یان ئەو پیاوە لە بەر چاوت لە هەموو ژنان و پیاوانی تر سەرتر و جیاوازتر بێ.»

کابرای ڕیش سپی گوتی: «ئەو بە سەرتر زانین و جیاوازی دانانە هەتا چ ماوەیەک دەبێ؟ مانگێک، دوو ڕۆژ، یان نیو سەعات...» دای لە قاقای پێکەنین.

«نا، بە یارمەتیت، ئێستا وەڵامت دەدەمەوە. ئێوە باسی ئەو ئەشقە ناکەن کە مەبەستی منە.»

«چۆن باسی ئەو ئەشقە ناکەم؟ قەزائەن مەبەستی منیش ڕاست ئەو ئەشقەیە کەوا ئێوە باسی دەکەن.»

کابرای پارێزەر هاتە نێو باسەکەوە و لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بە ژنە کرد گوتی: «مەبەستی خانم ئەوەیە کە ژن و مێردایەتی دەبێ لە ڕێگای خۆشەویستییەوە بێ، یان بەوتەیەکی تر دەبێ سەرچاوەکەی ئەوین و خۆشەویستی بێ؛ ئەگەر ئەو چەشنە ئەشقەش لە ژیاندا هەبێ، ئەوا پێوەندەکە بە باشی ئەنجام دەدرێ و ئەویش پێوەندەییەکی پاک و پیرۆز و قایم دەبێ. هەر وەها هەر ژن و مێردایەتییەک لە سەر بنەمای خۆشەویستی و ئەوینی سروشتی، یان بە واتایەکی تر ئەشق، دانەمەزرێ، هیچ چەشنە قەیدوبەندێکی لە باری ئاکار و ڕەوشتەوە نابێ.» ڕووی لە خانم کرد و لێی پرسی: «لە مەبەستەکەتان تێگەیشتووم یان نا؟»

خانم بە لە قاندنی سەری ڕوونکردنەوەکەی ئەوی پەسند کرد.

پارێزەر درێژەی بە وتەکانی دا و گوتی: «پاشان ...» بەڵام کابرای ڕیش سپی کە بە هۆی ڕق هەستانەوە چاوی ئاوری لێدەبۆوە و دیار بوو بە زۆر ددانی بە خۆیدا گرتووە، پەڕییە نێو قسەکانی کابرای پارێزەرەوە و گوتی: «نا، برای بەڕێز. مەبەستی من بە سەرتر زانینی پیاو یان ژن لە هەموو ژنان و پیاوانی دیکەیە. من تەنیا دەپرسم ئەم بە سەرتر زانینە هەتا چ ماوەیەک دەخایێنێ؟»

خانم شانی هەڵتەکاند و گوتی: «بۆ چ ماوەیەک؟ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بۆ تەواوی تەمەن!»

کابرای ڕیش سپی کە دەیزانی بەو بیروڕا دەربڕینەی خۆی هەمووان تووشی سەر سووڕمان دەکات و ئەوەشی زۆر بە دڵ بوو، گوتی: «دەی دیارە ئەو جۆرە ئەشقە تەنیا لە ڕۆمانەکاندا هەیە و دەیخوێنینەوە، خۆ لە ژیانی ڕاستەقینەدا نییە. لە ژیانی ڕاستەقینەدا ئەو بە سەرتر زانین و جیاوازی دانانە، زۆر زۆر بخایینێ ڕەنگە لە ساڵێک تێنەپەڕێ و زۆربەیان ڕەنگە چەند مانگ یان چەند حەوتوو یان تەنانەت چەند سەعات دەوام بێنن.»

ئێمە هەر سێکمان یەک دەنگ گوتمان: «نا، چۆن؟ تۆ دەڵێی چی! بە یارمەتیت!»

تەنانەت کابرای ژمێریاریش دەنگێک لە گەرووی هاتە دەرێ و لۆمەی پێوە دیار بوو.

کابرای ڕیش سپی بە توندی دەنگی هەڵبڕی بۆ ئەوەی پێمان بسەلمێنێ، گوتی: «بەڵێ قوربان، دەزانم، ئێوە باسی شتێک دەکەن کە دەبێ بوونی هەبێ و بەکەڵکیش بێ؛ بەڵام من باسی شتێک دەکەم کە هەیە. هەستێک کە ئێوە ناوتان ناوە ئەوین و خۆشەویستی، ئەو هەستەش هەموو پیاوێک بۆ ژنی جوان و دڵڕفێن لە دڵیدا هەیە.»

«پەککوو، ئەو قسەیەی ئێوە چەند ناشیرینە! ئاخر لە نێو خەڵکدا هەستێک هەیە کە ناوی ئەشقە و نەک چەند مانگ و چەند ساڵ بەڵکوو تەواوی ماوەی تەمەن دەوام دێنێ. وانییە؟»

«نا، شتی وا هەر نییە! ئێستا ئەگەر قەبووڵمان بێ پیاوێک هەیە و تەواوی ماوەی تەمەنی ژنێکی خۆش دەوێ و لە هەموو ژنانی دنیای بە سەرتر و هێژاتر دەزانێ، ئەو ژنە دڵنیام دڵی بۆ پیاوێکی تر دەکورکێنێ

و له مێردەکەی خۆی بە باشتر و هێژاتر دەزانێ. هەمیشەش لە دنیادا هەر وابووە.» ئەوەی گوت و جگەرەیەکی داگیرساند.

پارێزەر گوتی: «ئەو ئەشقە ڕەنگە دوو لایەنەش بێ!»

کابرای ڕیش سپی وەدەنگ هات: «نا، قوربان! ئەوە مەحاڵە. بوونی ئەو شتە ئەوەندە کەمە وەک ئەوە وایە لە باری عارەبانەیەک نۆکدا دوو دەنک دیاری بکەین و چاوەڕوان بین بکەونە پاڵ یەک. جگە لەوەش، خۆ کێشەکە تەنیا تۆزێ گریمانە نییە. بێزاری و لە یەک وەڕەز بوونیش هەیە.» تامەزرۆیانە مژێکی لە جگەرەکەی دا و گوتیشی: «ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی وەک ئەوە وایە مۆمێکی چکۆڵە داگیرسێنین و بمانهەوێ لە ماوەی تەمەنی ئێمەدا بگڕێ و تەواو نەبێ.»

خانم گوتی: «بەڵام جەنابت بەردەوام باسی ئەشقی جەستەیی دەکەی و وادیارە ئەشقێکت ناوێ لە سەر بنەمای ئامانج و یەکبوون و پێوەندیی ڕۆح دامەزرا بێ.»

کابرای ڕیش سپی دەنگێکی سەیری لە گەرووی دایە دەرێ و لەگەڵ ئەوەی وتەی خانمی دووپات دەکردەوە گوتی: «پێوەندیی ڕۆح! ئامانج و یەکبوون! بۆ چی؟ ئەوانە هەمووی بە جێی خۆی، بەڵام بمبوورن، بێ ئەدەبییە ئەوە دەڵێم، بۆ ئەو پێوەندی و یەکبوونە پێویست ناکات دوو کەس پێکەوە سەرجێی بکەن؟» بە تەوسەبزەیەکەوە پرسیی: «یانی ئێوە پێتان وایە بۆ پێوەندیی ڕۆح و یەکبوون ژن و پیاو پێکەوە دەخەون و سەرجێیی دەکەن؟»

پارێزەر گوتی: «بەڵام ڕاستی بە پێچەوانەی وتەکانی جەنابتە. من پێم وایە پێوەندیی ژن و مێردایەتی ڕاستییەکە و هەموو مرۆڤەکان، یان زۆربەیان، لەو پێوەندەدا پێکەوە گرێ دەدرێن و زۆربەی ئەوان

سـالانێکی دووردودرێـژ بەو پەڕی خۆشـەویسـتی و وەفـادارییەوە پـێکەوە دەژین.»

کابرای ڕیش سپی دیسان دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی: «ئێوە لە پێشـدا گوتتـان ژیـانی هـاوبەش لەسـەر بنەمـای ئەشـق پـایەدار دەبـێ؛ لە کاتێکدا مـن گومـانم لە ئەشـق هەیە و پێوەنـدیی ژن و مێـرد تەنیـا وەک مـامەڵەیەکی هەوەسـاوی چـاو لێـدەکەم، تکـایە بـوونی ئەشـقم بە پێـی دابونەریتـی زەماوەنـد پـێ بسـەلمێنن! چـونکە زەماوەنـد لەم سـەردەمەدا تەنیا فێڵ و خۆ فریودان، یان یەکتر فریودانە و بەس!»

پارێزەر گوتی: «ئەوە چ قسەیەکە! مـن دەڵـێم ڕیوڕەسـمی زەماوەنـد و پێک هێنانی ژیانی هاوبەش لە ڕابردوودا بووە و ئەمڕۆش بە شـێوەیەکی فەرمی بەردەوامە.»

«بەڵێ، هەیە. بەڵام بۆ هەیە؟ لە بیرتـان بـێ وەڵامـی بۆیەکەم بدەنەوە! پێوەنـدی ژن و مێردایەتـی تەنیـا لە نێـوان کەسـانێکدا بـووە و هەیە کە شـــتێکی پـــڕ لە ڕاز و نهێنیـــی تێـــدا دەدۆزنەوە، ئەویـــش پەیمـــانێکە لە سەردەسـتی خـودا بە یەکیـان داوە ولە سـەری سـوورن. ئەم چەشـنە پێوەندە بۆ کەسانێکی ئەوتۆ بوونی هەیە بەڵام لە نێو ئێمەدا نییە. لێرە خەڵکی تەنیا وەک ڕێگایەک بۆ پێوەندیی جنسی چاو لە زەماوەند دەکەن، ئاکامەکەشـی تەنیـا زۆرەملـی و فێـڵ و تەڵەکەیە و دیـارە لە مەسـەلەی یەکەمدا تامڵ کردنی ئەو ژیانە ئاسانترە. ژن و مێرد خەڵکی فریو دەدەن و وادەنـوێنن کە ژیـانی هاوبەشـیان پێـک هێنـاوە، بەڵام لە ڕاسـتیدا هەر کامیـان چەنـد ژن و چەنـد مێردیـان هەیە. ئەویـش زۆر ئاکـارێکی دزێـوە. گریمـان نـاحەزییەکەی زۆر بە لامـانەوە گرینـگ نەبـێ. بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵگـادا زۆرە و جێگـای داخە ئەوەیە کە ژن و مێـرد بە ڕواڵەت و لە بەر چاوی خەڵک وادەنوێنن کە لە ژیاندا هاودڵ و هاوپەیمان دەبن، بەڵام

هەر لە مانگی دووهەمی پێک هێنانی ژیانی هاوبەشییانەوە لە یەکتر بێزار دەبن و ژەنگی ڕق و نەفرەت لە یەکتر دڵیان دادەگرێ و حەز دەکەن لە یەک جیا ببنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بەژیانی پێکەوە بوون دەدەن و ژیـان لە یەکتـری دەکەنە دۆزەخ، وەهـاش هیـوابڕاو دەبـن و ژاراوی بێـزاری دەچێـژن، بـۆ ڕزگـار بـوون دەسـت بـۆ خـۆ کـوژی دەبـن یـان بەرانبەرەکەیـان دەرمانـداو دەکەن، یـان بە هەر شـێوەیەک بـێ سـەری بەگۆمدا دەکەن!» ئەو قسـانەی بە ڕاوێژێکی توند و پڕ لە ڕق و بێزاری دەردەبـڕی و ڕێـگەی بە هـیچ کەس نەدەدا زمـانی بـگەڕێ. هەموومـان بێدەنگ بووین. دۆخێکی ناخۆش نێو ڤاگۆنەکەی داگرتبوو.

پارێزەر دەیویسـت ئەو چەلەحانێ و مشـتومڕە نـاخۆش و جاڕزکەرە ببـڕێتەوە کە خەریـک بـوو بە جێگـای باریـک دەگەیشـت؛ گـوتی: «بەڵـێ، شکی تێدا نییە هێندێ جار ئەو کێشە و لە یەک تێنەگەیشتنانەش لە ژیاندا دێتە پێشێ.»

کـابرای ڕیش سـپی ڕووی تێکـردم و بە لەبزێکـی نەرم و لەسـەرەخۆ گوتی: «وادیارە ئێوە من دەناسن، وانییە؟»

«نا، ئەو شانازییەم نەبووە.»

«شـانازییەکی گەورە نییە. مـن پۆزدنیشـێڤ[6] ـ م، هەر ئەو کەسـەی کە «ئەو کێشـەیەی» بۆ هـاتۆتە پێشـێ. بەڵـێ ئەو کەسـەی کە ژنەکەی خۆی کوشت.»

پیرەپیـاو ئەو قسـەیەی کـرد و لەگەڵ ئاخـافتنەکەی بە پەلە چـاوی بە هەموومـاندا گێڕا.

---

6- Pozdnichev

هیچ کەس قسەیەکی بۆ گوتن نەدۆزییەوە و بێدەنگی باڵی بە سەر ڤاگۆنەکەدا کێشا.

ئەو جارێکی تر ئەو دەنگە تایبەتەی لە گەرووی دایە دەرێ و گوتی: «باشە، گرینگ نییە. ببوورن...ئیتر سەرتان نەهێشێنم.»

پارێزەر گوتی: «نا، ئەوە چ قسەیەکە؟ ڕێزتان هەیە!» بەڵام خۆشی نەیدەزانی دەیهەوێ چ بڵێ.»

پۆزدنیشیڤ گوێی بە وتەکانی ئەو نەدا و بەپەلە گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی. پارێزەر و خانم بە سرتە قسەیان دەکرد. من لە پاڵ پۆزدنیشیڤ دانیشتبووم و هیچم نەدەگوت. چونکە شتێکم پێ شک نەدەهات شیاوی باس کردن بێ. ڕووناکایی نێو ڤاگۆنەکەش بۆ ئەوە نەدەبوو کتێب بخوێنمەوە، بۆیە چاوم قووچاند و وام نواند خەوم لێکەوتووە.

بەو شێوەیە هەتا وێستگەیەکی تر ڕۆیشتین.

لەو وێستگەیە پارێزەر و خانم، کە پێشتر بڕیاریان دابوو و لەگەڵ فەرمانبەری کۆنترۆڵی شەمەندەفەر قسەیان کردبوو، ڕۆیشتن بۆ ڤاگۆنێکی تر. کابرای ژمێریار لە سەر کورسییەکەی پاڵ کەوتبوو و لە حەوساڵان ڕاست بووبۆوە. پۆزدنیشیڤ لە پەستا جگەرەی دەکێشا و چاییەکەی کە لە وێستگەی پێشوو دەمی کردبوو دەیخواردەوە.

کاتێک چاوم هەڵێنا و کابرا پیرەم دی جگەرەی بە لێوییەوە ناوە و تامەزرۆ یانە مژی لێدەدا، ڕووی تێکردم و بە لەبزێکی لێبڕاوانە و بە پەشۆکاوییەوە گوتی: «ڕەنگە ئێستا کە زانیوتە من کێم، حەز نەکەی لە لای من دانیشی. ئەگەر دەزانی بوونی من وەڕەزت دەکات، لێرە دەڕۆم.»

«نا، تکایە قسەی وا مەفەرمووو!»

«کەوایە ئەگەر خەزت لێیە چایەک مەیل کە. بەڵام چاییەکە زۆر ڕەشە.» چایەکی بۆ تێکردم.

پیرەپیاو چاوی لە چاوم بڕی و گوتی: «ئەوانە قسە دەکەن و خۆشیان نازانن دەڵێن چی!»

«مەبەستت چییە؟»

«هەر ئەو قسانەی بیستت ئیتر، سەبارەت بە ئەشقەکەیان و ئەوەی کە ئەشق چییە. وا دیارە ئیتر خەوت نایە؟»

«نا، خەوم نایە.»

«کەوایە حەزت لێیە بۆت باس بکەم کە ئەو ئەشقە چۆن منی بەو جێیە گەیاند کە باسم کرد؟»

«بەڵێ، ئەگەر خۆت تاقەتی گێڕانەوەت هەیە من زۆریش حەز دەکەم!»

«نا، من بێدەنگ بوونم زۆر پێ ناخۆشە. چایەکەت بخۆوە. زۆر ڕەش نییە؟»

ئەو چایەی بۆی تێکردم بەڕاستی ڕەش بوو، دەتگوت دۆشاوە. بەڵام پەرداخێکم خواردەوە.

لەو کاتەدا فەرمانبەری کۆنترۆڵ هات. پیرەپیاو چاوی لە سەر هەڵنەگرت هەتا چووە دەرێ و پاشان دەستی کرد بە گێڕانەوەی بە سەر هاتی ئەشقەکەی.

# سێ

«زۆر باشە، کەوایە ئێستا بۆتان باس دەکەم... هەر بەڕاستی حەز دەکەی بە سەر هاتەکەم ببیستی؟»

من دووپاتم کردەوە کە زۆریش حەز دەکەم. گتێکی گرت و دەستی بە دەموچاویدا هێنا و دەستی پێکرد:

«ئەگەر بێگرمەوە، دەبێ لە سەرەتاوە مووبەموو باسی بکەم. دەبێ بڵێم چۆن و بۆچی زەماوەندم کرد و بەر لە زەماوەند کردن کێ بووم و چی بووم.

بەر لە زەماوەند کردن من وەک هەمووان دەژیام. یانی وەک هەموو دەوروبەرییەکانم. من خاوەن مڵک و بڕوانامەی زانکۆم. گەورە و خانەدانیش بووم. بەر لە زەماوەند ژیانم وەک هەمووان وابوو، یانی پڕ لە تۆڵازی و ڕابواردن، وێنەی هەموو دەوروبەرییەکانم کە ژیانیان بە داوێنتەڕی و عەیش و نۆش ڕادەبوێرن، لێم ڕوون بوو بەو جۆرە دەژیم کە شایانی خۆمە. خۆم بە گەنجێکی جوانچاک و خوێنشیرین دەزانی. ژنانم لە خشتە نەدەبرد و ویستی ناسروشتیم نەبوو و بە پێچەوانەی زۆربەی هاوتەمەنەکانم حەز و ئارەزووی ژیانم چێژی جینسی و هەوسبازی نەبوو. زێدەڕەویم لە عەیش و نۆش و داوێنتەڕی نەدەکرد و بە ڕادەی پێویست و تەنیا بۆ پاراستنی لە شساغیم جاروبار ئەو کارەم دەکرد. خۆم لەو ژنانە دەبوارد کە بە زگپڕ بوون یان بە هۆی خۆشەویستییەوە لێم دەبوونە قیلی کەوای سپی. حاشای لێ ناکەم کە بە هۆی پێوەندیی جنسییەوە چەند منداڵێک هاتنە ئاراوە و چەند

ژنێکیش گیرۆدەی ئەشقم بوون، بەڵام من نەگرینگیم بەو شتانە نەدەدا و ئەو ڕەفتارەم نەک بە بێ ڕەوشتی نەدەزانی بەڵکوو شانازیشم پێوە دەکرد.»

تۆزی مات بوو و دەنگە تایبەتەکەی لە گەرووی دایە دەرێ، دیار بوو ئەو دەنگە، تایبەتی کاتێکە کە بیرێکی نوێ بەزەینی دەگات.

بە گوڕوتنێکی زۆرەوە درێژەی بە قسەکانی دا: «لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە. دزێویی ڕابواردن و داوێن پیسی لە پێوەندیی جەستەییدا نییە. هیچ کارێکی نەشیاوی جەستەیی نا بێ بە خراپەکاری بزانین. خراپکاری و داوێن پیسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کەسێک خۆی لە هەموو قەیدوبەندە ڕەوشتییەکان سەبارەت بە ژنێک بدزێتەوە کە پێوەندیی جەستەیی لەگەڵیدا بووە. بەڵام من ئەو خۆدزنیەوەیەم بە کارێکی شیاو و بایخدار دەزانی. لە بیرمە جارێک زۆرم ئازار کێشا کە نەمتوانیبوو پارە بدەم بە ژنێک کە عاشقانە دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردم، هەر بۆیە دڵم ئاسوودە نەبوو هەتا پارەکەم بۆ نارد و پیشانم دا کە لە ڕووی ئەخلاقەوە هیچ هەقێکی بە لامەوە نییە و گەردنی ئازاد کردووم.» لە ناکاو دەنگی هەڵبڕی: «ئاوا بۆ سەلماندنی قسەکانی من سەرت مەلەقێنە. ناتوانی من فریو بدەی. ئێوە هەمووتان، ئێوە... ئێوە... مەگین لە کاتێکدا کە مەسەلەیەکی جیاواز بێتە گۆڕێ. لە باشترین بارودۆخدا هەروا بیری لێدەکەنەوە کە من لەو کاتەدا بیرم دەکردەوە. دەی، با واز لەو شتانە بێنین! داوای لێبوردن دەکەم! قسە لە سەر ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە چەند تاڵ و ناحەزە، چەندەش ڕەشە!»

«چی ڕەشە؟»

«ئەو گێـژاوی بەڵایە، کە هەسـتی ئـێمە بـۆ ژنـان و پێوەنـدیمان لەگەڵیانا وامان لێدەکات بە ناخیدا ڕۆچین. بەڵێ گەورەم! من ناتوانم سەبارەت بەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی ئارام و ئاسایی بدویم و هۆی ئەو شڵەژانەشم ئەو ڕووداوە نییە کە بە وتەی ئەو پیاوە قەیرانێکە و تێیکەوتـــووم. نایشـــارمەوە، هۆیەکەشـــی ئەوەیە لەو کـــاتەوە ئەو ڕووداوەم بـۆ هـاتۆتە پێشـێ، چـاوم کـراوەتەوە و هەمـوو شـتێک بە ڕوون و ئاشـکرایی دەبیـنم. هەمـوو شـتێک لە بەر چـاوم گـۆڕاوە و ڕوونتر دەیبینم، هەموو شتێک!...»

جگەرەیەکی داگیرساند و هەر دوو هەنیشکی لە سەر ئەژنۆی دانا و دەستی کرد بە گێڕانەوە.

هەوا تاریک بووبوو و من ڕوخساریم نەدەدی. لە نێو قەرەباڵغ و ژاوەژاوی ڤاگۆنەکەدا دەنگە تیژ و سەرنجڕاکێشەکەیم دەبیست.

## چوار

«بەڵـێ هـاوڕێ، تەنیـا بەو ئـازارە کە کێشـام بـۆم ڕوون بـۆوە ڕیشەی دەردەکە لە کوێدایە. تێگەیشتم دەبێ بارودۆخەکە چۆن بێ و هەر لەو کاتەدا گێژاوی ڕەشی ڕاستییەکەم بۆ دەرکەوت.

حەز دەکەی بزانی چی بووە هۆی ڕوودانی ئەو قەیرانە و کەنگێ و لە کوێ دەستی پێکرد؟ لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە هێشـتا تەمەنـم نەگەیشـــتبووە شـــازدە ســـاڵ و قوتـــابیی دواناوەنـــدی بـــووم، براگەورەکەشـم خوێنـدکاری سـاڵی یەکەمـی زانکـۆ بـوو. مـن هێشـتا نەکەوتبـــوومە ســـەر هەوای ژن و مێبـــازی، بەڵام وەک هەمـــوو مێرمنـدالانی تـر کەوتبوومە گێژاوەکەوە و ئیتـر پاک نەبـووم. سـاڵێک زیاتر بوو کە هاوڕێکانم تێوەیان دابووم. ئیتـر وا ڕمـوودە بوو بووم، ژن، نەک ژنێکـی تـایبەت، بەڵکـوو هەمـوو ژنـێکم بە چـاوی هەوەس دەدی و حەزم دەکـرد بە ڕووتـی بیـانبینم. بە دیتنیـان هەمـوو گیـانم تامەزرۆیانە دەیخواستن و ئازارم دەکێشا. کاتە تەنیاییەکانم ئیتر پاک نەبـوون. مـن وەک نەوەد و نـۆ لە سـەدی مێرمنـداڵانی دیـکە ئـازارم دەکێشا... دەترسام، دۆعام دەخوێند و لە خراپەکاری دا نوقم دەبووم. لە دنیـای خەیـاڵ و لە جیهـانی ڕاسـتەقینەدا ڕمـوودە بووبـووم. بەڵام هێشـتا دوایین هەنگاوم لەو ڕێگایەدا هەڵنەهێنـابۆوە. خـۆم ڕمـوودە و زایە دەکـرد بەڵام کەسـێکی دیـکەم تێـوە نەدەدا. لەو سـەروبەندەدا یەکێـک لە هاوڕێیـانی بـراکەم پەیـدابوو. خوێنـدکاری زانکـۆ بـوو، گەنجێکـی شـاد و بەنەشـە بـوو؛ لەو کەسـانە بـوو کە پێیـان دەڵـێن

کوڕەخاسـەه! یـانی لە ڕاسـتیدا زۆر هەرزە و سـووکوچرووک بـوو. بادەنۆشی و قومار هەر ئەو فێری کردین و ڕۆژێک دوای بادەنۆشی و سـەرخۆش بـوون فریـوی دایـن وای لێکـردین بچیـنە خـانەی لەش فرۆشـان. وەهـا خـاوی بەسـتین نەمـانتوانی لە قسـەی دەرچـین و لەو شوێنە خۆمان دیتەوە. براکەشـم کە وەک مـن پاک مـابۆوە ئەو شـەوە هەڵخلیسـکا و کەوتە چـاڵی ڕەشـی تـاوانەوە. ئابڕوومـان دڵۆپەک بـوو تکا. منیش منداڵێکی پازدە ساڵان، بێ ڕێزیم بە حەیا و ئـابڕووی خۆم کـرد و بـوومە شـەریکی بـێ ئـابڕوو بـوونی ژنێـک، بـێ ئەوەی بـزانم تووشـی چ زەلکاوێـک بـووم و چـی دەکەم. هیچکـات گەورەکـان پێیـان نەگوتبووم ئەو کارەی کردوومە کارێکی خـراپ و نەشـیاوە. ئەمـڕۆش هیچ مێرمنداڵێک ئەو قسەیە لە گەورەیەکی خـۆی نابیسـتێ؛ هەڵبەت لە ئـایین و شـەرعدا هـاتووە و دەڵـێ زینـاح مەکە. بەڵام شـەرع تەنیـا بە کـاری ئەوە دێ لە تاقیکـاریی وانەی دینیـدا وەڵامـی پرسـیارەکانی مامۆستا بدەیەوە، هەڵبەت ئەویش زۆر پێویسـت نییە گرنگـایەتییەکەی زۆر کەمترە لە گرنگایەتیی بە کار هێنانیut [٧] لە ڕسـتەی شـەرتیدا.

وەلحاسـڵ هـیچ کـام لەو گەورانەی کە ڕێـزم بـۆ بیروڕایـان دادەنـا نەیـانگوت ئەو کـارە کـارێکی دزێـو و نەشـیاوە. بە پـێچەوانە ئەو کەسـانەی ڕێـزم بـۆ دادەنـان هەموویـان بە کـارێکی باشـیان دەزانـی. بیسـتبووم دەیـانگوت کێشـەی بـاڵغ بـوون و گـڕی هەوەسـی گەنجێتـی دادەمرکێنـێ. ئەوانەم دەبیسـت و دەمخوێندەوە. گەورەکـان دەیـانگوت ئەو کارە بۆ پاراستنی لەشساغی باش و بەکەڵکە و زۆریش پێویسـتە. لە هاوڕێکـانم بیسـتبوو دەیـانگوت ئەو کـارە نیشـاندەری لێهـاتوویی و

---

٧- Ut قاعیدەیەکە لە زمانی لا تینیدا.

توانــــایی و بـــوونه پیـــاوه. بەم شـــێوەیە لە هەمـــوو لایەکەوە پـــێم ســـەلمێندرابوو کە ئەو کـــارە زۆر بەکەڵـــک و پێویســـتە. دەپرســـن مەترســـیی نەخۆشـــی؟ ئەوەش ڕێوشـــوێنی خـــۆی هەیە و بیریـــان لێکـردۆتەوە. دەوڵەت کە خەمخـۆری مـیللەتەکەی خـۆیەتی، ئاگـاداری بارودۆخی تەندروستیی خانەی لەشفرۆشـانە و پزشـیک و پەرسـتاری بـۆ تەرخـان کـردوون. بـۆ ئەوەی گەنـج و لاوانـی وڵات تووشـی نەخۆشـی نەبن، چەنـدین پزیشـک لەو شـوێنانە دامەزراون و مـووچە وەردەگـرن. ئەوان دەڵـێن ئەو کـارە بـۆ تەندروسـتی گەنجـان و مێرمنـدالآن زۆر بەکەڵـکە. ئەوانـن سیسـتەمی خراپکـاریی دروسـت و بەکەڵکیـان بنیـات نـاوە. مـن دایکانێـک دەناسـم لەو بـارەوە نیگەرانـی کوڕەکانیان و زانست منداڵەکانیان بۆ خانەی لەشفرۆشان هان دەدا.»

«زانست؟ ئەوە چ پێوەندییەکی بە زانستەوە هەیە؟»

«ئەی پزیشـکەکان چکـارەن؟ مەگـین ئەوان کـاهینی پەرسـتگەی زانسـت نـین؟ کێـیە داوێـن پیسـی و خراپکـاری بە کـارێکی بەکەڵـک دەزانێ و گەنجان و مێرمندالآن هان دەدا ڕووی تێبکەن و بەرە و ئەو هەڵـدێرە پاڵیـان پێـوەدەنێ؟ بـۆ چارەسـەرکردنی ئـاکلەش دەسـتیان داوەتە کارێکی مەترسیدار و بەتەواوی گرینگیی پێدەدەن.»

«دەی باشە ئەو نەخۆشییە دەبێ چارەسەر بکری، وانییە؟»

«ئەگەر یەک لە ســـەدی ئەو هەوڵانەی بـــۆ چارەســـەری ئەو نەخۆشـییانە دەدرێ، بۆ بەرگـری کـردن لە خراپکـاری و بنەبڕکردنـی داوێنپیسـی بـدرایە، زۆر لە مێـژ بـوو ئـالکە بنەبـڕ کرابـوو. بەڵام ئەم هەوڵانە بـۆ لە نێـو بردنـی خراپکـاری نەدراوە، بەڵکـوو بـۆ هانـدان و بەباش و بێ مەترسی نیشان دانی خراپکاری دراوە. بەڵام ئێسـتا ئێمە باسـەکەمان لە سـەر ئەوە نیـیە، مەسـەلەکە لێـرەدایە، نەک هەر مـن

بەڵکوو لە سەتا نەوەدی لاوان، ئەویش نەک هەر لە چینی ئێمە، بەڵکوو هەموو گەنجان، تەنانەت گوندنشینەکانیش، بووینەتە قوربانیی بەڵایەکی ترسناک و ماڵوێرانکەر. مەسەلەکە لێرەدایە، دارمانی من بە هۆی تێکەڵ بوونی سروشتی لەگەڵ ژنێکی تایبەتی نەبوو کە منی شەیدای خۆی کردبێ. نا، هیچ ژنێک منی هەڵنەخەڵەتاندبوو. دارمانی من بە هۆی بیروباوەڕی ئەو کەسانەوە بوو کە ئەو ڕمووده بوونەیان بە ڕێگایەکی سروشتی و تەنانەت تەندروستییەکی بە کەڵک دەزانی و بڕێ کەسی دیکەش ئەو کارەیان بۆ لاوان نەک بە ڕمووده بوون بەڵکوو بە رابواردنێکی سروشتی و زۆر پاک و بە دوور لە تاوانیش دەزانی. من تێنەدەگەیشتم و نەمداەزانی ئەو ڕمووده بوونە دارمانێکە، هەر بۆیە ورده ورده خەریک بوو بە پێی ئەو باوەڕەی بە سەرمدا سەپابوو، ئەو چیژەم بە پێداویستییەکی باش و بەکەڵکی تافی لاوی دەزانی و خۆم بۆ شل کردبوو. هەر وەها خووم بە مەینۆشین و دووکەڵیش گرتبوو. بەم جۆره و لە یەکەم دارماندا بۆم دەرکەوت شتێکی تایبەت و دڵتەزێن لەو کارەدا خۆی حەشارداوە. لە بیرمە هەر ئەو کاتە بەر لەوەی لەو ژووره بچمە دەرێ، هەستم بە بارێکی قورس کرد لە سەر دڵم و وەها خەم دایگرتم خەریک بوو دەست بکەم بە گریان. خەمی ئەوەم بوو ئابڕووم چووە و پەردەی حەیام دڕاوە و پێوەندیی پاک و مرۆڤانەم لەگەڵ ژن بۆ هەمیشە کۆتایی پێهاتووە. بەڵێ، کاکی خۆم پێوەندیی پاک لەگەڵ ژن لەو کاتەوە ئیتر لە لای من بارگەوبنەی پێچایەوە و بوونی نەبوو. من بووبوومە شتێکی هەرزە و تۆلاز، بە کەسێکی داوێنپیس و خوێڕی ناوبانگم دەرکردبوو. بووبوومە مێبازێکی تۆلاز و حەیاتکاو. بوونە مێباز گۆڕانی حاڵەتی جەستەییە. وەک خووگرتن بە مۆرفین، یان ئەلکۆل و

جگەرە. ڕاست بەو جۆرەی کەسێکی خووگرتوو بە مادەی سڕکەر یان ئارەقخۆر و جگەرەکێش، ئیتر مرۆڤێکی ئاسایی نییە، کەسێکیش کە بۆ بەدەست هێنانی چێژی جەستەیی نزیکی لەگەڵ ژنان دەکا، ئیتر مرۆڤێکی ئاسایی نییە. کەسێکی ئابڕووتکاو و فەوتاوە. مێبازە. ڕاست بەو جۆرەی مرۆڤی ڕمووده بوو بە مادەی سڕکەر یان ئارەق و مەشرووب بە حاڵەتی ڕەفتار یان دەموچاویدا دەناسرێتەوە، مێبازیش بەو شێوەیە دەناسرێتەوە. مێباز لەوانەیە ببێتە کەسێکی تۆبەکار و ددان بە خۆیدا بگرێ و لەگەڵ نەفس و هەوەسی خۆی بەربەرەکانێ بکات؛ بەڵام پێوەندیی سادە و ڕوون و پاک لەگەڵ ژن بە خۆیەوە نابینێ. لە ڕاستیدا دەبێتە مرۆڤێکی دڵپیس و خانەگومان و بێ باوەڕ. هەموو ژنان بە چاوێک دەبینێ. مرۆڤی مێباز کاتێک چاو لە ژنێک دەکات، بە شێوەی ڕوانین و لێ ورد بوونەوەیدا لە ڕێوە دەناسرێتەوە. من بوومە مێباز و هەروا مێباز مامەوە و هەر ئەوەیش بووە هۆی زایە بوون و تکانی ئابڕووم.»

# پێنج

«بەڵێ قوربان، ژیانم بەو شێوەیە تێدەپەڕی و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبووم. ڕووم لە چاکە نەدەکرد و هەرچی کاری خراپە بوو دەستیان ماچ دەکردم. ئاخ خودایە گیان! کاتێک کارە دزێوەکانی خۆمم لەو بوارەدا وەبیر دێتەوە، لە ترسانا مۆچرکم پێدا دێ و دەلەرزم. ئەوەیە بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەم، لە لایەکیشەوە هاوڕێکانم پێکەنینیان بەو جۆرە پاکی و بێ تاوانییەم دەهات. لە هەمان کاتدا بارودۆخی گەنجە دەوڵەمەندە تەڕپۆش و خۆش ڕابوێرەکان و ئەفسەرانی لەو شێوەیەم دەدی و هەروەها ئەوانەی لە پاریسەوە هاتبوون و دەمزانی چی دەکەن و چییان لە ژێر سەردایە. ئەو پیاوانە و خۆشم کە لە تەمەنی سی ساڵیدا هەموومان فاسق و بێ ئابڕوو بووین، پەڵەی ڕەشی سەدان کاری چەپەڵ و قێزەونانە و پێوەندیی جنسی لەگەڵ ژنان، کەوتبووە سەر شووشەی ویژدانمان و تاریکی داگیرابوو. بەڵێ ئێمەی تەمەن سی ساڵی داوێن پیس و دڵڕەش، بە قەڵافەتی ڕێکوپێک و دەموچاوی جوان و تیفتیفە دراوەوە، بۆنی عەترمان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت، کراسی سپی و فراک و یۆنیفۆرمی جوان و نوێمان لە بەر دەکرد و دەچوینە تالاری میوانداری و کۆڕی سەما و دیلانەوە؛ واشمان دەنواند کەسانێکی پاک و بێگەردین و لە ئاوی شەو پاکترین. خۆمان دەکردە هێمای پاکی و ڕازاوەیی. بە ڕاستی عەجەب شاکارێک بوو!

بیری لیَ بکەوە ئێستا دەبوو چۆن بێت و چییە! دەبوو جۆرێک بوایە ئەگەر یەکێک لەو کەسانە لە کۆڕێکدا لە خوشک یان کچەکەی من نزیک بۆوە، من کە ئاشنایەتیم لەگەڵ ژیان و هەڵسوکەوتی ئەو هەیە، دەبیَ بڕۆمە پێشیَ، بانگی بکەمە سووچێک و بە گوێیدا بچرپێنم: "بڕوانە هاوڕیَ، من لە بنج و بناوانی ژیان و ڕەفتاری تۆ ئاگادارم و دەزانم شەوانە لە کویَ و لەگەڵ کیَ ڕایدەبوێری. هەر بۆیە پێت دەڵێم ئێرە جێی تۆ نییە. ئێرە کچی پاک و ڕووسووری لێیە، خۆت ناشیرین مەکە و لێرە بڕۆ!" ئەوە کارێکە دەبیَ بیکەم. بەڵام لە ڕاستیدا چی دەکەم؟ کاتێک یەکێک لەو پیاوانە دەستی لە نێو قەدی خوشک یان کچەکەی من وەرهێناوە و سەمای لەگەڵ دەکات، ئەگەر دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بیَ زۆر زۆر خۆشحاڵ دەبم. خۆزگە دوای ڕیگۆل بۆش[8] ئەو سەر بەرزییە بە نسیبی خوشکی منیش بووبایە! تەنانەت ئەگەر بە هۆی هەرزەیی و تۆلازییەوە نەخۆشییەکیش بە یادگار بەجیَ بێڵیَ، گرینگ نییە. ئەمڕۆ ئەو نەخۆشیانە چارەسەر دەکرێن. بەڵیَ، وایە! من چەند کچیَ لە بنەماڵە خانەدانەکان دەناسم دایک و باوکیان بە شانازییەوە پێشکەش بە پیاوانی گیرۆدە بوو بە نەخۆشیی ئاکلەیان کردوون. پەککوو لەو ئاکارە دزێوە! بەڵام ئەوە بزانە ڕۆژێک دیَ بۆگەنی ئەو ڕەفتارە چەپەڵ و ناحەزانە وڵات دابگریَ.»

کابرا چەند جار دەنگە سەیرەکەی لە گەرووی دایە دەریَ و بۆلای چایەکە وەرسووڕا. چاییەکەی زۆر ڕەش بوو و ئاوی

---

٨- Rigolboche نازناویMarguerite Bodel ناوی سەماکەر و گۆرانیبێژێک بوو لە ساڵانی دەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەدا لە پاریس بە ناوبانگ بوو.

کولاتوومــان نەبــوو کەمڕەنگــی بکەیــن. هەســتم کــرد ئەو دوو پەرداخەی خواردوومەتەوە شوێنی لە سەر هەستەدەمارم داناوە. کەوایە کاریگەریی لە سەر ئەویش بووە و هەر بۆیە هەیەجانەکەی جار لەگەڵ جار زیاتر دەبوو. دەنگی لە پەستا بەرزتر دەکردەوە و بە زمـانێکی تەڕ و پـاراوتر دەدوا. بەردەوام جـۆری دانیشـنەکەی دەگۆڕی. کڵاوەکەی لە سەری دادەگرت و لە سەری دەکردەوە. لەو پانتا نیوە تاریکەی نێو ڤاگۆنەکەدا گۆڕانی حاڵەتی دەموچاوی دیار و سەرنجڕاکێش بوو.

درێـژەی بە قسـەکانی خـۆی دا: «مـن بەو شـێوەیە گەیشـتمە تەمەنی سی ساڵی. بەبێ ئەوەی بۆ ساتێک لەو قەستەی خۆم خافڵ بم کە ئەویش بیرکردنەوە لە ژن هێنان و پێکهێنانی بنەماڵەیەکی زۆر بەرز و پیرۆز بوو. هەر بۆیە کچانم دەخستە ژێر چاوەدێری و لەوانەیانم دەکۆڵییەوە کە لە مەبەستەکەم نزیکتر بوون. خۆم لە زەلکاوی داوێن تەڕیدا نوقم بووبووم و لەگەڵ ئەوشدا بیرم لەوە دەکردەوە کچێکی داوێن پاک و شیاو بدۆزمەوە و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بهێنم. زۆر کچم لە دڵی خۆمدا هەڵدەسەنگاند و بە شـیاوی خـۆم و هـاوژین بـوونم نەدەزانـی. لە ئاکامـدا کچـێکم دۆزییەوە شیاوی ئەوە بوو زەماوەندی لەگەڵ بکەم. ئەو کـچە یەکێک لەو جووتە کچەی مالیکی خەڵکی پێنزا[9] بوو کە سەردەمێک زۆر دەوڵەمەند و زەنگین بوو بەڵام دواتر هەموو سامانەکەی لە دەست دابوو.

---

9- Penza

ڕۆژێک بە سواری گەمیە چووبووین بۆ گەشت و سەیران و شەوێ مانگ هەڵاتبوو گەڕاینەوە، من لە نێو گەمیەکەدا بەرەوڕووی دانیشتبووم و چاوم لە بەژن و لەشولاری ڕێکوپێکی دەکرد، چینی قژە زێڕینەکەی داڕژابووە سەرشان و ملی و کراسێکی کەژی تەنگی لە بەر دابوو. لە ناکاو بۆم دەرکەوت ئەوە ڕاست ئەو کچەیە وا لێی دەگەڕام. هەستم کرد ئەو لە هەموو هەستەکانی دڵ و بیر و بۆچوونەکانی زەینم تێدەگات و پێم وابوو ئەوەی بە دڵ و زەینمدا تێدەپەڕی، بەرزترین و ناسکترین شتی دنیایە. لە ڕاستیدا ئەوەی لە دڵ و زەینمدا بوو تەنیا بەژن و باڵای جوانی ئەو بوو کە بەو کراسە کەژەوە و چینی بسکە زێڕینەکەی سەرشانی بە شنەی با پەرێشان بووبوو. دوای ڕابواردنی ڕۆژێک لەگەڵ ئەو حەزم دەکرد زیاتر و زیاتر لێی نزیک ببمەوە.

چیرۆکێکی سەیرە. پێکەوە بوونی جوانی و چاکی بەڕاستی ویست و بۆچوونێکی باتڵ و هەڵەیە. ژنێکی جوان دوو قسەی پڕوپووچت بۆ دەکات، تۆش گوێی بۆ شل دەکەیت و تێناگەی قسەکانی بێهوودەیە و بە گیان و دڵ باوەڕی پێدەکەی. قسەی پیس و کاری دزێو دەکات و تۆ هەمووی بە جوان و ناسک دەزانی. ئەگەر قسەی خراپ نەکات و کاری ناحەزیش ئەنجام نەدات، دڵنیا دەبی ژنێکی بێ وێنە و داوێن پاک و تێگەیشتووە.

گەڕامەوە بۆ ماڵێ و لە خۆشیانا پێم وەعەرزی نەدەکەوت. خاترجەم بووم لەوەی ئەو کچە سەرچاوەی هەموو چاکی و پاکییەکانە و شیاوترین کەسە بۆ ئەوەی ژیانی هاو بەشی لەگەڵ پێک بهێنم. ڕۆژی دوایی داوام لێکرد شووم پێ بکات.

چیرۆکێکی ئاڵۆزە. لە هەزار پیاو کە ژن دێنن، ئەویش نەک کەسانێکی وەک ئێمە بەڵکوو بەداخەوە تەنانەت لە نێو خەڵکی ڕەشۆکیشدا، زۆر بە دەگمەن پیاوێک هەڵدەکەوێ بەر لە ژن هێنان دە، یان سەد، یان وەک دۆن ژوان هەزار جار لەگەڵ ژنان دەستی تێکەڵ نەکردبێ. (ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەمڕۆ وەک بیستبووم و بە چاوی خۆم دیتم گەنجی پاکداوێن و گەشبین و دڵپاک زۆرن کە زەماوەند کردن بە گاڵتە نازانن، بەڵکوو بە کارێکی زۆر گرینگیشی دەزانن. خودا دەست بەعومریان بگرێ، شوکر زیرەکن. بەڵام لە زەمانی ئێمەدا ڕێژەی ئەو جۆرە گەنجانە یەک لە دەهەزار بوو.) دایکان و باوکان هەموویان لەوە ئاگادارن و تەنیا وادەنوێنن نازانن و خۆیانی لێ گێل دەکەن. لە چیرۆکەکاندا هەستی دڵی پاڵەوانەکان و ڕووبار و دار و دەون کە کاتی سەیران بەلایاندا تێدەپەڕن بەوردی وەسف دەکرێ. بەڵام کاتێک باس لە خۆشەویستی کچێک دەکەن، هیچ ئاوڕێک لە پێشینەی ئەو نادەنەوە. سەبارەت بە خانەی لەشفرۆشان کە هاتوچۆیان کردووە و کڵفەت و ئاشپەز و ژنانی بە مێرد کە ئابڕوویان بردوون و دەستدرێژیی جنسییان کردۆتە سەریان، متەق ناکەن و خۆی لێ گێل دەکەن. ئەگەر ڕۆمانێک نووسرا بێ و نووسەرەکەی ئەو بێدەنگ بوونەی بە کارێکی نابەجێ دانابێ، ئەو ڕۆمانە نادەنە دەست کچان و ئەو کەسانەی بەڕاستی پێویستیان پێیەتی و دەبێ لەو ڕاستییانە ئاگادار بن. سەرەتا بە کچانی دەسەلمێنن کە ئەو ئاکارە پیس و دزێوانەی نیوەی ژیانی خەڵکی شار و تەنانەت گوندنشینەکانیشی داگرتووە، بوونی نییە و تەنیا قسەی پڕوپووچ و هاتەرانپاتەرانە. پاشان وەها خوو بەو دیعایە و شاتوشووتە دەگرن، لە ئاکامدا وەک

ئینگلیزییەکان خۆیان لە دڵەوە باوەڕ دەکەن ئێمە کەسانێکی باش و نیەت پاکین و لە ژنیگەیەکی پاقژ و ڕەوشت بەرزانەدا دەژیین. کچانی بەستەزمان بڕوا بەو درۆ و دەلەسانە دەکەن و فریو دەخۆن. هاوسەرە بێچارەکەی منیش باوەڕی بەو درۆیانە کردبوو. لە بیرمە هێشتا دەزگیران بووین، دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆمم پیشان دا، ئەو بە خوێندنەوەی ئەو نووسینانە لانیکەم دەیتوانی لە بەشێکی ڕابردووی من ئاگادار بێ، بەتایبەت دوایین حەز لێکردووییم؛ کە درەنگ یان زوو لە زمانی خەڵکی دەیبیست، هەر بۆیە بە پێویستم زانی لەو کردەوەیەی خۆمی ئاگادار بکەم. لە بیرمە کاتێک هەموو نووسراوەکانی خوێندەوە و لە ئاکار و کردەوەکانم ئاگادار بوو، دەیویست دەستم لێ بەردات و جیابێتەوە. بەڵام مخابن ئەو کارەی نەکرد!...»

دیسان دەنگە سەیرەکەی لە گەرووی دایە دەرێ و قومێکی دیکەی چایی خواردەوە. ماوەیەک بێدەنگ بوو.

# شەش

بە هەیەجانەوە گوتی: «نا، ئاوا زۆر باشترە. بەڵێ، ئاوا باشترە. هەقی خۆم بوو. بەڵام ئێستا مەسەلەکە شتێکی ترە. دەمویست بڵێم لێرە تەنیا کچانی بەستەزمان هەڵدەخەڵەتێن. دایکان، بەتایبەت ئەو دایکانەی لە ژێر دەستی مێردەکانیاندا پەروەردە بوون، ئاگاداری حاڵوباڵی خۆیانن. ئەوان وادەنوێنن کە پیاوان بە پاک و ڕەوشت بەرز دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا کردەوەیان شتێکی ترە. ئەوان دەزانن پیاوان چۆن لە داو بخەن و بیانکەنە نێچیری کچەکانیان.

تەنیا ئێمە پیاوانین لەوە تێناگەین. ناشزانین، چونکە نامانهەوێ بزانین. بەڵام ژنان زۆر باش دەزانن بەرزترین، یان خۆمان گوتەنی شاعیرانەترین ئەشقەکانیش هیچ کارێکیان بە سەر بایەخە ئەخلاقییەکانەوە نییە و سەرچاوەکەی تەنیا ویستە جەستەییەکانە. ئەگەر دوو ڕێگا بخەیتە بەردەمی ژنێکی حەشەری و پیاوباز کە دەیهەوێ پیاوێک بخاتە داوی خۆیەوە و لێی بپرسی لەو دووەکامیان هەڵدەبژێرێت: حەز دەکەی لای ئەو پیاوە وەک ژنێکی درۆزن و دڵڕەق و تەنانەت داوێنتەڕ و لەشفرۆش دەرکەوی یان ئەو پیاوە بە جل و بەرگێکی نا ڕێکوپێک و ناتەرزەوە بتبینێ، دڵنیام یەکەمیان هەڵدەبژێرێ. ئەوان دەزانن ئەوەی ئێمە پیاوان سەبارەت بە هەستە بەرزەکان دەیڵێین هەمووی وڕێنەیە و ئێمە تەنیا مەبەستمان جەستەی ژنە و بەس، هەر بۆیە لە هەڵە و هەرزەییەکانی ئەوان چاوپۆشی

دەکەیــــن، بەڵام حەز نـــاکەین بە جلــوبەرگی نـــاحەز و شـــڕ و ناتەرزەوە بیانبینین. ژنانی پیاوباز باش لە مانای ئەوە تێدەگەن، بەڵام کچـــانی داوێنپـــاک و بـــێگەرد بـــێ ئەوەی ئەو شـــتەیان ئەزمـووبێ، بە باشـی تێیـدەگەن. زانیـاریی ئەوانـیش لە مەڕ ئەو مەسەلانەوە بە شێوەی خۆماکە؛ وەک زانیاریی ئاژەڵەکان.

هـۆی هـاتنە ئـارای ئەو کراسـە کەژ و هەوەس بزۆینـانە و ئەم تەنوورە فەنەردارانەی سمت و پاشـەڵی ژنـان بەر جەسـتە دەکەن و هەروەها وەدەرخستنی شـان و قۆڵ و سـینگیان هەر ئەوەیە و بەس. ژنـــان، بەتـــایبەت ئەوانەی لە مەکتەبخـــانەی پیاوانـــدا پەروەردە کـراون، بەباشـی دەزانـن بـاس و خواسـەکانی ئەوان سـەبارەت بە ئەو مەسـەلانەی پێوەنـدییان بە ڕەوشـت بەرزیـیەوە هەیە، هەمووی وڕێنە و قسەی هاتەرانپاتەرانە و پیاوان جگە لە لەشولاری ژن و ئەندامە هەوەس بزوێنەکەی بیر لە هـیچ شـتێکی تـر نـاکەنەوە. ئەوان لەوە تێدەگەن و هەوڵ دەدەن ئەوەی پیاوان حەزی پێـدەکەن بە باشـترین و فریـودەرانەترین شـێوە بینـوێنن. ئەگەر ئـێمە بە چـاوێکی ئاسـایی لەو قەباحەتـانە بـڕوانین کە بە شـێوەیەکی سروشـتی خۆ دەنوێنن و چاوپۆشـییان لێبکەین، هەر وەها لە ژیانی بنەمـاڵە خانەدانەکانی کۆمەڵگا بە هەمـوو ڕەفتارە پـڕ فەزیحەتەکانیـانەوە بە چـاوێکی وردبینـانە بـڕوانین، بۆمـان دەردەکەوێ ماڵەکانیـــان قەحبەخـــانەیەکی بە بریقوبـــاق و رازاوەیە.» نەیهێشـت مـن زمـانم بـگەڕێ و نـاڕەزایەتی دەبـڕم، درێژەی بە قسەکانی دا: «ئێوە ئەم قسـەیەی منتـان بە دڵ نییە و دیـارە بە ڕاستیشـی نـازانن، ڕێـگەم پێبـدەن هەر ئێسـتا پێتـان دەسـەلیمێنم. ئێـوە دەڵـێن ژنـان لە کۆمەڵگـای ئـێمەدا، ڕەفتـار و

هەڵسوكەوتیان لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوكەوتی لەشفرۆشەكان جیاوازە. من دەڵێم وانییە و بە بەڵگەوە پێتانی دەسەلیمێنم. ئەگەر مرۆڤەكان لە ژیاندا ویست و ئامانجی جۆراوجۆریان هەبێ و بارودۆخی بژیو و ژیانیان پێكەوە یەكسان نەبێ، ئەم جیاوازییە حەتمەن لە ڕواڵەتیاندا ڕەنگ دەداتەوە و تووشی ئاڵۆزیی دەكات. بەڵام دەیبینن ڕواڵەتیان جیاواز نییە. لەو ژنە چارەڕەش و نەگبەتانە بڕوانن كە خەڵكی بە چاوی سووك تەماشایان دەكەن و ئەوان لە پاڵ خانمە بەڕێز و پایەبەرزەكانی چینی خانەدانی كۆمەڵگادا ڕاگرن. جلوبەرگی یەك شێوەیان لە بەر بكەن و عەتر و بۆنیان یەك بێ و قۆڵ و شان مل و سنیگیان ڕووت بێ و بەو جلە تەنگانەوە هەموو بەرز و چاڵییەكانی پاش و پێشی لەشیان دەركەوێ. وەك یەك تامەزرۆی ئاڵتوون و خشڵ و زەمبەری گرانباین، وەك یەك ئاشقی سەما و بەزم و مۆسیقا و گۆرانین. ڕاست بەو جۆرەی ئەو تاقمە بۆ فریودانی پیاوان هەوڵ دەدەن، ئەمانیش هەر وان و هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو دەستەیەدا نییە. ئەگەر بمانهەوێ مووقەڵێش بین، دەبێ بڵێین ئەو لەشفرۆشانەی تەمەنی لەشفرۆشییەكەیان كورتە، وەك كەسانێكی سووكوچروكی كۆمەڵگا سەیریان دەكرێ، بەڵام ئەو تاقمە لەشفرۆشەی تر كە وەك بەڕێز و خانەدان چاویان لێدەكرێ و هەموو ماوەی تەمەنیان بە لەشفرۆشی ڕایدەبوێرن و ڕواڵەتێكی نەجیب و بە ئابڕوویان هەیە، ڕێزیان لێدەگیرێ.»

## حەوت

«بەڵێ، هەر ئەو کراسە کەژە تەنگە و ئەو چینی بسکە زێرینە و تەنوورەی فەنەردار و شان و مل و سینگی ڕووت بوو، منی لە داو خست. بەڵام لە داوخستنی من دژوار نەبوو، چونکە لە بارودۆخێکدا پەروەردە بووبووم کە لاوانی دڵدۆڕاو ناچارن بۆ لای بخوشێن، وەک خەیار کە لە گەرمخانەدا و لە بارودۆخێکی لەباردا گەشە بکات. دیارە ئەو خواردنە وزەدەر و لەڕادە بەدەرەی ئێمە دەیخۆین لەگەڵ ئەو هەموو بێکاری و ڕابواردن و زگ لەوەڕاندنە جگە لە بڵێسە سەندنی گڕی هەوەس هیچ شتێکی تر نییە. بەو قسەیەی من دەتانەوێ تووشی سەرسووڕمان بن یان نەبن، کەیفی خۆتانە، پێیان خۆشبێ و خۆشنەبێ ڕاستییەکە هەر ئەوەیە. من هەتا ئەم دوایییانە ئەوەم بۆ ڕوون نەبووبۆوە. بەڵام ئێستا دڵنیام. هەر بۆیە ئەو بێ خەبەری و کەمتەرخەمییەی خەڵکی ئازارم دەدات. خەڵکی هەموویان وەک ئەو خاتوونەی لێرە بوو، خەریکی وڕێنە و قسەی هاتەران پاتەرانن.

ئەم بەهارەی ڕابردوو لە نزیک مڵکەکەی من گوندنیشنەکان خەریکی هەڵدانەوەی گڵ و سازکردنی بناغەی هێلاسن بوون. خواردنی ئاسایی گەنجی گوندنشین نانی جۆ و کواس و پیوازە. ئەو بەو خواردنە ساکارە هەمیشە ساغ و بەنەشە و چالاکە. کاری کشتوکاڵی ئەوان لە مەزرا تاڕادەیەک سووکە و بەو خواردنە قنیات دەکەن. بەڵام کاتێک کاری قورسی هێلاسن شەکەتی دەکات، خواردنەکەی نانی گەنمی ڕەش و ڕۆژی پێنجسەد گرام گۆشتە. ئەو بەو خواردنە شازدە سەعات بە عارەبانەی دەستی بەرد و گڵ

دەکێشی و بارەکەی پێنجسەد کیلۆیە، ئەو خواردنەش بۆ کارێکی ئاوا قورس و دژوار بەڕاستی وەڵامدەرەوە نییە. ئێمە ڕۆژی کیلۆیەک گۆشت دەخۆین، ئەویش گۆشتی نێچیر و هەموو چەشنە خواردنێکی توند و چەور و وزەبەخش و مەشرووبی ئەلکۆلیی نەشەبزوێن. ئەمانە بۆ کوێ دەچن؟ هەڵبەت هەموومان دەزانین ئەو خواردنانە گڕی هەوەس بلێسەدارتر دەکەن؛ جا ئەگەر دەرگایەکی متمانە پێکراو هەبوو بۆ دامرکاندنی ئەو گڕە ئەوا بە خێر و خۆشی تەواو دەبێ؛ بەڵام ئەگەر ئەو دەرگایە دەست نەکەوێ، وەک من کە ماوەیەک ئەو دەرگایەم لە خۆم داخستبوو، شڵەژان و پەشوکاوییەکت بۆ دروست دەکات، وەک شێت و هارت لێدێ و وەک ئەشقێکی ئاگرین خۆی دەنوێنێ، لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی دەترازێ و وەک ئاوی شەوێ پاک و زوڵاڵ دەبێ و جاری وایە تەنانەت دەبێتە ئەشقی ئەفلاتوونی. منیش تووشی دڵدۆڕاوی بووم، وەکوو هەمووان کە دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە. ئەو ئەشقە بۆ من هەموو شتێک بوو: سۆز و حەز و شەیدایی بوو، خۆشەویستی و جوانی و شیعر بوو. بەڵام ئەو ئەشقە لە ڕاستیدا بەرهەمی هەوڵی دایکی دەزگیرانەکەم و ئەو بەرگدرووە شارەزایانە بوو کە جلوبەرگیان بۆ دروو‌بوو؛ لە لایەکیشەوە هۆی ئەو خواردنە زۆر و بزوێنەرانە بوو کە دەمخوارد و لە سەری دەخەوتم و هەڕاڵ و گەڕاڵ دەسووڕامەوە. ئەگەر لە لایەکەوە گەمیە سواری و سەیرانی ئێمە و کاری بەرگدرووە کەمەر و کەفەڵ وەڕازێنەکان و هەل و دەرفەتەکانی تر نەبووایە و ژنەکەی من بەو جلوبەرگانە خۆی لە گوڵ نەدایە، بە جێی ئەوە کراسێکی ساکاری لە بەر بکردایە و لە ماڵەوە

بمایەتەوە، لە لایەکی تریشە من لە بارودۆخێکی ئاساییدا بژیایەم و تەنیا بە پێی پێویست و بەڕادەی چالاکی و هەڵسووڕانم خۆراکم بخواردبایە و دەرگای ئاواڵە و متمانە پێکراوم لە بەردەمدا ببووایە ـ کە لەو کاتەدا ئەو دەرگایەم لە خۆم داخستبوو ـ ئاشق نەدەبووم و ئەوەی بە سەرم هات، ڕووی نەدەدا.

## هەشت

«لەو کـــاتەدا هەمـــوو شـــتێک دەســـتیان دایە دەســـتی یەک و ڕایانکێشـــام. ئامـــادە بـــوونی مـــن و جلـــوبەرگی دڵـــڕفێن و هەوەس بزوێنی ئەو و گەمیە سواریی ئێمە، هەموویـان چێژبەخش بـوون و ئەو ئاکـــامەی لـــێکەوتەوە. کارێـــک کە بیســـت جـــار بە دەســـتمەوە نەهاتبوو، ئەمجارەیان بە ئاکام گەیشـت و مـن گێـژ و دەسـت و پـێ بەستراو بە دەندووک پێوە بووم! ئەوەی بۆتان باس دەکەم گاڵتە و گەپ نییە. ئەمـڕۆ زەماوەندەکان هەموویـان ئەو شـێوەیەن و کـچ و کـوڕ ئـاوا پـێ دەنێنە ژیـانی ژن و مێـردایەتییەوە. ڕاسـت وەک تەڵە وایە! بەڵام با بـزانین ئەم جۆرە زەماوەندانە سروشـتین؟ کـچەکەی مـن گەورە دەبـێ و دەبـێ بە شـووی بـدەم. کـارێکی زۆر سـانایە. بەتایبەت ئەگەر کچەکە ناشیرین نەبێ و پیاویش هەبن و بیانهەوێ ژن بهێنن. زەمانی قەدیمیش بەو شێوەیە بوو. دایک و باوک کاتێک کچەکەیـــان وەختـــی شـــووی دەهـــات و زەماوەنـــدیان ســـاز دەکـــرد. ئەمڕۆش لە هەمـوو دنیـادا بەو شـێوەیەیە. چینییەکـان، هێنـدییەکان، موســوڵمانەکان و... لە ڕووســیاش خەڵکی ڕەشــۆکی هەروا دەکەن. هەموو خەڵکی دنیا بەو شێوەیە ژیـانی هاوبەشـی پێکـدێنن. لانیکەم نەوەد و نـــۆ لە ســـەدی خەڵکـــی دنیـــا ئەوە دەکەن. تەنیـــا یەک لە سـەدیان، یـان تەنـانەت کەمتـریش، یـانی ئێمەی سـەربزێو و هەرزە ئەو ڕێگـــایە بە هەڵە دەزانـــین و ڕێگـــایەکی تازەمـــان بـــۆ زەماوەنـــد کردن داهێناوە. ئێستا ئەم ڕێگا تازەیە چییە؟ ڕێگاکە ئەوەیە، کچان

له کۆڕی سەما و هەڵپەڕکێدا دادەنیشن و پیاوان، وەک بازاڕی کۆیلە فرۆشان پێیاندا دەگەڕێن و دڵخوازی خۆیان هەڵدەبژێرن. کچان چاوەڕوان دادەنیشن و ناشوێرن زمانیان بگەڕێ، بەڵام دڵەخورپە دایاندەگرێ و ئاراوقارایان لێ هەڵدەگیرێ، بە دەم دڵەکوتە و خۆزگە و بریاوە لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: "وەرە بە قوربانی باڵات بم، من هەڵبژێرە! لەوانی دیکە گەڕێ، من باشترم! بڕوانە شان و ملم، سینگ و بەرۆک و پەلوپووزم دەڵێی پەنیری تەڕە! ئێمەی پیاوانیش بە بەردەمیاندا دێن و دەچین و بە وردی تێیاندەڕوانین، زۆریش دڵخۆشین و لە دڵی خۆماندا دەڵێین. زۆر بە هۆش و وریام. ناتوانن خاوم ببەستن!" بە دەوری کچەکاندا هەڵدەخولێین و بە وردی چاویان لێدەکەین، کچەکان زۆریش دڵخۆشن ئەو کۆڕ و ئاهەنگە بۆ ئەوان گیراوە. بەڵام بۆ ساتێک غافڵ دەبن و بۆیان دەردەکەوێ بە دەندووک پێوە بوون.»

گوتم: «دەی چبکەن باشە؟ ژنان بچنە خوازبێنیی پیاوان؟»

«من نازانم چبکەن. تەنیا ئەوە دەڵێم ئەگەر بڕیار وایە ژن و پیاو یەکسان بن ئەوە یەکسانی نییە. ئەگەر ناردنی دەڵاڵ و خوازبێنیکەر و چەنەلێدان لە سەر ڕادەی شیربایی و جیازی و ئەو جۆرە شتانە دەبێتە هۆی شەرمەزاری بۆ کچ و جۆرێک سووکایەتی پێکردنە، ئەم بارودۆخە هەزار قات شوورەیی تر و پرسووکایەتیترە. بەو شێوەی تر ماف و گریمانەی بەختەوەری بۆ هەر دوو لایەکسان بوو، بەڵام لە مەیاندا کچ یا قەرەواشێکە لە بازاڕدا بۆ فرۆش دایدەنێن، یان چێشتەیەکە بۆ لە داوخستنی مێرد. ئێستا ڕاستییەکە بە دایکان یان بە کچەکە خۆی بڵێن. یانی پێی بڵێن ئەو تەنیا لە بیری ڕاوکردنی مێرد دایە، پەککوو لەو سووکایەتییە!

جا وەرە ئەو کەرە لەو قوڕاوە دەرهێنەوە. لێت زیز دەبن، ئەگەر چی کارەکەی ئەوان هەر ئەوەیە و هیچ جیاوازییەکی نییە. جگە لەوەش هیچ کارێکی تر نییە بیکەن. ئەوەی بەڕاستی دڵتەزێنە دیتنی کچانی جحێڵە کەوا خەریکی ئەو کارەن و بەستەزمانانە بەڕاستی هێندە سادە و بێ فڕوفێڵن نازانن خۆیان تووشی چ داوێک دەکەن. بریا ئەو کارە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ فێڵ و تەڵەکە بەڕێوە بچووبایە. بەڵام بەداخەوە وانییە و هەمیشە فێڵ و گزی لە ئارادایە. " ئاخ، بناغەی هەمە جۆر، چ باسێکی سەرنجڕاکێشە! ئاخ، نازانی لیزا چەندە هۆگری هونەری شێوەکارییە. ئێوە ناچن بۆ پێشانگا؟ شانۆ... سەمفۆنیا!... بەڕاستی سەرنجڕاکێشە! لیزای من شەیدای مۆسیقایە. چۆن ئێوە لەگەڵ ئەو بیروڕایە دژایەتی دەکەن؟ حەز دەکەن بچن بۆ گەمیە سواری؟..." بەڵام بیری سەرەکی تەنیا شتێکە: "بمهێنە، بمهێنە، من بهێنە! لیزای من بهێنە، لە خۆم بڕوانە! لانیکەم تاقیی بکەوە!..." » لە کۆتاییشدا بەو ئاکامە گەیشت: «پەککوو لەو شوورەییە! هەمووی درۆ و دەلەسەیە! هەمووی فێڵ و تەلەکەیە!»

دوایین پەرداخی چایی نا بە سەریەوە و پەرداکە و کەلوپەلەکانی کۆکردەوە.

# نۆ

لەگەڵ ئەوەی قەند و چاییەکەی لە کیسە دەنا دیسان گوتی: «بەڵێ، زانیوتە زاڵبوونی ژن بە سەر مرۆڤایەتیدا کارێکی کردووە دنیا لە ژێریدا پشتی چەمیوە و ئەوەش هەر لەوەوە سەر چاوە دەگرێ.»

گوتم: «کام زاڵبوونی ژن؟ خۆ زۆربەی سەرپشک و مافەکان هی ئێمە پیاوانە!...»

بە تاڵووکە پەڕییە نێو قسەکانمەوە: «بەڵێ، هەروایە! ئەمە ڕاست ئەو شتەیە و من دەمهەوێ بیڵێم. هەر ئەو خاڵەشە دیاردەی نا ئاسایی ئەم بارودۆخە وەدەردەخا. مەسەلەکەش ئەوەیە ژن لە لایەکەوە هەتا پایینترین ڕادەی زەبوونی ئاستی دابەزیوە و بە خشڵ و زێڕ و زەمبەر نرخی خۆی دەباتە سەرێ؛ لە لایەکی دیکەشەوە بە سەر ئێمەدا زاڵە. ڕاست وەک جوولەکەکان بە کۆ کردنەوەی ماڵ و سامان و زاڵ بوون بە سەر کۆمەڵگادا سووکایەتی و سەرکۆنەکرانی خۆیان قەرەبوو دەکردەوە. جوولەکەکان دەیانگوت: " باشە، ئێوە بە کڕین و فرۆشتنی پڕ لە پەستی و سووکایەتی دەستی ئێمەتان بەستووە؟ ئێمەش هەر بەو پەستی و سووکایەتییەوە بە سەرتاندا زاڵ دەبین و حوکمات دەکەین." ژنان دەڵێن: "ئێوە دەتانهەوێ ئێمە کەرەسەیەک بین بۆ دامرکاندنی گڕێ هەوەستان؟ زۆر باشە، هەر بەو پلەوپایەی کەرەسەی هەوەس بزوێنییەوە دەتانکەینە کۆیلەی خۆمان." بێ

بەشیی ژن لەوەدا نییە کە مافی دەنگدانی نییە و ڕێگەی پێنەدراوە لەسەر کورسیی دادوەری دانیشێ. بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و بوونە دادوەر و قازی کوا مافە؟ بێ بەشیی ژن لەوەدایە کاتێک لەگەڵ پیاو سەرجێی دەکات هاوسەنگی پیاو نییە. ناتوانێ کاتی سەرجێی کردن پیاو بکاتە کەرەسەی ئاسوودە بوونی خۆی، یان ئەگەر حەزی نەکرد ناڕەزایەتی دەربڕێ. ژن ناتوانێ پیاوێک بە دڵی خۆی هەڵبژێرێ، یان ئەگەر بە دڵی نەبوو لێی جیا بێتەوە، یان حاشای لێ بکات. ئێوە دەڵێن ئەو مافە خۆ شتێکی زۆر باش و شیاو نییە. زۆر باشە، کەوایە با پیاوانیش لەو مافە نەشیاوە بێ بەش بن. ئەمڕۆ ژن لەو مافانە بێ بەشە کەوا پیاو هەیەتی و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو بێ بەشییە هەوڵ دەدا لە ڕێگای هەوەسەوە یاری بە پیاو بکات، بە سەریدا زاڵ بێ و لە ژێر زەبری قەمچیی خۆیدا ڕامیان بکات؛ بە جۆرێک کە پیاو تەنیا لە ڕواڵەتدا ژن هەڵدەبژێرێ و لە ڕاستیدا ئەوە ژنە پیاوەکەی هەڵبژاردووە. هەر بۆیە کاتێک ئەو چەک و دەسەلاتەی بە دەست هێنا، بۆ بە کارهێنانی لە هیچ مەکر و حیلەیەک ناپرنیگێتەوە و بە شێوەیەکی ترسناک بە سەر هەموو خەڵکدا زاڵ دەبێت.»

لێم پرسی: «ئەو دەسەلاتە قورس بێ وێنەیە لە کوێیە؟»

«لە کوێیە؟ لە هەموو جێیەک و لە هەموو شتێکدا. لە هەرکام لە شارە گەورەکان بوون، چاو لە دووکانەکان بکەن. میلون میلون ڕۆبڵ دەسترەنجی مرۆڤەکان لەو دووکانانەدا دەکەونە بەر دیدەی خەڵک و کڕیارەکان؛ هێندەش زۆر و زەوەندە خەملاندنی مەحاڵە. بڕوانن، نەوەد لە سەدی ئەو دووکانانە شتێکیان بۆ کەڵک وەرگرتنی پیاوان لێ دەست ناکەوێ. هەموو ئەو شتانەی بۆ جوانی

و ڕازاندنەوەی ژیان دەبن هی ژنانە و هەر پیاوانیش دەبێ بۆیان دروست و بکەن و بۆیان بکڕن.

کارخانەکان بژمێرن. بەشی هەرە زۆری ئەوان کەلوپەلی بێ کەڵکی وەک گالیسکەکەی ڕازاوە و گرانبایی، مۆبل و قەنەفە و خشڵ و زەمبەر و متوموورووی ژنانە... دروست دەکەن. میلۆنان خەڵکیش لە هەموو بەرەیەک کرێکاری برسی و ڕەشوڕووت، وەک کوێلە ئەو کارە قورس و تاقەتپڕووکێنانە تامڵ دەکەن و لەو کارگە و کارخانانە ئیش دەکەن و ئارەق دەڕێژن، هەمووشی بۆ ڕازی بوونی دڵی ژنانە. ژنان وەک مەلەکە نەوەد لە سەدی خەڵکی دنیایان بۆ ڕاکێشانی باری ئەو کارە قورسانە بە سوخرە گرتووە و هیچکەس ناتوانێ سەرپێچی بکات. هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەیە پیاوان ئەوان بە سووک دەزانن و ئەوانیان لە مافی خۆیان و مافی یەکسان بێبەش کردووە. ئەوان ئێمە بە تەڵەی هەوەس ڕاو دەکەن و دەمانخەنە داوی خۆیانەوە و بەم شێوەیە تۆڵەی خۆیانمان لێ دەکەنەوە. بەڵێ ئەوە هەمووی ئاکامی ئەو کارەیە. ژنان خۆیان کردۆتە کەرەسە و ئامرازێک کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانن بمانخەنە داوی هەوەسەوە، بە جۆرێک کە لە پێوەندییەکی ئاسوودە و سروشتی لەگەڵ ئەوان بێبەش بین. پیاو هەرکە لە ژن نزیک بۆوە دەکەوێتە ژێر وزەی بە هێزی ڕاکێشانی و هۆش و ئیختیاری لێ دەبڕێ. من بەر لەوە هەر کاتێک ژنێکم دەدی بە جلوبەرگی سەما و هەڵپەڕکێوە خۆی لەگوڵ داوە، هۆشم لە لانەدەما، بەڵام ئێستا زۆریان لێدەترسم. لەو ژنانەدا شتێک دەبینم کە پێم وایە بۆ سڵامەتیی ڕۆحی خەڵک زۆر مەترسیدارە، شتێکی نائاسایی و ڕێگە پێنەدراوە و حەزدەکەم پۆلیسی لێ ئاگادار بکەم، دەمەوێ

داڵـدەیەک لە هەمـبەر ئەو مەترسـییەدا بـدۆزمەوە و لەوێـدا خـۆم بشارمەوە. دەمهەوێ ئەو شتە مەترسیدارە ببەن و لە خەڵکی دوور بخەنەوە!»

پێکەنینم هات لە داخانا و بە دەست خۆم نەبوو.

گوڕاندی بەسەرمدا: «دەی، دەی، پێبکەنە! بەڵام من ئەو قسانەم بە گـاڵتە نیـیە. مـن دڵنیـام زەمانێـک دێ، لەوانەیە بەم زووانەش، خەڵکی لەوە تێدەگەن و سەریشـیان سـووڕدەمێنێ چۆن گونجـاوە کۆمەڵگایەک هەبێ و لەودا ڕەفتارێکی تـا ئەو ڕادەیە دژ بە ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ ڕێگە پێدراو بێ. ژنانیش ئازاد بن و خۆیان لە گوڵ بـدەن و بە وەدەرخسـتنی جەسـتەی ڕووتیـان بەو جـۆرەی لە کۆمەڵگـای ئـێمەدا بـاوە، ئـاوری هەوەس لە دڵـی ئـێمە پیاوانـدا هەڵگیرسـێنن. ئـاخر ئەمە ڕاسـت وەک ئەوە وایە، تەنـانەت لەوەش خراپتـر، کە لە هەمـوو سـەیرانگا و سـەر ڕێگاوبانەکـان تەڵە و داو بچەقێـنن. چـۆنە لە لای ئـێمە ژن ڕێـگەی پێنەدراوە بە دڵـی خـۆی پیاوێــک هەڵبژێــری، بەڵام ئــازادە وەک لەشفرۆشــەکان خــۆی بڕازێنێتەوە و لە کۆڕ و میوانییەکاندا هەڵپەڕێ و سەما بکات. یـانی ئەم کارانە لەوانە مەترسیدارتر نین؟»

## ده

«بەڵێ، من بەو شێوەیە لە داو کەوتم. منیش بوومە کەسێکی بەناو دڵدۆڕاو. دەزگیرانەکەم لە سەر بەرزایی کەماڵی خۆم دەدی و خۆشم لە ڕۆژانی دەزگیرانەتیدا وەک ئەو لە سەر تەشقی کەماڵ دەهاتە بەر چاو. ئێوە زۆر باش تێدەگەن کە هیچ خوێڕی و سپڵەیەک نییە ئەگەر حەوڵ بدات و بگەڕێ کەسانێکی لە خۆی خوێریتر و ناکەستر نەدۆزێتەوە و بەو جۆرە بیانوویەک پەیدا نەکات بۆ لە خۆبایی بوون و لووت بەرزی. منیش هەر وابووم: یەکەم نەمدەویست بە هۆی تەماحی کۆکردنەوەی ماڵ و سامان ژن بێنم و بە پێچەوانەی زۆربەی ئاشنا و ڕۆشناکانم کە چاویان لە ماڵ و سامانی ژنەکەیان بوو یان چاویان لە دەسەڵاتی کەسوکارەکەی بڕیبوو، بەڵام من بە دووی ئەو جۆرە شتانەوە نەبووم. من گەنجێکی ساماندار بووم و دەزگیرانەکەم کچە هەژار. دووهەم ئەوەی بووبووە هۆی بایی بوونی من ئەوە بوو کە خەڵکی بەو قەستە ژنیان دەخواست و دوای ژن هێنانیش وەک ڕابردوو تۆلاز و داوێنتەڕ دەمانەوە و بە دووی نامووسی خەڵکەوە بوون، بەڵام من لێبڕاوانە بڕیارم دابوو دوای پێک هێنانی ژیانی هاوبەش خۆ لە قەرەی ئەو کارانە نەدەم و لە هیچ ژنێکی تر نزیک نەبمەوە و هەر ئەوەش بووبووە هۆی ئەوەی لووتبەرز و شاییبەخۆ بم. بەڵێ، بەرازێکی پیس و نەگریس بووم و خۆم بە فریشتە دەزانی.

ماوەی دەزگیرانەتییەکەم زۆری نەخایاند. ئەمڕۆ ناتوانم بەبێ شەرمەزار بوون بیر لەو ڕۆژانە بکەمەوە. چ شوورەیییەک! مەگین

ئەوەی ئەشقی ناوە لە ڕاستیدا نزیکایەتی و تێکەڵ بوونی ڕۆحە یان هەوسبازی؟ ئەگەر ئەشقی پاک و ئەهووراییی، تێکەڵ بوونی دوو ڕۆح بێت، ئەم تێکەڵ بوونە دەبێ بە شێوەی وشە و گوتار و مامەڵەی بیروڕا خۆی بنوێنێ یان نا؟ بەڵام ئەو شتانە لە نێوان ئێمەدا نەبوو. کاتێک پێکەوە تەنیا دەکەوتین، ئاخافتن لە نێوانماندا زۆر دژوار دەبوو. ڕاست وەک ڕەنج و ئازارەکەی سیزیڤ[١٠]. هەوڵمان دەدا شتێک بدۆزینەوە و باسی بکەین، کاتێک دەمانگوت، دیسان بێدەنگ دەبووین و بۆ شتێکی تر دەگەڕاین. هیچ قسەیەکمان بۆ گوتن نەبوو. ئەو قسانەی سەبارەت بە ژیانی داهاتوومان و پلانی کار و ماڵ و بەرێچوون دەبوو بیڵێین، هەموومان گوتبوو؛ ئیتر هیچ شتێک نەمابوو باسی بکەین. ئەگەر ئاژەڵ بووایەین خەممان نەبوو. دەمانزانی قسەکردن کاری ئێمە نییە. بەڵام ئێمە دەبوو قسە بکەین و هیچ قسەیەک نەبوو. گرفتێک کە ئێمەی بە خۆیەوە خەریک دەکرد بە قسەکردن چارەسەر نەدەکرا. جگە لەوەش ئەم خووخدە بێ مانایەی شیرینی خۆری، ئەم خواردنە قۆڕ و کارە دزێوە؛ کە ئەوەش نەریتێکی ناحەزی کاروباری زەماوەندە و باس کردنی چۆ نیەتیی ماڵ و ژووری خەو و پێخەف، خاولیی پاڵتۆیی و بالیفی تووکی قوو، ڕبدۆشامبر و مەلافەکان، جلوبەگی جوراجۆر و لەو کەلوپەلانە! وەلحاسڵ ئەگەر لە بیرتان بێ، بە پێی گرێبەستی داماسترۆی، ئەو

---

١٠- Sisipus لە ئوستوورەکانی یۆناندا سیزیف کوڕی ئایۆلۆس کە پاشای کۆرنت بوو، مەرگی هەڵفریواند و بێ ڕێزیی بە زێئووس کرد؛ سزای هەمیشەییشی ئەوە بوو لە تارتارۆس گابەردێک بە کێوێکی بەرزدا هەڵگێڕێ، ئەویش بە زەحمەتێکی زۆر هەتا نزیک لووتکەکەی دەبرد و لێی جاڵە دەبۆوە و سەرلەنوێ دەبوو گابەردەکە بە کێوەکەدا هەڵگێڕێتەوە.

پیـره کـۆنه، لـێفه و بـالیفی تـووکی قـوو و جیـازی و ئەم جـۆره کەلـوپەلانه یەکێـک له مەرجه سـەرەکییەکانی ڕێوڕەسـمی پیـرۆزی زەماوەنـده. له لای ئـێمه له ده زاوا زۆر به زەحـمەت هەڵـدەکەوێ یەکیـان بـاوەڕی به پیـرۆز بـوونی زەماوەنـد هەبـێ، ئەوەش به جێـی خۆی تەنانەت باوەڕ ناکات که ئەو کاره ئەرکێکی پیرۆز بێت. له سەد زاوا به زەحـمەت یەکێـک هەڵـدەکەوێ بەر له زەماوەنـد لەگەڵ ژنـان پێوەنـدیی جنسـیی نەبـوو بـێ. له پەنجـا کەس یەکێـک هەڵـدەکەوێ له بیری خیانەت کردن به ژنەکەیدا نەبێ و له هەل و دەرفەتێکی له بار نەگەڕێ. زۆربەی ئەوان چـوونی کلیسـا وەک مەرجێکـی تـایبەت چـاو لێدەکەن که بۆ خاوەنداریێتیی هەمیشـەیی و تـایبەتی ژن پێویسـته. لەو کاتـانەدا بیـری لێـبکەنەوه، ئەو شـتانەی پێشـتر باسـم کـردن بۆتـان دەردەکەوی چ مانایەکی ناحەز و دزێوی هەیه. پیاو بەو ئاکامه دەگات که ئەسـڵی کـارەکه هەر ئەوەیه و ڕێوەڕەسـمی گەوره و پیـرۆزی زەماوەنـد ڕاسـت مـامەڵه و فرۆشـتنی ژنه. کچێکـی پـاک و بێگەرد به پیـاوێکی حیـز و تـۆلاز دەفرۆشـن و ئەم فرۆشـتنەش ڕێوڕەسـمێکی تایبەتی هەیه و دەبێ هەمووان ئەنجامی بدەن.»

## یازده

«هەمووان بەو شێوەیە ژن دێنن. منیش وەک ئەو خەڵکە ژنم هێنا و مانگی هەنگوین کە ئەو هەمووە باسی دەکەن، دەستی پێکرد.» بە ڕق هەستاوی و ددانە چیڕەوە گوتی: «هەر ئەو ناوەی لەو مانگە نراوە، دزێوییەکی زۆری لە ناخی خۆیدا حەشار داوە. کاتێک لە پاریس بووم بۆ دیتنی هەموو جۆرە شانۆیەک دەچووم. جارێک چوومە شوێنێک، تابلۆی بەر دەرگاکەی وێنەی ژنێکی ڕیشن و سەگ‌گڵاوکێک بوو. لەوێ چاوم بە پیاوێک کەوت جلوبەرگی ژنانەی لەبەرکردبوو و شان و مل و بەشێک لە سینگی ڕووت کرد بوو، سەکێکیش کە پێستی فیلی دەریایی لە بەر کرابوو لە حەوزێکی چکۆڵەدا مەلەی دەکرد؛ ئەو شانۆیە زۆر بێ مانا بوو و سەرنجی ڕانەکێشام. بەڵام کاتێک لەوێ هاتمە دەرێ شانۆگەر بەو پەڕی ڕێزەوە بە ڕێی کردم و لەگەڵ ئەوەی پیشان خەڵکەکەی دەدام گوتی: "لەو پیاوە بەڕێزە بپرسن شانۆکە سەرنجڕاکێش بوو یان نا. وەرن، سەیری شانۆکە بکەن. نەفەری تەنیا یەک فرانکە!..." منیش لە ڕووم هەڵنەهات بڵێم: " گوێ بە قسەکانی مەدەن، فریوتان دەدا. شانۆکە هیچ سەرنجڕاکێش نییە!" کابرای شانۆگەریش بۆی دەرکەوتبوو کەسێکی شەرمێونم و بە درۆی ناخەمەوە. زۆر وێدەچێ ئەوانەی چوونەتە مانگی هەنگوینیش، بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵە شیرینە لە بەر چاوی خەڵکی تاڵ نەکەن و هیچ ناڵێن، دەنا ڕاست هەستێکی لەو چەشنەیان

هەیە. منیش ئەو خەیاڵە شیرینەی خەڵکم تاڵ نەکرد، بەڵام ئێستا دەزانم بۆ چی ڕاستییەکەم نەگوت. ئێستا لە سەر ئەو باوەڕەم کە گوتنی ڕاستی لەو جۆرە کاتانەدا زۆر پێویستە و شاردنەوەکەی تاوانیشە. پیاو لەو مانگەدا تەکلیفی خۆی نازانێ و هەست بە شەرمەزاریش دەکات. مانگێکی نەگبەت و تاڵ و خەماوی و لە هەمووشی گرنیگتر زۆر دڵتەزێنە. لە ڕادەبەدەریش دڵتەزێن و خەماوییە. هەستی من لەو مانگەدا وەک هەستی زەمانێک وابوو کە دەستم کردبوو بە جگەرەکێشان. دڵم تێکەڵ دەهات و دەمم ئاوی دەکرد. تفەکەی زارم قووت دەدایەوە و وام دەنواند چێژی لێوەردەگرم. چێژوەرگرتن لە جگەرەکێشان ڕاست وەک چێژوەرگرتن لە مانگی هەنگوین وایە، ئەگەر چێژێکیش هەبێ، دواتر هەستی پێدەکرێ. ئەویش ژن و مێرد دەبێ ئەو هەرزەییە لە خۆیاندا پەروەردە بکەن و چێژەکەی دروست بکەن.»

گوتم: «چ جۆرە هەرزییەک؟ لێردا باس لە سروشتیترین ویستەکانی مرۆڤە!»

«سروشتی؟ گوتت سروشتی؟ نا، من بەپێچەوانە گەیشتوومە باوەڕێک کە ئەو کارە سروشتی نییە. نا، بە هیچ شێوەیەک سروشتی نییە. ئەگەر باوەڕ ناکەی لە منداڵێک بپرسە. لە کچێک کە هێشتا پاکە و ڕمودە نەبووە. بۆ وێنە خوشکی من، زۆر جحێڵ بوو، شووی بە پیاوێک کرد دوو عومری ئەوی هەبوو، پیاوێکی تۆلاز و داوێن پیس بوو. لە بیرمە سەرمان سوورمابوو شەوی زەماوەندەکەی ڕەنگ بزرکاو و چاو فرمێسکاوی لە ماڵی مێردەکەی ڕایکردبوو، هاتەوە بۆ ماڵی و لەگەڵ ئەوەی وەک مێژۆکە دەلەرزی، هەنیسکی دەدا و دەیگوت بشمکوژن، بشمکوژن

ناچمەوە... ناچمەوە بۆ... نەیدەتوانی قسە بکات و ئەوەی لە دڵیدایە بیدرکێنێ.

دەڵێی سروشتی؟ خواردن کردەوەیەکی سروشتییە و هەر لە سەرەتاوە چێژبەخشە. زۆر ئاسانە و جێی شەرمەزاریش نییە. بەڵام ئەم کارە زۆر دزێویشە و شوورەییشە و بەژانیشە. نا، ئەم کارە بە هیچ شێوەیەک سروشتی نییە! منیش دڵنیام کچیش، کچێک کە هێشتا ڕمووده نەبوونێ، لەوە بێزارە.»

گوتم: «باشە، کەوایە بەرەی مرۆڤ چۆن پەرەبستێنێ؟»

بە تووڕەیی و بە لەبزێکی ڕشقنجاڕانەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕینە بێ بنەماکە ئاشنا بووبێ و چاوەڕوانی ئەو قسەیە بووبێ، گوتی: «بەڵێ، نەوەک بەرەی مرۆڤ بکەوێتە مەترسییەوە و لە نێو بچێ! بەرگری کردن لە زۆر بوونی حەشیمەت ئەگەر زگ لەوەڕاندنی لۆردە ئینگلیزییەکان مسۆگەر بکات هیچ کێشەیەکی نییە. ڕاهێنان بۆ بەرگری کردن لە زاوزێ بۆ دابین بوونی چێژی زیاتر باش و بەجێیە. بەڵام وەرە زمانت بگەڕێ و بە ناوی ڕەوشت بەرزی، سەبارەت بە ددان بە خۆداگرتن و بەرگری کردن لە زاوزی وشەیەک دەربڕە... جا ئەو کاتە دەبینی چۆن هاواریان لێ بڵیند دەبێ. ئەگەر دە، یان بیست کەسیش نەیانهەوێ وەک بەراز بژین، پێیان وایە بەرەی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیی لە نێو چوونەوە.» پاشان ئاماژەی بۆ چرای ڤاگۆنەکەی کرد و گوتی: «ببوورە، ئەو شوقە ئازارم دەدا. بەیارمەتیتان دایدەپۆشم.»

گوتم بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە و ئەو وەک هەموو کارەکان بەپەلە چووە سەر کورسییەک و سەرپۆشی پەشمینەی چراکەی داکێشا.

گوتم: «باشە بیر لەوە ناکەیەوە، ئەگەر بڕیار بێ هەموو خەڵکی بەناوی ڕەوشت بەرزییەوە ئەو ڕێگایە بگرنە بەر، بەرەی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیی لە نێو چوونەوە؟»

ئەو لە وەڵامدا تۆزێ بێدەنگ بوو. پاشان دیسان بەرەوڕووی من دانیشت و هەر دوو لاقی لێک بڵاو کرد و هەنیشکی نایە سەر ئەژنۆکانی، بۆ پێشەوە داهاتەوە و گوتی: «بەرەی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیی لە نێوچوونەوە؟ دەی چش! بەردەوام بوونەکەی بە کەڵکی چی دێ؟»

«"بە کەڵکی چی دێ" یانی چی؟ ئەگەر بەردەوام نەبووایە ئێمەش نەدەبووین.»

«دەی چییە! بوونی ئێمە چ کەڵکێکی هەیە؟»

«یانی چی؟ کەڵکەکەی ئەوەیە زیندووین.»

«بۆچی زیندووین؟ ئەگەر لە ژیاندا هیچ ئامانجێکمان نەبێ؟ ئەگەر ژیان تەنیا بۆ زیندوو بوون بە ئێمە درابێ، زیندوو بوون هیچ مانایەکی نییە. کەوایە کەسانێکی وەک شۆپنهاوێر و هارتمان و هەموو پێڕەوەکانی بوودا هەقیانە. ئەگەر بۆ ژیانیش ئامانجێک هەبێ، دیارە بە گەیشتن بەو ئامانجە ئیتر هیچ هۆکارێک بۆ درێژە پێدانی ژیان نییە.» بە شڵەژاوی و هەڵچوونێکی ئاشکراوە درێژەی بە قسەکانی دا: «بەڵێ، بەو ئاکامە دەگەین کە هیچ هۆکارێک بۆ درێژەپێدانی ژیان نییە. ئەوەشتان لە بیر نەچێ، ئەگەر وای دانێین ئامانجی مرۆڤایەتی چاکەکاری و ویژدان و ئەشق - یان هەر

ناوێکی پێتان خۆشە لێی بنێن - بێ، یان ئەو شتانەی کە پێغەمبەرەکان گوتوویانە، ئەگەر ئەوە بێ کە هەموو خەڵکی لە ئەشقدا ببن بە یەک و نێزەکان ببن بە داس، ئیتر چ شتێک دەبێتە لەمپەر لە بەر دەم ئامانجدا؟ تەنیا لەمپەری گەیشتن بەو ئامانجە ویست و ئاواتەکانی مرۆڤە و توندترین و لەچەرترین و بەدخیمترین ویست و ئاواتیش، هەوەسە؛ یانی ئەشقی جەستەیی. بەو هۆیەش ویستەکان، لەوانە بە تینترینی ئەوان یانی هەوەس و ئەشقی جەستەیی، ئەگەر لە نێو بچێ، ئەوەی پێغەمبەرەکان بۆ خەڵکیان هێناوە جێ دەکەوێ و مرۆڤەکان لە ئەشقدا بە یەک دەگەن و دەستیان بە یەکێتی ڕادەگا و مرۆڤایەتی بە ئامانجی ژیانی خۆی دەگات. ئەو ئامانجەش یەکبوون و یەکدڵییە و ئیتر هیچ هۆکارێک بۆ زیندوو بوون نامێنێتەوە. هەتا ئەو کاتەی مرۆڤایەتی زیندووە، ئامانجێکی لە بەر دەمدایە کە هەڵبەت ئەوە ئامانجی کەرویشک و بەرازەکان یانی زاوزێ کردنی زۆر و بێ بڕانەوە و هەر وەها ئامانجی مەیموونەکان و خۆشڕابوێرەکانی پاریسی نییە، کە دەستەبەرکردنی خۆشترین و ناسکترین چێژی جنسی هەوڵ دەدەن. ئامانجی ئەو چاکەکاری و پارێزگارییەکە لە ڕێگای پاکی و خۆپارێزیدا بە دەست دێ. مرۆڤەکان هەمیشە ڕێگای گەیشتن بە ئەم ئامانجەیان گرتۆتە بەر و هەوڵیان بۆ داوە. جا بڕوانە ئاکامەکەشی چییە بە کوێ دەگات!

ئاکامەکەی ئەوەیە، ئەشقی جەستەیی جۆرێک دەرووی متمانەیە. ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم بەرەیە بەو ئامانجەی مرۆڤایەتی نەگەیشتوون، تەنیا هۆیەکەی ئەوەیە وەدووی ئاوات و خولیاکەیان کەوتوون کە ئەویش بە هێزترین هێزیانە، واتە

هەوەس. ئاکامی گرتنە بەری ڕێگای هەوەس هاتنە ئارای بەرەیەکی نوێ دەبێ، بەو هیوایەی لەو بەرەیەدا مرۆڤایەتی بە ئامانجی خۆی بگات. ئەگەر دواتریش لەو ڕێگایەدا سەر کەوتوو نەبێ، درێژە پێدانی ئەو کارە بۆ بەرەکانی دوایی دەمێنێتەوە و ئەو ڕێگایە هەتا کاتی گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکە، یان یەکێتیی مرۆڤایەتی و بەرهەمی پێشوێژییەکانی پێغەمبەران، هەروا درێژەی دەبێ و بێ ڕێبوار نامێنێتەوە. گریمان خودا مرۆڤی بۆ گەیشتن بە ئامانجێک خولقاندووە. ئەگەر مرۆڤی ئازاد بخولقاندبایە و لە بەندی هەوەسدا نەبووایە، ئەم دنیا ئاکامەکەی چۆن دەبوو؟ ئاکامەکەی ئەمە دەبوو، ئەگەر مرۆڤەکان لە ماوەی تەمەنی خۆیاندا بەو ئامانجە دیاری کراوە نەگەیشتبایەن، دەمردن و خودا ناچار بوو بۆ وەدیهاتنی مەبەستی خۆی مرۆڤی نوێ بخولقێنێ. ئەگەر بە پێچەوانەش نەمر و هەرمان بیخولقاندبایەن، (هەر چەند چاکسازی هەڵەکان و نزیک بوونەوە لە کەماڵ بۆ ئەم مرۆڤانە دژواتر دەبوو لە مرۆڤە نوییەکان) دەکرێ بڵێین دەیانتوانی دوای هەزاران ساڵ بە ئامانجی خۆیان بگەن. دوای گەیشتن بەو ئامانجە ئیتر هیچ هۆکارێکیان نەدەبوو بۆ درێژەپێدانی ژیان. ئەو کاتە خودا چیی لێدەکردن؟ کەوایە بەم شێوەیەی ئێستا زۆر باشترە... بەڵام وێدەچێ ئێوە ئەم شێوە بەڵگەهێنانەوەیەتان بە دڵ نەبێ. ڕەنگە ئێوە لایەنگری گۆڕین و گووران بن. لە وەها کاتێکدا ئاکامەکە بە جۆرێکی تر دەبێ. سەر تۆپی گیانلەبەران، یانی مرۆڤ، بۆ سەرکەوتن لە شەڕی ڕاگرتن و درێژەپێدانی ژیان لەگەڵ گیانلەبەرانی تر ناچار دەبوو وەک مێشەنگوین پلوورەیەک ساز بکەن و وەک بوونەوەرێکی تاک لە

داهـاتوودا بـژین، نەک وەک ئـێمە بە لێشـاو زەوزووو بـکەن. هەر وەها دەبـوو وەک مێشـەنگوینەکان هـەنگی خەسـاو و وازهێنـاو لە غەریـزەی جنســی بەدی بێـنن؛ یـانی ڕێگـای خـۆ پـارێزی و تەرکەدنیـایی بگـرنە بەر، نەک ڕێگـای هەوەس و داوێنـتەڕی، کە سیستەمی ئێستای ژیانی ئێمە لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە.»

گتێکی گرت و درێـژەی پێدا: «ڕەگەزی مـرۆڤ لە نێو دەچـێ؟ بەڵام کەسـێک هەیە ـ ئەوەنـدە جیهـانبین بێ ـ گومـانی لەم قسـەیە هەبێ، یان ئەم مانایە تووشی شک و دڕدۆنگیی بکات؟ ئەم مانایە بەڕادەی مەرگ ڕوون و ئاشـکرایە. بەپێـی هەمـوو وتە و ڕاهێنـانە کلیسـاییەکان، دنیـا فـانییە و زانسـتیش جیهـان بە هەتـا هەتـایی نـازانێ و پێـی وایە ڕۆژێـک کۆتـایی پێـدێ. بـۆ دەبـێ جێگـای سەرسووڕمان بێ کە ڕاهێنانە ئەخلاقییەکانیش ئەوە ئاکامەکەیان بێ؟»

کە ئەوەی گـوت مـاوەیەکی زۆر بێـدەنگ بـوو. دیسـان چـایی خـواردەوە و جـگەرەکەی کێشـا و چەنـد جـگەرەی دیکەشــی لە جانتاکەی دەرهێنا و لە نێو قوتووی کۆن و ژەنگاویی جگەرەکەیدا ڕیزی کردن.

گـوتم: «تێـدەگەم چـۆن بیـر دەکەیـتەوە. لەرزەکـاران[١١]یـش باوەڕیان بەو جۆرە قسانە هەیە.»

---

١١- Shakers تاقمێکی مەزهەبین خۆیان بە «ئەنجومەنی یەکگرتووی بڕوامەندان بە گەڕانەوەی دووبارەی عیسا» دەزانن و لە سەدەی هەژدەهەمدا لە بەریتانیا سەریان هەڵدا و لایەنگری وازهێنانی یەکجاری لە پێوەندیی جینسین، چونکە لە کاتی عیبادەتدا دەلەرزن، بە کویکرە {Quaker} لەرزەکار ناوبانگیان دەرکردووە.

گوتی:« بەڵێ، بەڵێ، وایە. هەواو هەوەس بە هەر شێوەیەک بێ بەڵایەکی ترسناکە و دەبێ بە دژی ڕاوەستین. نابێ بۆ ئەو کارەی خۆمان دەیکەین، بانگەشە بکەن و خەڵکی بۆ هان بدەین. کەلامی ئینجیل دەڵێ: "هەر کەس بە چاوی هەوەسەوە چاو لە ژنێک بکات زیناحی لەگەڵ کردووە" تەنیا مەبەستی ژنی بێگانە نییە، بەڵکوو مەبەستی زیاتر لە ژنی خۆمانە.»

# دوازده

«له دنیای ئێمەدا کارەکان هەموو بەپێچەوانەن: ئەگەر پیاوێک له کاتی ڕەبەنیدا بڕوای بە خۆپارێزی و وازهێنان له پێوەندیی جنسی بوو بێ، دوای ژن هێنان ئیتر خۆپارێزی و تەرکەدنیایی بە پێویست نازانێ. گەشت و سەیرانی دوای زەماوەند، پێکەوە بوونی بووک و زاوا بە ئیجازەی دایک و باوک، بۆ خۆیانی بە ڕەوا دەزانن، ئەوەش خۆی جۆرێک عەیاشی و داوێن‌تەڕییە. بەڵام قانوونی ئەخلاق بە شێوەیەکە ئەگەر لەو کارەدا سەرپێچی بکەی کاردانەوەی خۆی بەدواوە دەبێ. زۆرم هەوڵ دا لە مانگی هەنگویندا خۆشی و شیرینایی شیاوی ئەو مانگە بۆ ژنەکەم دابین بکەم، بەڵام هەوڵەکەم بێ ئاکام مایەوە. هەمووی قەباحەت و شەرمەزاری و خەفەت بوو. زۆر زوو کارەکەم لێ دژوار بوو و خەم و ئازار خۆی لە ژیانم ئالاند. ڕۆژی سێهەم و چوارەم بوو هەستم کرد ژنەکەم مات و دڵتەنگە. باوەشم پێدا کرد و هۆکارەکەم لێ پرسی، چونکە پێم وابوو تەنیا خۆشەویستی دەتوانێ ژەنگی ئەو خەمەی سەر دڵی پاک بکاتەوە. بەڵام ئەو خۆی لە باوەشم دەرکێشا و دەستی کرد بە گریان. دەگریا بەڵام نەیدەتوانی هۆکاری دڵتەنگییەکەی خۆی دەربڕێ. خەمێکی قورس لە سەر دڵی بار بوو. وێدەچوو دڵە ڕەنجاوەکەی خەمێکی تێدا بێ و پێوەندییە ڕەشەکەمان ئەو داخەی نابێتە سەر دڵی و نەتوانێ ئەوەی لە دڵیدایە بیدرکێنێ. من زۆرم پرسیار لێکرد و ئەو منجەمنج شتێکی گوت و بۆم دەرکەوت بیری دایکی کردووە. بۆم دەرکەوت لەگەڵمدا ڕاست و یەکدڵ نییە. هەوڵم دا دڵخۆشیی بدەمەوە بەڵام هیچ

ئامـــاژەیەکم بە دایکـــی نەکـــرد. بـــۆم دەرنەکەوتبـــوو خەمـــۆکییەکەی هۆکـــارێکی تـــری هەیە و دایکـــی کـــردۆتە بیـــانوو. ئەو لە ســـەر ئەوەی باسی دایکیم نەکردبوو، لێم تۆرا، ئەو پێی وابوو باوەڕم بە قسەکەی نەکـــردووە. گـــوتی وا هەســـت دەکـــات خۆشـــم نـــاوێ و کاتێـــک بـــۆ ئەو قسەیەی لۆمەم کرد و گوتم بڕوبیانوو دەگرێ، ڕەنگی تێکچوو، لە ناکاو تووڕەیی جێگای خەمەکەی گرتەوە و بە چەند وشەی ڕەق و ژەهـــراوی دەســـتی کـــرد بە ســـەرکۆنە کـــردنم و بە پیـــاوێکی دڵـــڕەق و خۆپەرەســـــتی لە قەڵەم دام. چـــــاوێکم لە ڕوخســـــاری کـــــرد و بـــــۆم دەرکەوت ســـــاردی و دوژمنـــــایەتی ســـــەرتاپای داگرتـــــووە، تەنـــــانەت دەکرێ بڵێین ڕق و قینیش. لە بیرمە بە دیتنی ئەو دیمەنە چ ترسێک دڵی داگرتم. لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەوە چیبوو، بۆ وای لێهات؟ ئەو ئەشق و خۆشەویستییەی نێوانمان چیی لێهات؟ ئەو ڕق و بێزارییە لە کوێـــوە هـــات؟ چـــۆن شـــتی وا دەبـــێ؟ خـــۆدایە ئەو ژنە کـــوا ژنەکەی پێشـــووە!" هەوڵـــم دا دڵـــی نەرم بـــکەم و ئاشـــتی بـــکەمەوە بەڵام لەگەڵ دیوارێکی پۆڵایین و پیکهاتوو لە دوژمنـایەتییەکی ژەهـراوی بەرەوڕوو بووم و نەمتوانی ئەو ساردوسڕییە تامڵ بکەم. منیش بێ ئیختیار ڕقم هەستا و هەر دووکمان یەکتریمـان جنێوبـاران کـرد. ئەوە یەکەم شـەڕ و کێشـە بـوو لە نێوانمانـدا و کـاریگەرییەکی زۆر خراپـی لە سـەر مـن هەبـــوو. مـــن ئەوەم بە شـــەڕ زانـــی بەڵام شـــەڕ نەبـــوو، خـــۆ نوانـــدنی گێژاوێکی ترسـناک بـوو لە نێوانمانـدا و کێشـەیەکی حاشـاهەڵنەگریش بـــوو. خۆشەویســـتییەکەمان دوای دامرکـــانی گـــڕی هەوەس ســـارد بووبـــۆوە. لە هەمـــبەر یەکتـــردا ڕاوەســـتا بـــووین پێوەنـــدییەکەمان ڕووکاری ڕاستەقینە و دزێوی خۆی دەرخستبوو. دوو مرۆڤ بـووین لێوڕێژ لە خۆپەرەستی و تەنیا هەستی دڵمان حەزی چێژوەرگرتنی لە

ڕادەبەدەر لە جەستەی یەک بوو. من ئەو کێشەی نێوانمانم بە شەڕ دەزانی، بەڵام شەڕ نەبوو. ئاکامی دامرکانی گڕی هەوەس بوو کە سەرپۆشی درۆیینی خۆشەویستی لە سەر پێوەندییەکەمان هەڵدابۆوە. من نەمزانی ئەم دوژمنایەتییە زۆر زوو لە پشت گڕی هەوەسێکەوە کە دیسان بڵێسە دەستێنێ خۆی دەشارێتەوە.

پێم وابوو شەڕێکە بە ئاشتی کۆتایی دێت و ئیتر دووپات نابێتەوە. بەڵام لەم یەکەم مانگەی ژیانی هاوبەشیماندا کە مانگی هەنگوین بوو، زۆر زوو هەمیسان دەورانی تێری بە سەرداهات و دیسان هەستی نیازمان بە یەکتر سارد بۆوە و هەمیسان شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەم دووهەمین شەڕە بۆ من زۆر تاڵ و بەژانتر بوو لە شەڕەکەی یەکەم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت کەوایە یەکەمین شەڕ بە هەڵکەوت نەبوو، ناچاری بوو و هەمیسان دووپات دەبێتەوە. ئەم دووهەمییە بەتایبەت لەو لایەنەوە شوێنی لە سەر دانام کە بیانوویەکی زۆر گەورەی پێگرتبووم. کێشەکە لە سەر پارە بوو. پارەیەک کە من هیچ کات گویم پێنەدابوو، بەتایبەت کاتێک کە بۆ ژنەکەم بێ. شتێکی زۆر دوور لە زەین و بێ مانا و پڕ سووکایەتی بوو. ئەوە، نە لە من دەوەشایەوە و نەشایانی ئەو بوو. بە بیستنی ئەو بوختانە ڕقم هەستا و بۆ لۆمەکردنی قسەی نەشیاوم بە دەمدا هات. ئەویش دەستی لە سەر دەستی دانەنا و ئەوی بە دەمیدا هات پێی گوتم و دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەو وشانەی بە دەمیدا دەهات و هەر وەها ڕوخساری و چاوانی ئەو ساردی و ڕق و قینەی تێدا بەدی دەکرا کە جاری یەکەم تووشی سەرسووڕمانی کرد بووم. لە بیرمە لەگەڵ براکەم و هاوڕێکانم و تەنانەت باوکێشم دەمقرە و دەمەقاڵێم زۆر لێ پەیدا بووبوو، بەڵام هیچ کات شەڕ و کێشەیەکی ئاوا توند و تیژ و پڕ

لە ڕق لە نێوانماندا ڕووی نەدابوو. ماوەیەک تێپەڕی و ئەم ڕقە دوو لایەنەیە لە ژێر پەردەی خۆشەویستیدا شاردرایەوە، هەڵبەت ئەوەش تەنیا سەرپۆشی ڕەنگینی هەوەس بوو. من دیسان دڵم بەوە خۆش بوو کە ئەم کێشەیە بە هۆی کاڵفامی و خاووخلیچکیی ئێمەوە بووە و بۆ ئەوە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. بەڵام بۆ جاری سێهەم و چوارەمیش بە شەڕهاتین و من بۆم دەرکەوت ئەم کێشە و دەمقڕانە بە هەڵکەوت نییە و وەک خووخدەی لێهاتووە، بۆیە لێم ڕوون بوو دواتریش ئەم کێشە و دەمەقاڵێیانە هەر دەبن و ترس شکابووە گیانم. هەر لەو کاتەدا ئەم بیرەڕەشە ئازاری دەدام و بە خۆمم دەگوت تەنیا منم پێوەندیم لەگەڵ ژنەکەم بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانمە و ژیانی ژن و مێردایەتی بۆ خەڵکی هەر ئەوەیە و بەس. من ئەو کاتە هێشتا نەمدەزانی ئەو چارەنووسە چاوەڕوانی هەموو ژن و مێردەکانە و هەمووان پێیان وایە تایبەتی خۆیانە و ئەم ناکامی و دەملەپووش مانەوەیان نەک هەر لە خەڵکی بەڵکوو لە خۆشیان دەشارنەوە و ئاشکرای ناکەن.

ئەم حاڵە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە دەستی پێکرد و بەردەوام هەبوو و قورستر و دژوارتر دەبوو. لە ناخی دڵمەوە هەر حەوتووی یەکەم هەستم کرد زایە بووم و زەماوەندەکەم ئەو جۆرەی چاوەڕوانی بووم دەرنەهات، ژیانی هاوبەشیشم نەک هەر بەختەوەرانە نییە، بەڵکوو زۆر تاڵ و پڕئازاریشە. بەڵام منیش وەک خەڵکی نەمدەویست لە لای خۆم ددانی پێدا بنێم (ئەمڕۆش ئەگەر کارەکە کۆتایی پێنەهاتبایە ئاشکرام نەدەکرد) و ناکامیی خۆم نەک لە خەڵکی بەڵکوو لە خۆشم دەشاردەوە. ئەمڕۆ پێم سەیرە چۆن لە بارودۆخی ڕاستەقینەی خۆم نەدەگەیشتم. ڕاستی بارودۆخی ژیانی

من بەوەدا دەردەکەوت کە سەرچاوەی کێشەکانی ئێمە هەمووی بەهانە بوو، بۆیە دوای ئاشتبوونەوە زۆر زوو لە بیرمان دەچوونەوە. زەینی ئێمە دەرفەتی ئەوەی نەبوو لەو دۆخە پڕ لە کێشە و هەرایەماندا بەهانەیەکی لەبار بدۆزێتەوە، بەڵام لەوەش سەیرتر ئەو بیانووانەی بۆ ئاشتبوونەوە دەماندۆزینەوە کەڵکیان نەبوو. هێندێ جار وشەگەلێکمان بەدەمدا دەهات، بڕێ ڕوونکردنەوە و دەردەدڵ، تەنانەت فرمێسکیش لە چاومان دەزا، بەڵام هێندێ جاریش ـ پەککوو ئەمڕۆ وەبیرهێنانەوەی چەند شوورەیییە! ـ دوای کێشە و شەڕەجێوێکی زۆر بێدنگییەک دایدەگرتین،دوای ئەویش لە یەکتر ڕوانین و پێکەنین و ماچ و یەکتر لە ئامێزگرتن... پەککوو لەو کارە قێزەون و دزێوە! نازانم بۆ چی ئەو کاتە توانایی ئەوەم نەبوو بیر بکەمەوە و لەو هەموو شوورەیی و شەرمەزارییە تێبگەم؟»

## سێزده

دوو مسافیر سوار بوون و له سەر کورسییەکی دوور له ئێمه دانیشتن. بێدەنگ بوو هەتا مسافیرەکان دانیشتن، بەڵام کاتێک ئەوان پاڵیان دایەوە و بێدەنگ بوون، درێژەی پێدا. دیاربوو بۆ چرکەیەک هەودای وتەکانی له دەست دەرنەچووە.

«له هەموو شتێک قێزەونتر ئەوەیه کاتێک قسه دەکەن ئەشق به شتێکی پیرۆز و ئامانجدار دەزانن، کەچی لەڕاستیدا و له کردەوەدا ئەشقەکەیان شتێکی پیس و کرێته و تەنیا شیاوی بەرازەکانه، قسەکردن لەو بارەوە و وەبیرهێنانەوەی بەڕاستی جاڕزکەر و شوورەییه. بێهۆ نییه سروشت ئەو کردەوانەی به کارێکی چەپەڵ و پڕ شەرەمەزاری داناوە. ئەم شته له زەینی ئێمەشدا دەبێ بەو شێوەیه ڕەنگ بداتەوە، کەچی هەمووان ئەو کاره چەپەڵ و دزێوانه به جوان و پیرۆز دەزانن. یەکەم دیاردەی تێوەگلانی من و کەوتنه نێو گێژاوی ئەشقەوە چی بوو؟ ئەوه بوو خۆم دایه دەست شەپۆل و گێژی ویسته حەیوانییەکان و نەک ئەو کارەم پی شوورەیی نەبوو بەڵکوو لووتبەرزانه شانازیم به خۆمەوە دەکرد و خۆشم نازانم بۆ ئەو کارانەم دەکرد؟ هیچ کات له بیری ژیانی پاک و مرۆڤاندا نەبووم و له باری جەستەشییەوە خۆم لەو بوارە نەدەدا. سەرم سووڕمابوو، نەمدەزانی ئەم ڕق له یەک بوونەی ئێمه له کوێوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەرچی مەسەلەکه ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەو نێوان ناخۆشییەی ئێمه تەنیا ناڕەزایەتییەکی ویستی ئینسانی بوو به دژی گڕی هەوەسی حەیوانی که به سەر ژیانمدا زاڵ بووبوو.

ئەو ڕق و قینەی دژ بەیەک دڵمانی داگرتبوو، تووشی سەر سوورمانی دەکردم بەڵام سەیریش نەبوو. جگە لەوەش نەدەلوا. ئەم ڕقە تەنیا نەفرەتێکی دوو لایە نەبوو،یانی لەو چەشنە ڕق و نەفرەتانە نەبوو کە لە نێوان دوو کەسدا سەرهەڵدەدات وا لە جینایەتێکدا بوونەتە هاودەست. ئەوان هەم یەکتریان بۆ ئەو جینایەتە هانداوە هەم لەوشیدا بەشدارییان کردووە. بەڵام ئەو کارەی ئێمە ئاخر چۆن دەکرێ بە جینایەتی نەزانی، لە کاتێکدا ئەو ژنە بەستەزمانە لە یەکەم مانگی ژیانی هاوبەشیماندا زگی پڕ بوو، لە حاڵێکدا هەڵسوکەوتی ناحەز و کێشە و شەڕەجنێوی ئێمە هەروا بەردەوام بوو؟ ئێوە پێتان وایە لە باسەکە کلا دەبم؟ نا وانییە. من دەمهەوێ بۆتان باس بکەم چۆنم ژنەکەم کوشت. لە دادگا لێیان دەپرسیم چۆن و بە چی ژنەکەم کوشتووە. ئەو گەمژانە پێیان وایە من ئەوم لە ڕێکەوتی پێنجەمی ئۆکتۆبردا کوشتووە. نا، من ژنەکەمم لەو ڕێکەوتەدا نەکوشت. زۆر پێشتر لەوە حەیاتم لێ بڕیبوو. ڕاست بەو شێوەیەی کە هەمووان ئێستا ژنەکانیان دەکووژن. هەمووان، هەمووان...»

«یانی چی!»

«فەرموو! سەیرە هیچکەس ئامادە نییە شتێک کە وەک ڕۆژ ڕوون و ئاشکرایە تێبگات. مەبەستم ئەو شتەیە کە پزیشکەکان دەبێ بیزانن و فێری خەڵکی بکەن و لەو بارەوە بێدەنگ دەبن. مەبەستەکە زۆر سادەیە. مرۆڤیش وەک ئاژەڵان خوڵقاوە. یانی دوای عیشقبازی، دووگیانی و زایەمان و منداڵە بەری و شیر پێدان، یانی بارودۆخێک کە لەودا پێوەندیی جینسی بۆ ژنەکەش و منداڵەکەش زیانبارە. ڕێژەی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا یەکسانە. یانی بەرانبەری هەر پیاوێک ژنێکە. ئاکامەکەی دەبێ بەچی؟ ڕوون و ئاشکرایە. پێویست ناکات مرۆڤ

ئەفلاتـوون بـێ بـۆ ئەوەی ببینـێ ئاژەڵەکـان بە باشـی هەڵسـوکەوت دەکەن. یـانی خـۆ لە جـووتگیری دەپـارێزن. زانسـت بە جێـیەک گەیشتووە خرۆکەی سپییان لە خوێندا دۆزیوەتەوە و لەو جۆرە شتە هیچەکەوپووچەکـانە، بەڵام هێشـتا بەو خـاڵە نەگەیشـتوون و لانـیکەم یەکێـک لە بیرمەنـدان لەو بـارەوە هیچـی نەبیسـتووە و بـۆی دەرنەکەوتووە.

لە ئاکامـدا دوو ڕێگـا بـۆ ژن دەمێنێتەوە. یەکیـان ئەوەی وەک دێـو بکـات، یـانی تـا ئەو جێیەی پێویسـتە و لە توانایـدا هەیە هەسـتی ژن بوون و دایکاتی لە خۆیدا بکووژێ، نەهێڵێ زگی پڕ بێت و بە هەمـوو توانایەوە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی مێردەکەی ئاسـوودە بێ و هـیچ کـات لە چێژی جینسـی بێـبەش نەبێت؛ یـان چـارەیەکی تـر بـدۆزێتەوە، کە ئەوەیـان ئیتـر چـارە نیـیە بەڵکـوو سـەرپێچیی ئاشـکرایە و لادانە لە ڕێـگەی نـاموس و شـەرەف، ئەوەش لە هەمـوو بنەمـاڵە بەنـاو شەرافەتمەندەکاندا باوە؛ ئەویش ئەوەیە کە ژن بە پێچەوانەی ویستی خۆی زگی پڕ بێت و شیر بدات بە منداڵ و لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەی ڕازی بکات و گڕێ هەوەسی دامرکێنـێ. ئەوەش کـارێکە هـیچ ئاژەڵێک لە توانایـدا نیـیە و نـاتوانێ قەبـووڵی بکـات، ئەوەش سـەر چـاوەی هیسـتری و نەخۆشـیی عەسـەبییە لە چینـی بـاڵای کۆمەڵگـادا و لە نێـو خەڵکی ڕەشۆکیشدا سەرودڵ لێهاتنی پێدەڵێن. ئێوە سـەرنجتان داوەتە کچان، یانی کچانی پاک، دیتووتـانە هـیچ کـات سـەر و دڵیـان لـێ بێت؟ سەرودڵ لێهاتن تایبەتی ژنانە، ئەویش ئەو ژنانەی لەگەڵ مێردەکەیان دەژین. لای ئێمە بارودۆخەکە بەو شێوەیە و لە ئەورووپاش هەروایە. نەخۆشـخانەکانی فێـداران پـڕن لەو ژنـانەی وا یاسـای سروشـتیان

پێشێل کردووە. گەشکەداران و نەخۆشەکانی شارکۆ[12] هەموویان لە نێو چوون، ئەو ژنانەش کە دوای ئەو نەخۆشییە مجرۆ بوون لە دنیادا یەکجار زۆرن. بیری لێبکەنەوە چ کارێکی مەزن و پەرجۆئاسایی لە ژنێکدا ڕوودەدا کە تازە دووگیان بووە یان منداڵەبەرە و شیردەدا بە منداڵەکەی. لە وجوودی ئەو ژنەدا شتێک سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات کە درێژە بە بوونی ئێمە دەدات و دواتر جێگای ئێمە دەگرێتەوە، ئێمەش ئەو کارە پیرۆزە زایە دەکەین ـ چۆن؟ بیر لێکردنەوەکەشی ترسناکە. دێن باسی ئازادی و مافی ئافرەت دەکەن. ڕاست وەک ئەوە وایە مرۆڤخۆران یەخسیرەکانی خۆیان دابەستن بۆ ئەوەی قەڵەو بن و هەر لەو کاتەدا دڵنیایان بکەن بیر لە ماف و ئازادییان دەکەنەوە و خەمیان بۆ دەخۆن.»

ئەو قسانە هەموویان بە لای منەوە تازە بوون و تووشی سەرسوورمانیان دەکردم.

گوتم: «کەوایە دەبێ چبکەین؟ ئەگەر وابێ پیاو نابێ زیاتر لە جارێک لە دوو ساڵدا لەگەڵ ژنەکەی نزیکی بکات. لە حاڵێکدا پیاوان...»

بە لەبزێکی تەوساوی گوتی: «بەڵێ، پیاوان ناچارن. دیارە ئەو کاهێنانەی پەرستگەی زانستن ئەم یەقینەیان لە زەینی ئێمەدا جێگیر کردووە. حەزم دەکرد ئەو جادووبازانە ناچار بکەم ئەرکی ئەو ژنانە لە ئەستۆ بگرن کە بە بڕوای ئەوان دەبێ لە خزمەتی پیاواندا بن،

---

١٢- Jean Martin Charcot (١٨٩٣ــ ١٨٢٥) پزیشکی ناودار فەڕەنسی کە لە نەخۆشخانەی سالپتریر فێدارەکانی چارەسەر دەکرد و مژولیایشەکانی زۆر بە ناوبانگن و دەروونناسانی گەورەی وەک فرۆید لە کۆڕەکانیدا بەشدارییان دەکرد.

بەڵام نازانم ئەو کاتە چییان دەگوت. بێتوو بە خەڵکی بسەلمێنی خواردنەوەی ڤۆدکا و کێشانی جگەرە و تریاک بۆ خەڵکی پێویستە ئەو شتانە بەلایانەوە هێندە شیرین دەبێ وەک نانی شەوێ چاوی لێدەکەن. ئەم قسەیەش وەک ئەوە وایە بڵێین خودا تێنەگەشتووە چ شتێک بۆ مرۆڤ پێویستە و لەم پیاوانەش ڕێنوێنیی نەخواستووە و مرۆڤی چەوت و ناڕاست خولقاندووە. بڕوانن قسە و دیعایەی ئەو دیعایەکارانە کوێ دەگرێتەوە و چییان لە ژێر سەردایە! دیعایەکاران بۆیان دەرکەوتووە دامرکانی هەوەس بۆ پیاوان پێویستە و ددان بە خۆداگرتن بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نییە. بەڵام لە دایکبوونی زارۆ و شیرپێدانی ئاکامی هەوەسبازیی ئەوە. کەوایە دەبێ چبکەین؟ دەبێ لەو جادووبازانە بپرسی. ئەوان چارەی کارەکان باشتر دەزانن و دایان هێناوە. خودایە، کەنگێ ئەوانە و فێڵ و تەڵەکەکانیان لە سەر تەختی ئابڕوو دێنەخوارێ و تاجی گەورەیی لە سەریان دادەگیرێ. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە. کارەکە بە جێیەک گەیشتووە خەڵکی خەریکە شێت دەبن، دەست بۆ خۆ کوژی دەبەن و سە چاوەی بێ هیوا بوونەکەشیان هەر ئەوەیە و جگە لەوە هیچ شتێکی تر نییە. ئاژەلەکان وێدەچێ بزانن بەچکەکانیان هۆکاری بەردەوام بوونی بەرە و ڕەگەزی خۆیانن،هەر بۆیە لەو بوارەدا هێندێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیان لە بەر چاو دەگرن. تەنیا مرۆڤە گرنگی بەو شتە نادات و نایهەوێ لە بەرچاوی بگرێ، جگە لە چێژ و هەوەسیش بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە. بەڵێ چونکە مرۆڤ سوڵتانی سروشتە و ئەشرەفی مەخلووقاتە. خۆتان دەزانن ئاژەڵ تەنیا بۆ زاوزێ و بەردەوام بوونی ڕەگەز جووتگیری دەکەن، بەڵام سوڵتانی چەپەڵی سروشت لەو کارەدا ڕاوەستانی نییە و هەر ئەوەندەی

چێژوەرگرتنەکەی بەردەوام بێ هیچ کارێکی تر بە ناڕەوا نازانێ و ئەم کارەی کە شیاوی عەنتەر و مەیمونەکانە هەتا پلەی باڵای مرواریی ژیان، یان ئەشق بەرز دەکاتەوە. بە ناوی ئەو قەباحەتەوە چ شتێک لە نێو دەچێ؟ نیوەی مرۆڤایەتی. ئەو ژنە لە نێو دەچێ کە بۆ پێشکەوتنی لایەنی ڕاستی و خۆشییەکانی ژیان دەبێ هاوڕێی بێت. دێت بە دەستی خۆی دەیکاتە دوژمن و لەمپەری سەر ڕێگای خۆی. خۆ دیتووتانە ژنان لە هەموو جێگایەک کۆسپ و لەمپەری پێشکەوتنی مرۆڤایەتین. هۆکارەکەی چیە؟ تەنیا ئەوەیە!» چەند جار دووپاتی کردەوە: «تەنیا ئەوەیە، تەنیا ئەوەیە... بەڵێ گەورەم!» پاشان کەوتە جموجۆڵ و بۆ ئارام کردنەوەی خۆی جگەریەکی دەرهێنا.

# چاردە

دیسـان بەو لەبـزەی پێشـووەوە درێـژەی پێـدا: «منـیش بەو شێوەیە و وەک بەراز دەژیام. لە هەموو شتێک خراپتر ئەوە بوو هەر چەند ژیانم بە هەرزەیی و خوێڕییەتی تێدەپەڕی، پێم وابوو چونکە ژنانی دیکە فریو نادەم ژیانێکی بنەماڵەیی پاک و بێگەردم هەیە و ڕێساکانی ڕەوشت و کردار لە بەر چاو دەگرم و هیچ خەتایەکم نییە و ئەگەر شەڕ و کێشەش لە نێوان ئێمەدا زۆرە، هەمووی تاوانی ئەو و خەڵکە خراپەکەی ئەوە.

بەڵام دیارە تاوانی ئەو نەبوو. ژنەکەی من وەک هەمووان وابوو، وەک زۆربەی ژنان. ئەو بە پێی شوێن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگای خۆماندا ڕاهاتبوو، هەر بەو هۆیە هەموو ژنانی چینی سامانداری کۆمەڵگا بەو شێوەیە ڕاهاتوون و جگە لەوە هیچ چارەیەکی تریان نییە. هەمووان باسی فلان شێوەی نوێی پەروەردە و ڕاهێنان دەکەن. هەموو ئەو قسانە هیچەکەوپووچەکە و بێ مانان! پەروەردە و ڕاهێنانی ژنانی ئێمە هەر ئەوەیە وا بە پێی بڕوای خۆمان سەبارەت بە ژنان لە بەر چاومان گرتووە، بڕوایەکی ڕاستەقینە، نەک ئەوەی دیعایەی دەکەین و خۆی پێوە ڕادەنێین.

پەروەردە کردن و ڕاهێنانی ژنانی ئێمە هەمیشە هەر ئەوە دەبێ کە لەگەڵ بیر و باوەڕی پیاوان سازگار بێ. ئێمە هەموومان زۆر باش دەزانین پیاوان بە چ چاوێک لە ژنان

دەڕوانـن:[13] Wein weiber und Gesang. تەنـانەت شـاعیرانیش لە شـعرەکانیاندا ئەو شـتانەیان وەسـف کـردووە. ئەگەر ناسـکی و جوانکاریی شیعر و داڕشتنی فۆرمی شیعری ئاشقانە و وەسف کردنـی ڕووتـی ڤێنـووس و فەریـنەی لـێ دامـاڵی، بـۆت دەرکەوێ ژن هـیچ شـتێکی لـێ نـامێنێتەوە جـگە لە کەرەسـەیەک بـۆ چێـژ وەرگـرتن، جـا لە ترۆبـا و گراچۆڤکـاوە بگـرە هەتـا دەگـاتە کـۆڕی ڕازاوەی سـەما و هەڵپەڕکێـی دەربـاری. چـاو لە فێـڵ و تەڵەکەی شەیتانیش بکەن: سـەبارەت بە هەوەس و چێژیش ئەوە بزانن کە ژن لە جەستەی شیرینی خۆیدا زۆر چێژ و خۆشـی شـاردۆتەوە. لە سـەرەتادا شاسـواران بـوون بە دڵنیـاییەوە دەیـانگوت ژنـان دەپەرەسـتن (بەڵـێ، ژنانیـان دەپەڕەسـت و لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوانیـان بە کەرەسـەی چێژوەرگـرتن دەزانـی.) ئەمـڕۆ بە ئـێمەی دەسەلمێنن کە ڕێز لە ژنان دەگرن، لە کۆڕەکان جێگای خۆیانیان پێـدەدەن و دادێـنەوە و دەسـماڵی ژنە لە سـەر عەرزی هەڵدەگرنەوە و بەڕێز و کڕنۆشـەوە دەیدەنەوە دەسـتی. تـاقمێکی تـر بە مـافی ئەوی دەزانـن هەر پۆسـت و پـلەیەک لە دەوڵەتـدا وەرگـرێ و زۆر شـتی دیـکەی لەو شـێوەیە. ئەو قسـانە دەکەن بەڵام بە چاوی ڕابردوو لێیان دەڕوانن و ئەو بە کەرەسـەی چێژ و خۆشـی دەزانـن. جەسـتەی ئەو سـەرچاوەی چێژە و ژن خـۆی ئەوە دەزانـێ، ئەوەش لەگەڵ کـویلەیی هـیچ جیـاوازییەکی نیـیە.

---

١٣- Phrine لەشفرۆشی شۆخوشەنگ و مۆدێلی پەیکەرتاشی بەناوبانگی یۆنـان، praxietl کە بە تۆمەتی داوێنپیسی ڕاپێچی دادگا کراو پارێزەرەکەی بە ئاشکرا کردنی جوانییەکەی فحێلی کرد.

مەگین کویلەیی چییە؟ کویلەداری هەر ئەوەیە کەڵک لە کەسێک وەرگری و بەشێوەی ناچاری کاری لێ بکێشی. ڕووخاندنی ئەو سیستەمەش تەنیا کاتێک دەلوێ کە خەڵکی حەزیان لە کاری بە زۆری و دەستبەسەری نەبێ و بە تاوانێکی گەورە و کارێکی شوورەیی بزانن. بۆ لە نێو بردنی ئەم سیستەمە شکڵی ڕواڵەتیی کۆیلەداری دەگۆڕن و بە جۆرێکی تر دەیڕازێننە وای دەینووێنن ئیتر کڕین و فرۆشتنی کویلە بڕەوی نەماوە، بە خۆشیانی دەسەلمێنن و پێیان وایە کویلەیی بوونی نییە و نایبینن، یانی نایانهەوێ بیبینن، لە حاڵێکدا کویلەیی و کۆیلەداری هەروا ماوە و خەڵکی کەڵک لە هێز و وزەی کاری ئەوانی تر وەردەگرن و ئەو کارەیان زۆر بە دڵە و بە شتێکی باش و عادڵانەی دەزانن؛ هەتا کاتێکیش ئەم بارودۆخە بە باش بزانن و پێیان وابێ لە ڕووی ویژدانەوەیە، هەمیشە کەسانێکی بە هێزتر و مەرایی کار و دووزمانتر هەڵدەکەون ئەو ڕێگایە بگرنە بەر. ئازادیی ژنانیش ڕاست بەو شێوەیە. کۆیلەیی ژنان تەنیا ئەوەیە کە پیاوان حەز دەکەن وەک کەرەسەیەکی دامرکاندنی گڕی هەوەس کەڵک لە ژنان وەرگرن و ئەوەش بە کارێکی باش و شیاو لە قەڵەم دەدەن. ژن لە قەیدوبەندەکانی ڕابردوو ئازاد دەکەن و هەموو مافێکی پێدەدەن و ئەو لەگەڵ پیاو بە یەکسان دەزانن. بەڵام هەروا پێیان وایە کەرەسەیەکە بۆ دامرکاندنی گڕی هەوەسیان. لە منداڵییەوە ژن بەو جۆرە باردێنن و بیر و باوەڕی کۆمەڵگاش ئەو مۆرە بە نێو چاوانییەوە دەلکێنێ، لە ئاکامدا ژن دەبێتە ئەو کۆیلە هەژار و لێقەوماوە و پیاویش دەبێتە زاڵم و کۆیلەدارێکی ماریز.

ژن ئازاد دەکەن، ڕێگەی پێدەدەن بچێتە زانکو و لە دادگاکان لە سەر کورسیی دادوەری دانیشێ، بەڵام ئەو هەر وا بە کەرەسەی دامرکاندنی ئاوری هەوەس دەزانن. ئەگەر دەتانهەوێ ژن هەروا بوونەوەرێکی سووکوچروک و بێ نرخ بێ، کەوایە فێری بکەن هەر بەو شێوەیە لە خۆی بڕوانێ و لەو دۆخەدا بمێنێتەوە. یان بە یارمەتیی پزیشکە خوێری و بەدزاتەکان بەرگری لە دووگیان بوونی خۆی بکات؛ یانی ببێتە بەستۆکەی بە تەواو مانا و خۆی لە قۆناخی ئاژەڵ بوونیش نزمتر بکاتەوە و وەک لەیستۆکێکی شکاوی لێ بێت، یان وەک شێت و فێدار تووشی پەرکەم بێت و وەک بوونەوەرێکی چارەڕەش و لێقەوماو لە هەموو خۆشی و گەشە و نەشەیەکی ژیان بێبەش بێت.»

« ئەم بارودۆخە بە چوونە قوتابخانە و زانکۆ گۆڕانی بەسەردا نایەت. تەنیا بە گۆڕانی ڕوانگەی پیاوان بۆ ژنان و شێوەی چاوەڕوانیی ژنان لە خۆیان و خۆ بە هیچ نەزانین و بڕوا بە خۆبوون چاکسازیی بۆ دەکرێ. ئەم دۆخە نالەبارە کاتێک باش دەبێت کە ژن باڵاترین پلەی زینەت و کەسایەتی، لە حەیا و پاکیدا ببینێ و وەک ئەمڕۆ هەست بە شەرم و بێ ئابڕوویی نەکات. هەتا ئەو کاتەی بەو پێگە و پلەیە نەگەن، ئاواتی هەموو کچێک، - ڕادەی خوێندەواریی هەر چەندیش بێت - تەنیا ئەوەیە پیاوان و نێرینەی زیاتر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لە نێوان ئەواندا بە کەیفی خۆی هەڵبژاردنی هەبێ.»

«ئەوەی کە ژنێک لە ماتماتیکدا مامۆستا بێ و بۆ ژەنینی هارپ پەنجە ڕەنگین بێ، هیچ شتێک ناگۆڕێ. لە ئێستا دا ژن بەختەوەرییەکەی لەوە دایە هەرچی ویستی لە بەر دەستیدا بێ و

به مەکر و جادووی خۆی پیاوێک بخاتە داوەوە. بەم هۆیەوە گەورەترین مەسەلە کە ژن لە هەمبەر خۆیدا دەیبینێ ئەوەیە پیاوێک بدۆزێتەوە و دیلی بکات. لە ڕابردوودا بەو شێوەیە بوو لە داهاتووشدا هەروا دەبێ. ئەم بارودۆخەش لە کاتی کچێتییەوە دەست پێدەکات و هەتا دوای شوو کردن بەردەوام دەبێت. کاتێک ژن هێشتا کچە دەبێ ئەو کارە بکات بۆ فراوان کردنی بواری هەڵبژاردن و کاتێک مێردیشی کرد، بۆ زاڵ بوون بە سەر مێردەکەیدا.

تەنیا شتێک کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوە یان لانیکەم لە نێو چوونی کاتیی ئەو سۆز و خۆشەویستییە منداڵە، ئەویش لە کاتێکدایە کە ژنێکی دێو سفەت نەبێ و شیر بدات بە منداڵەکەی. بەڵام لێرەدا دیسان پزشکەکان دێنە گۆڕێ.

هاوسەرەکەی من دەیویست شیر بدات بە منداڵەکانی، شیری بە چوار منداڵی دواییمان دا، لە سەر یەکەم منداڵەکەمان نەخۆش کەوت. پزیشکە بەڕێزەکان کە بێ شەرمانە جلەکانیان لە بەری دادەکەند و دەستیان بە هەموو ئەندامیدا دەهێنا ـ دەیانویست من بۆ ئەو کارەیان سپاسیان لێبکەم و هەقدەستیشیان بدەمێ ـ بەڵام ئەو پزیشکە دڵۆڤان و خەمخۆرانە تەشخیسیان دا نابێ هاوسەرەکەم شیر بە منداڵ بدات. یەکەم زگی بوو کە ئەویان لە تاقە ڕێگای ڕزگاربوون لە سەرنج ڕاکێشان و دڵڕفاندنی پیاوان بێبەش کرد. منداڵە نۆبەرەکەمان دایەن شیری پێدا، یانی ئێمە سوودمان لە دەستکورتی و داماوی و نەزانیی ژنێک وەرگرت، ئەومان دەسخەڕۆ کرد و لە منداڵەکەیمان دابڕی و هێنامان خزمەتی منداڵەکەی ئێمە بکات، لە بەرانبەریشدا لەچکەیەکی

کەلبەتـوون کراومـان دا بە سـەریدا. بەڵام ئێسـتا مەسـەلەکە ئەوە نیـیە. مەسـەلەکە ئەوەیە کاتێـک ژنەکەم دووگیـان نەبـوو، ئەرکـی شـیرپێدانی لە سـەر شـان نەبـوو، ئەو وزەی دڵڕفێنـی و دڵبەریـیە ژنـانەی کە لەودا مـت بووبـوو زۆر بە تونـدی بە خەبەر هـات و دڵپیسـی و خانەگومـانییەکی بەو ڕادەیەش لە منـدا سـەری هەڵـدا. دڵپیســـییەک کە لە تەواوی مـــاوەی ژیـــانی ژنومێردایەتیمـــدا بەردەوام ئازاری داوم، بە جۆرێک کە هیچ کـام لە مێردەکـانی تـر کە وەک مـن لەگەڵ ژنەکانیـان، یـانی بە پـێچەوانەی ڕێسـاکانی ڕەوشت دەژین، لەو چوارچێوە ڕزگار نەبوون.

# پازده

«له ماوەی ژیانی ژن و مێردایەتیدا قەت دڵم پاک نەبۆتەوە و هەمیشە بە ژانی خانەگومانییەوەناڵاندوومە. بەڵام لە قۆناخێکی ژیاندا ژاری دڵپیسی وەها کاری تێکردم، ئاراوقارام لێ هەڵگیرا و ئیتر بۆم تامڵ نەکرا. یەکێک لەو قۆناخانە کاتێک بوو کە پزیشکەکان دوای لە دایک بوونی منداڵە نۆبەرەکەمان شیر پێدانیان لە هاوسەرەکەم قەدەغە کرد. لەو کاتەدا دڵپیسییەکەم بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. لە لایەکەوە بە هۆی ئەوەی ژنەکەم تووشی خەم و پەرۆشییەکی قورس بووبوو کە تایبەتی دایکانە و بەهۆی ئاڵۆزی و پەرێشانیی بێ هۆی ڕەوتی سروشتیی ژیانەوەیە و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ئەوەوە بوو کاتێک دەمدی خۆی لە ئەرکی پیرۆزی دایکایەتی دەبوێرێ، بە ڕاستی و ئەگەرچی لە ڕووی بێ ئاگاییەوە، بەو ئاکامە گەیشتبووم کە زۆر بە ئاسانی واز لە ئەرکی هاوسەرێتیش دەهێنێ، بەتایبەت دەمدی زۆر لەشساغە و سەرەڕای مەنع کردنی پزیشکە مێهرەبانەکانی هەتا کاتی دیاری کراو زۆر بە باشی شیری بە هەر سێ منداڵەکەی دیکەمان دا.»

باش لەبیرمە هەموو جارێک کە باسی پزیشکەکانی دەکرد، ئۆناق و ڕقێک گەرووی ڕێک دەگوشی؛ ڕۆژێکی پێمگوت:« وادیارە ڕقت لە پزیشکەکانە و لێیان بێزاری!»

«چۆن لێیان بێزار نەبم! ئەوان ژیانیان لێ تاڵ کردم. ئەوانە ژیانی هەزاران و سەدان هەزار مێردیان زایە کرد و ئێستاش لە سەر ئەو کارەی خۆیان بەر دەوامن، من ناتوانم هۆکار و بەرهۆ لەیەکتر جیا بکەمەوە. من پێم وایە پزیشکەکان هەقیانە وەک پاریزەران و کەسانی دیکە حەزیان لێبێ پارە کۆکەنەوە و گیرفانی لێ بئاخنن، هەر بۆیە ئامادە بووم بە مەیلی خۆم نیوەی داهاتەکەم بکەمە مستیانەوە، چونکە هەر کەسێکی دیکەش وەک من بۆی دەربکەوتایە ئەو بەڕێزانە چی دەکەن، بە دڵ و بە گیان ئامادە بوو نیوەی سامانەکەی خۆی پێشکەشی ئەوان بکات، بە مەرجێک ئیتر خۆ لە ژیانی بنەماڵەکەی هەڵنەقوتێنن و ئیتر کاریان بە سەریانەوە نەبێ. هەڵبەت من بەڵگەم کۆنەکردۆتەوە، بەڵام دەیان کەس دەناسم - هەڵبەت زۆر لەوەش زیاتر - پزیشکەکان یان منداڵەکەیان لە زگی دایکیدا کوشتووە و بە دڵنیاییەوە گوتوویانە ئەو ژنە ناتوانێ منداڵەکە بە ساغی بێنێتە سەر دنیا و گیانی خۆشی لە مەترسی دایە. لە حاڵێکدا هەر ئەو ژنە دواتر بەبێ هیچ گرفتێک منداڵی بووە. زۆر جاریش ژنەیان لە ژێر نەشتەرگەریدا کوشتووە. هەڵبەت هیچ کەس ئەو کارەی ئەوان بە مرۆڤ کوژی نازانێ، هەروەک کوشت و کوشتاری پشکێنەرانی بیر و باوەڕ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هیچ کەس بە قەتڵی لە قەڵەم نەدەدان، چونکە پێیان وابوو ئەو کارەیان بۆ خێر و بەرژەوەندیی خەڵک و مرۆڤایەتی کردووە. ئەو تاوانانەی ئەمانە ئەنجامیان داوە هێندە زۆرە لە حیساب نایە. بەڵام ئەم تاوانانە زۆر چکۆلە و کەم بایەخن لە چاو ئەو فەساد و بێ ڕەوشتییانەی بە ناوی ماتریالیزمەوە ئەو بەڕێزانە هێناویانەتە

سەر دنیا و لە ڕێگەی ژنانەوە پەرەیان پێداوە؛ ئەوەش بە جێی خۆی، ئەگەر بڕیار بێ ڕاهێنانەکانی ئەوان لە کۆمەڵگادا بەڕێوە بچێت، خراپە و پیسایییەک وڵات دادەگرێ، کە مرۆڤایەتی بە جێی ئەوەی ڕوو لە یەکێتی و یەکگرتوویی بکات، وای لێدێ خەڵکی ناچار بن بە پێی فەرمانی پزیشک بە جیا و دوور لە یەکتر دانیشن و ئامێری هەڵمپڕژێن و دەرمانی دژە چڵک لە خۆیان دوور نەخەنەوە و هەمیشە بە دەستیانەوە بێ. (پزیشکەکان خۆشیان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەم کارە هیچ کەڵکێکی نییە.)

ئەمڕۆ ئیتر ناتوانین بڵێین: "تۆ ڕێگاکەت هەڵەیە! چاکسازی بۆ ژیانت بکە!" ئەو قسەیە نەدەتوانین بە خۆمانی بڵێین نە بە خەڵکیش. ئەمڕۆ دەڵێن ئەگەر ژیانت تاڵ بێ هۆکارەکەی خراپیی مێشک و هەستەدەمارە و لەو جۆرە شتانە! دەبێ بچین بۆ لای ئەو بەڕێزانە و ئەوان دەرمانمان بۆ بنووسن، ئەو دەرمانانەی بۆمانی دەنووسن بە سی و پێنج کۆپیک لە دەرمانخانە دەیکڕی و دەیخۆی، نەک چاکیش نابی بەڵکوو خراپتریشت دەکا و ناچاری دیسان بچی بۆ لای پزیشکی دیکە و دەوا و دەرمانی دیکە! بەڕاستی دەبێ بڵێینماڵتان ئاوەدان بێ!

بەڵام ئێمە قسە لەوە ناکەین. دەمگوت ژنەکەم خۆی شیری دەدا بە منداڵەکانی و تەنیا ئەو زگپڕی و شیرپێدانەی بووە هۆی ڕزگار بوونی من لە ڕەنج و ئازاری دڵپیسی. ئەگەر ئەوە نەبووایە کارەکە زۆر زووتر کۆتایی پێدەهات. منداڵەکان ئەویشیان ڕزگار دەکرد و منیش. لە ماوەی هەشت ساڵ ژیانی ژن ومێردایەتیدا ژنەکەم پێنج منداڵی بوو و جگە لە یەکەمیان هەموویان خۆی شیری پێدان.»

لێم پرسی: «ئێستا منداڵەکانت لە کوێن؟»
بە دەنگێکی پڕ لە ترس و لەرزۆکەوە گوتی: «منداڵەکان؟»
«داوای لێبوردن دەکەم، وەبیرهاتنەوەی ئەوانە حەتمەن بەلاتانەوە ناخۆشە، وانییە؟»
«گرینگ نییە، ژن برا و ژن خوشکەکەم ئەوانیان برد بۆ لای خۆیان. منداڵەکانیان پێنەدامەوە. من هەموو ملکەکانی خۆشم پێشکەش کردن بەڵام ئەوان منداڵەکانیان پێنەدامەوە. ئاخر ئەوان پێیان وابوو من شێت بووم. ئێستا لە لای ئەوانەوە هاتوومەوە. چاوم پێیان کەوت بەڵام نەیانهێشت بیانبەم بۆ لای خۆم. ئەگەر بیانهێشتبایە جۆرێکم باردەهێنان وەک دایک و باوکیان لێ نەیەت. بەڵام نا، منداڵەکانم ناچارن وەک ئەوان باربێن. بەڵام هیچیش ناکرێ. دیارە منداڵەکانم پێنادەنەوە. هیچ کەس متمانە بە من ناکات. جگە لەوەش من نازانم توانایی پەروەردە کردن و ڕاهێنانی ئەوانم هەیە یان نا. پێم وایە لە توانامدا نییە. من ئیتر مرۆڤێکی لە پێکەوتووم. پیاوێکی نەقوستان و بێ توانا! بەڵام یەک شتم هەیە و لێشم ڕوونە هەمە! بەڵێ، ئەوەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. من شتێک دەزانم کە خەڵکی ئێستاش نایزانن.
بەڵێ، منداڵەکانی من زیندوون و گەورە دەبن و وەک دەروبەرییەکانیان نابار و نا ئینسان باردێن. ئەوانم دیتووە. سێ جار چاوم پێیان کەوتووە. ناتوانم هیچ یارمەتییەکیان بدەم و کارێکیان بۆ بکەم. هیچم لە دەست نایە، ئێستاش دەچم بۆ باشوور، بۆ ماڵەکەی خۆم. لەوێ ماڵێکی چکۆڵە و باخچەیەکم هەیە.

بەڵێ، مـن ئەوەی دەیـزانم خەڵکـی ئێسـتاش نـایزانن و بەم زووانەش تێینـاگەن. ئەوان زۆر زوو بۆیـان دەردەکەوێ خـۆر و ئەستێرەکان چ ڕادەیەک ئاسن و چ جۆرە کانزایەکیان تێدا هەیە. بەڵام ئەوە پەردە لە سـەر سـیفەتی بەرازانەی ئـێمە هەڵـدەداتەوە، نا... تێگەیشتنی ئەوە ئەستەمە. زۆر ئەستەم!...

هەر ئەوەنـدەی ئێـوە گوێتـان بـۆ مـن شـل کـردووە، زۆرتـان سپاس دەکەم!»

## شازده

«ئێوه باسی منداڵه‌کانتان کرد. درۆ و ده‌له‌سه‌ی زۆر سه‌باره‌ت به‌ منداڵان ده‌کرێ! ده‌ڵێن منداڵ نێعمه‌تی خودایه‌. هۆی شادیی دڵه‌کانمانه‌. به‌ڵام ئه‌وانه‌ هه‌مووی درۆیه‌. ئه‌و قسانه‌ کۆن و سواون! ئه‌مڕۆ ئیتر ئه‌و شتانه‌ نه‌ماوه‌. منداڵ هه‌ر خه‌م و داخ و دێقه‌ بۆ دایک و باوک. وانییه‌؟ زۆربه‌ی دایکان هه‌ستی پێده‌که‌ن و هێندێ جار بێ ئیختیار ده‌ریده‌بڕن. له‌ دایکانی چینی ئێمه‌ و مانان یانی ده‌وڵه‌مه‌ندان بپرسن، زۆربه‌یان پێیان ده‌ڵێن له‌ ترسی ئه‌وه‌ی نه‌کا منداڵه‌که‌یان نه‌خۆش بکه‌وێ و بمرێ، حه‌زناکه‌ن منداڵیان ببێ و ئه‌گه‌ر منداڵیشیان بوو شیری پێناده‌ن، چونکه‌ ده‌ترسن هێنده‌ خۆشه‌ویست بێ به‌ڵایانه‌وه‌ وه‌ها ئالووده‌ی بن کاتێک ده‌مرێ نه‌توانن ئازاره‌که‌ی تامڵ بکه‌ن. چێژێک که‌ شیرینی و خۆشه‌ویستی منداڵ، ده‌ست و لاقه‌ ناسکه‌کانی، قریشکه‌ و گڕوگاڵ و پێکه‌نین و یاری کردنی پێیان ده‌به‌خشێ، له‌ چاو ڕه‌نج و ئازاری بێ منداڵی پووشێک ناژێ. یانی بۆ ئه‌وه‌ی خه‌می له‌ ده‌ست دانی منداڵه‌که‌یان نه‌چێژن واز له‌ ئه‌و هه‌موو شادی و چێژوخۆشییه‌ ده‌هێنن. ئه‌وان چۆنیه‌تیی منداڵ بوون یان نه‌بوون وه‌لاده‌نێن و بۆیان ده‌رکه‌وتووه‌ نه‌بوونی منداڵ به‌ قازانجیانه‌، هه‌ر بۆیه‌ حه‌ز ناکه‌ن منداڵیان ببێ. ئه‌وان ڕاشکاوانه‌ و به‌ ئاشکرا ئه‌وه‌ ده‌رده‌بڕن، چونکه‌ پێیان وایه‌ ئه‌و کاره‌ یانی خۆشه‌ویستیی منداڵ. هه‌ستێکی ناسک و مرۆڤ دۆستانه‌ که‌ شانازیی پێوه‌ ده‌که‌ن. له‌وه‌ تێناگه‌ن ئه‌و جۆره‌ به‌ڵگه‌هێناوه‌یه‌ بۆ

خۆشەویستی ڕاست نکوولی کردنە لە ئەشق و تەنیا خۆ پەرەستیی خۆیان دەسەلمێنن. ئازارێک کە بە هۆی ترسی لە دەستدانی منداڵەوە لە دڵیاندایە زۆر بە هێزترە لە شیرینی و خۆشەویستیی ئەو. ئەوان منداڵیان خۆشناوی و چاوپۆشیی لێدەکەن. خۆیان ناکەنە قوربانیی بوونەوەرێکی چکۆڵە و خۆشەویست، بەڵکوو بوونەوەرێک کە لەوانەیە ببێتە خۆشەویستیان دەیکەنە قوربانی خۆیان.

دیارە ئەوەش ئەشق نییە بەڵکوو ئەوپەڕی خۆپەرەستییە. بەڵام کاتێک ئازاری تاقەتبڕی ئەو دایکانەمان وەبیر دێتەوە کە منداڵەکەیان نەخۆش دەکەوێ و بە هۆی خۆتێوەردانی ئەو پزیشکانەوە ئازارەکەیان زیاتر دەبێ و برینەکەیان تەشەنا دەبێتەوە، دڵمان بڕوایی نادات سەرکۆنەیان بکەین. تەنانەت ئەمڕۆ، کاتێک ژیان و بارودۆخی هاوسەرەکەم لە سەرەتای ژیانی ژن و مێردایەتیماندا وەبیر دێتەوە کە سێ ـ چوار منداڵی سەروپێچکەی هەبوو، ترس دڵم دادەگرێ؛ کاتێک دێتەوە بیرم لە تاوی منداڵەکانی ژان و ئازارەکانی خۆی لە بیرچووبۆوە و ئامادە بوو لە پێناوی ئەواندا سەر و گیانی خۆی بکاتە قوربانی، لە ناخەوە هەڵدەچۆقێم. ئێمە لەو کاتەدا ژیانێکی زۆر تاڵ و دژوارمان هەبوو. خۆمان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدا دەدی و هەوڵمان دەدا لەو چۆرتمە دەرباز بین. هێشتا کڵپەی مەترسیی یەکەم دانەمرکا بوو، هەستمان بە نزیک بوونەوەی مەترسییەکی دیکە دەکرد، دیسان هەوڵی هیوابڕاوانە دەدا بۆ ڕزگار بوون و لە ئاکامیشدا بێ هیوا دەماینەوە. وەلحاسڵ بەردەوام خۆمان لە سەر پاپۆڕێکی سەر گەردان و دیلی لرفە و شەپۆلان هەست پێدەکرد. هێندێ جار پێم وابوو ئەم بارودۆخە بە ئانقەست دێتە پێشێ و هاوسەرەکەم وا دەنوێنێ خەمی

منداڵەکانیەتی و بەو جۆرە دەیهەوێ بە سەر مندا زاڵ بێت. بەم شێوەیە هەموو مەسەلەکان بە ئاسانی بە قازانجی هاوسەرەکەم دەشکایەوە. هێندێ جار وام بە خەیاڵدا دەهات کە ئەوەی لەو بارەوە دەیکات یان دەیڵێ، بە ئانقەستە و مەبەستێکی لە پشتەوەیە! بەڵام نا، ئەو خۆی بە ڕاستی ئازاری دەکێشا و بەردەوام خەمی منداڵەکان و بارودۆخی نەخۆشی و تەندروستییان ئازاری دەدا. ئەو خەمی بۆ منیش دەخوارد، خەمەکەی ئەوە بوو نەیدەتوانی لەو بارودۆخەدا بە من ڕابگات. خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵ و پێویستیی ئاژەڵ ئاسایی بۆ شیر پێدان و لاواندنەوە و ئاگاداری لێکردن، بە لای زۆربەی ژنانەوە سروشتییە، بەڵام بە پێچەوانەی ئاژەڵان ئەمان خاوەنی ئاوەز و توانایی خەیاڵ و بیر کردنەوەن. مریشک خەمی ئەوەی نییە بەڵایەک لەوانەیە بە سەر جووچکەکانی بێت، ئاگاشی لە گریمانەی نەخۆشییەکانی ئەوان نییە و ئەو دەرمانانەی ئێمە پێمان وایە لە نەخۆشی و مەرگمان ڕزگار دەکات ئەوان نایناسن و جووجەڵەکانیش بۆ ئەو سەرچاوەی خەم و ئازار نین. مریشک کارێک بۆ جووجکەکانی دەکات کە بەلایەوە سروشتییە و سەرچاوەی چێژە؛ کاتێکیش جووجکێکی نەخۆش دەکەوێ شێوەی پەرستارییەکەی دیار و ئاشکرایە: دەیخاتە ژێر باڵی خۆی و گەرمی دەکاتەوە، خواردنی پێدەدا و لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێ دەبێ کارێک بکات کە پێویستە. ئەگەر جووجەڵەکەشی مرد، لە خۆی ناپرسێ بۆ چی لە نێو چوو، یان چوو بۆ کوێ. هێندێک قود قود دەکات و دەگارکێنێ، پاشان هێور دەبێتەوە و وەک ڕابردوو درێژە بەژیانی خۆی دەدا. بەڵام بۆ ژنانی چارەڕەشی ئێمە و بۆ ژنەکەی من بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو. باسی نەخۆشی و ڕێگەی عیلاج و

چارەسـەرەکانیان نـاکەم. سـەبارەت بە پەروەردەکردنـی منـداڵان و شـێوەی ڕاهێنـانی ئەوان بەردەوام لە هەمـوولایەکەوە نەریـت و ڕێوشوێنی جۆراوجۆری دەبیست و دەیخوێندەوە، کە بەردەوامیش گۆڕانیان بە سەردا دەهات. یەکێک دەیگوت منداڵ دەبێ ئاوا بە خێو بکرێ و خواردنێکی لەو شێوەیەی پێبدرێ. ئێمە هەر دووکمان و بە تـایبەت ئەو، سـەبارەت بە جلـوبەرگ و خـواردن و خـواردنەوە و شـێوەی شـۆردن و پاکوخـاوێنی و خەوانـدن و بۆچـوونە سـەیران هەڵمژینی هەوای تازە، هەر حەوتووی ڕێوشونێکی نوێمان دەبیست. دەتگـوت لە دایـک بـوونی منـداڵ شـتێکی تـازەیە و ڕۆژی ڕابـردوو سەری هەڵداوە. دەیانگوت شێوەی بەخێوکردن و پاکوخـاوێنییەکەی بە جێ و لە کـاتی خۆیـدا نەبووە، هەر ئەوەش بـۆتە هـۆی نەخـۆش کەوتنی منداڵەکە و هەموو تاوانەکەی لە ئەستۆی هاوسەرەکەم بوو، بۆ چی ئاوای کردووە و ئاوای نەکردووە.»

«ئەوانە هەمووی لە کـاتی تەندروسـتیدا بوو، لەگەڵ ئەوەشـدا بۆ ئێمە مـایەی خەم و ئـازار بـوو. بەڵام ئەو کاتـانەی منداڵەکە نەخـۆش دەکەوت ئیتر هەر باسی مەکە. ئەو کـاتە ئیتر ژیانمـان لێ دەبوو بە دۆزەخ. وامان دادەنا کە نەخۆشییەکە چارەسەر دەکرێت و زانسـتێک هەیە بە نـاوی پزیشـکی و کەسـانێکیش هەن بە نـاوی پزیشـک و هەمـوو شـتێک دەزانـن، هەڵـبەت نەک هەمـوو پزیشـکەکان، بەڵکـوو تاقمێکیـان کە زۆر بـاش و حەکیمن. کاتێـک منـداڵ نەخـۆش دەکەوێ دەبێ باشترین پزیشک بدۆزینەوە، پزیشکی لێزان و شـفابەخش، بۆ ئەوەی منداڵەکە چارەسەر بکات و ئەگەر ئەو پزیشکە نەدۆزییەوە و ئەگەر لەو پزیشـکە شیفابەخشـە دوور بـی و زانسـتەکەی بە فریـات نەگـات، ڕۆڵەکەت لە دەسـت دەچـێ. ئەوە بـڕوای ژنەکەی مـن بـوو.

هەموو ژنانی دەوروبەری ئەو بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە و ئەو بەردەوام لە هەموو لایەکەوە دەیبیست: "یەکاترینا سیمۆنۆڤنا دوو منداڵی لە دەست دا، چونکە نەیتوانی لە کاتی خۆیدا ئیڤان زاخاریچ ببات بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشەکەی. بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنا توانیی ئیڤان زاخاریچ ببات بۆ چارەسەر کردنی کچە گەورەکەی و نەخۆشییەکە ماریجە کرا. بنەماڵەی پێترۆڤ لە سەر داوای پزیشک منداڵەکانیان لە یەک جیا کردەوە و هەر کامەیان نارد بۆ هوتێلێک و منداڵەکان زیندوو مانەوە و ئەگەر لە یەکیان جیا نەکردایەنەوە هەموویان دەمردن. فلان خاتوون منداڵێکی لاواز و نەخۆشی هەبوو لە سەر داوای پزیشک منداڵەکەی برد بۆ باشوور و لە مەرگ ڕزگاری بوو." چۆن دەکرێ دایکێک هەموو ماوەی تەمەنی ئازار نەکێشێ و تێک نەچێ لە کاتێکدا مەرگ و ژیانی جگەرگۆشەکانی بەوە بەندەکە لە بیروڕای ئیڤان زاخاریچ ئاگادار بێ. ئێستا ئیڤان زاخاریچ چی دەزانێ و چی دەڵێ، هیچکەس نازانێ و خۆشی لە هەمووان کەمتر. چونکە خۆی باش دەزانێ هیچ نازانێ و هیچ یارمەتییەکیشی لە دەست نایە، تەنیا دەیهەوێ بە فێڵ و تەڵەکە و لاریکەوە و مەیرێژە خەڵکی هەڵخەڵەتێنێ، بۆ ئەوەی هەروا جێی متمانە بێ و خەڵکی باوەڕی پێبکەن. ئەگەر ژنەکەی من بەڕاستی ئاژەڵ بووایە، ئاوا ئازاری نەدەکێشا. ئەگەر بە تەواوی مرۆڤ بووایە و ئیمانی بە خودا بووبووایە، وەک ژنانی ئیماندار بیری دەکردەوە و دەیگوت: "ژیان خودا داویەتی و خۆشی دەیستێنێتەوە. کاری خوداش هیچی لەگەڵ ناکرێ". پێی وادەبوو ژیان و مردنی هەموو مرۆڤەکان و منداڵەکانیان لە توانایی خۆیان بەدەرە و تەنیا بە دەستی خودایە، ئیتر لە دەست ئەم خەیاڵە بێ بنەمایەش ئازاری

نەدەکێشا کە دەیتوانی بەرگری لە مەرگ و نەخۆشیی منداڵەکەی بکات و نەیکردووە.

بارودۆخەکە بە بڕوای من بەم شێوەیە بوو: "بوونەوەری زۆر وردیلە و بێهێز دەکەونە ژێر مەترسیی بەڵا و ئاپۆری لە ڕادەبەدەر. ئەویش دەرهەق بەو بوونەوەرانە دڵی پڕ بوو لە سۆز و بەزەیی. جگە لەوەش ئەو بوونەوەرە ناسک و وردیلانە بە ئەو سپێردرابوون و بۆ بەدبەختی ڕێگا و دەرەتانی ئەوەی نەبوو بیانپارێزێ، زۆری حەز دەکرد لەو مەترسییە ڕزگاریان بکات بەڵام لە پشت دەرگایەکی داخراو بوون و کلیلی دەرگاکەش لە دەستی کەسانێکدا بوو کە تەنیا بۆ پارەی زۆر و زەوەند کاریان دەکرد و ئەویش زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوت کارێکیان لە دەست بێت."

ژیانی منداڵەبەری سەر لەبەری بۆ ژنەکەم و لە ئاکامدا بۆ خۆشم بەری لە شادی و دڵخۆشی و تەژی لە خەم و ئازار بوو. چۆن دەکرا ئازار نەکێشێ؟ بەردەوام گڕی ئازار هەڵیدەچۆقاند. هێندێ جار هەڵدەکەوت گڕی شەڕ و کێشەیەک کە بە هۆی دڵپیسییەوە هەڵاییسابوو، خەریک بوو دادەمرکا و ئێمە خەریک بووین هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشین و دەمانویست کتێبێک بخوێنینەوە یان بیر بکەینەوە، هێشتا دەستمان بە کارە دڵخوازەکەمان نەکردبوو لە پڕ هەواڵیان دەهێنا ڤاسیا دەرشێتەوەیان پیسی ماشا خوێنی پێوەیە، یان ئاندرۆشا لەشی لیرگی دەرکردووە و هەڵزڵەپاوە. هەر ئەوە بەس بوو بۆ تەفروتوونا بوونی هێمنایەتی و حەسانەوەمان. ئیتر ژیانمان دەشێوا. نەماندزانی قوڕی کوێ بکەین بە سەر خۆماندا و پەنا بۆ کامە پزیشک بەرین؟ چۆن نەخۆشەکە لە ئەوانی دیکە جیا بکەینەوە؟ تاویاوێکی زۆر توند بوو،

دەبوو ڕیخۆڵەکانی پاک بکرێنەوە و پەنا بۆ ماجووم و عیلاجی پزیشک بەرین. هێشتا ئەو کێشەیە کۆتایی نەهاتبوو ڕووداوێکی تر هێمنایەتیی بنەماڵەی دەشێواند. هەر وەک باسم کرد بەردەوام هەوڵمان دەدا بۆ چارەسەر کردنی مەترسییە ڕاستەقینە یان خەیاڵییەکان. زۆربەی بنەماڵەکان تووشی ئەو بەڵا و پەتایە بووبوون. بەڵام لە بنەماڵەی ئێمەدا زۆر تووش و دژوار بوو، چونکە ژنەکەم لە ڕادەبەدەر منداڵ خۆشەویست بوو و ڕۆح و گیانی لەگەڵیان بوو، هێندەش خۆشباوەڕ بوو بە کەوچکە ئاوێک دەکەوتە مەلە.

بەم شێوەیە بوونی منداڵ نەک گرفت و دڵەخورپەکانی سووک نەدەکردین بەڵکوو تاڵ و دژوارتریشی دەکرد. جگە لەوەش بوونی منداڵ بۆ ئێمە بیانوویەکی تازە بوو بۆ کێشە و دەمقڕە و شەڕەجنێو. لەو کاتەوە بووین بە خاوەنی منداڵ، منداڵەکان هەم هۆکاری کێشە بوون و هەم بیانووویەک بوون بۆ شەڕ و دەمبەدەمە، هەر چی گەورەتریش دەبوون زیاتر. بەڵێ منداڵەکان هۆکاری کێشەکەمان بوون. ڕاست وەک ئەوە وابوو منداڵەکانمان بکەینە کەرەسەی شەڕ و ئەوان بە سەروسەکوتی یەکتردا بکێشین. هەر کام لە ئێمە لە نێو منداڵەکاندا گوڵەجەرگەیەکمان هەبوو، هەر ئەو گوڵەجەرگەیەش بیانوویەک بوو بۆ قڕە و هەرای بەردەوام. من لەگەڵ ڤاسیا بە شەڕ دەهاتم کە منداڵی نۆبەرەمان و گوڵەجەرگەی ژنەکەم بوو، ژنەکەشم لەگەڵ لیزا تێکهەڵدەچوو کە خۆشەویست و گوڵەجەرگەی من بوو. جگە لەوەش کاتێک منداڵەکان گەورەتر دەبوون و کەسایەتییان شکڵی دەگرت، ئەوانمان دەکردە لایەنگر و هاودەستی خۆمان. ئەوان هاوپەیمانی ئێمە بوون لە شەڕدا. ئەو

منداڵە بەستەزمانانە کێشە و دەمەقاڵێی ئێمە زۆری ئازار دەدان، بەڵام ئێمە وەها سەرقاڵی شەڕوقڕە و پلانی خۆمان بووین، گوێمان لە ڕەنج و ئازاری ئەوان نەبوو، نەپەرۆشی حاڵوباڵی ئەوان بووین و نە بیرمان لێدەکردنەوە. کچۆڵەکەمان لایەنگری من بوو، کوڕە نۆبەرەکەشمان لایەنگری لە دایکی دەکرد. ئەو زۆری شێوەی دایکی دەدا، ئازیز و گوڵەجەرگەی ئەو بوو؛ هەر بۆیە من زۆری لێ بێزار بووم.»

# حەڤدە

«بەڵێ، ژیانی ئێمە بەو شێوەیە بوو. پێوەندیمان بەردەوام تاڵتر و دوژمنانەتر دەبوو. تەنانەت کێشەکەمان بەجێیەک گەیشت ئیتر جیاوازیی بیروڕا نەبوو، کە پشکۆی دوژمنایەتییەکەمای باوەشێن دەکرد، بەڵکوو دژایەتیمان بووبووە هۆی جیاوازیی بیروڕامان. ئەوەی ژنەکەم دەیگوت هێشتا بە تەواوی لە دەمی نەهاتبووە دەرێ من دژایەتیم دەکرد و ئەویش بۆ وتە و بیروڕاکانی من کتومت بەو شێوەیە بوو.

لە ساڵی چوارەمی ژن و مێردایەتیماندا ئیتر وای لێهاتبوو هیچ کام لە قسەی یەکتر تێنەدەگەیشتین و نەشمان دەوسیت تێبگەین، هەر بۆیە بۆمان دەرکەوت بە هیچ شێوەیەک پێکەوە دانوومان ناکوڵێ. ئیتر هەوڵیشمان نەدەدا بە جۆرێک ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و نەرمی بنوێنین. لە سەر ساناترین مەسەلەی ڕۆژانە، بەتایبەت کاروباری منداڵەکان هەر یەک بە شێوەیەک سواری سەری قسەی خۆمان دەبووین و هیچ کام لە کەلی شەیتان نەدەهاتینە خوارێ، دەمانویست بە هەر نرخێک بێ قسەی خۆمان بسەلمێنین. بە جۆرێک کە ئەمڕۆ وەبیرم دێتەوە ئەو بیر و باوەڕانەی پێداگریم لە سەر دەکرد و هەردوو پێم لە کەوشێک کردبوو و بەرگریم لێدەکرد، خۆشم دەمزانی وانییە و ئەوەندەش بەلامەوە گرنیگ و تایبەت نەبوو کە نەتوانم لێی پاشگەز ببمەوە. بەڵام دەمزانی هاوسەرەکەم بیروڕای

جیاوازە و ئەگەر لە قسەی خۆم پاشگەز بوومایەتەوە بە مانای ئەوە بـوو بەزیـوم و چـوومەتە ژێـر بـاری قسـەکانی و تەسـلیمی بـووم، ئەوەش کارێک بوو من نەدەچوومە ژێر باری و ئەویش لە من خراپتر لە سەر قسەی خۆی سوور بوو. ئەو هەمیشە لە هەمبەر مندا خۆی بە هەقدار دەزانی و منیش بە بڕوای خۆم لە لای ئەو پیاوێکی قەدیس و تۆبەکار بووم. کاتێک پێکەوە دەبووین جگە لە بێدەنگی هیچ کارێکی ترمـــان نەبـــوو. دەتگـــوت قڕوقەپمـــان کـــردووە، جاروبـــار ئەگەر قسەیەکیشـمان دەکـرد هێنـدە قـۆر و بـێ مانـا بـوو دڵنیـام ئەگەر ئاژەڵەکـان زمانیـان هەبـووایە بەو شـێوەیە پـێکەوە دەدوان. "سـەعات چەندەیە؟ کاتی خەوتن هاتووە! ئەمشـەو بۆ شـێو چیمان هەیە؟ بچین بۆ کوێ؟ ڕۆژنامە چیی نووسیوە؟ دەبێ بنێرین بە دوای دەکتۆردا بێـت بـۆ ئێـرە! ماشـا گەرووی ژان دەکـا." هەر ئەوەنـدەی سـەرە دەرزییەک لە وتووێژە ئاساییەکان لامان بدایە، لە ناکاو گڕی ڕق و تووڕەیی بڵێسـەی دەکێشـا و شـەڕەجنێو دەسـتی پێدەکرد. ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بـاس کردنـی بـابەتێکی بێ بـایەخی وەک قـاوە، سەرپۆشـی مێـز، عارەبـانە، یـان هێـرش لە یـاریی بریجـدا دەبـووە هـۆی کێشـە و دەمەقاڵێ؛ یانی کێشەکەمان لە سـەر شـتێک بوو کە بۆ هـیچ لایەکمـان کەمترین گرنگایەتیی نەبوو. لەو جۆرە کاتانەدا، من بەشـبەحاڵی خـۆم، قین و تووڕەیی لە ناخمدا بڵێسەی دەکێشا. کاتێک چایی تێدەکرد یان لاقـی دەجووڵانـدەوە یـان کەوچکـی دەبـرد بـۆ دەمـی یـان شـەربەتی هەڵدەقوڕانـد، چـاوم لێـدەکرد و ئەو کـارانەی وەهـای بێـزار دەکـردم دەتگوت دزێوترین و قێزەونترین کاری ئەنجام داوە. من نەمدازانی خولەکانی ڕق و بێزاریی من بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خۆی دەردەخـات و دووپات دەبێتەوە و لەگەڵ ئەو کاتـانەی خۆشەویستیمان پێدەگوت

به تەواوی یەک دەگـرێتەوە. ئەو دوو خـولەی ژیانمـان یـانی خـولی گەرموگوڕی ئەویـن و خۆشەویسـتی و دوای ئەویـش خـولی شـەڕ و توندوتیژی دەتگوت بە ڕاستی تەواوکەری یەکترین. بە شێوەیەک کە هەر چەندە خۆشەوستییەکەمان گەرموگوڕ و ئاگرینتر بووایە ماوەی ڕق و تووڕەیی و دەنگ داگۆڕینمان زیاتری دەخایاند، بە پێچەوانەش کاتێک تێکەڵی و هاوباوەش بوونمـان زۆر گەرم و بە سـۆز نەبووایە، مـاوەی ڕق و بێزارییەکەشـمان کەم خـایەنتر بـوو. ئـێمە لەو کـاتەدا تێنەدەگەیشـتین ئەو خۆشەویسـتی و بێـزارییە جۆرێـک دۆژدامـاویی ئاژەڵانەیە، بەڵام کەوتۆتە دوو جەمسـەری ڕێزەی کاریگەرییەکانەوە. ئەگەر ئـێمە لە بـارودۆخی ژیـانی خۆمـان بگەیشـتبایەین بۆمـان دەردەکەوت لەگەڵ ڕاستییەکی چەند تاڵ و ترسناک بەرەوڕوو بووین. بەڵام تێنەدەگەیشـتین و ئەو تـاڵی و دژوارییانەمـان نەدەدی. مـرۆڤ کاتێک لە نێو دزێویدا بژی و بە لاڕێدا بڕوات ئاوێنەی زاتی خۆی لێڵ دەکـات و نـاتوانێ چارەڕەشـییەکانی خـۆی ببینـێ؛ ئەم بـارودۆخە ڕەشەش دڵدانەوە و سزادانی ئەوی لێ دەکەوێتەوە.

بارودۆخی ژیانی ئێمەش بەو شێوەیە بوو. هاوسـەرەکەم هەوڵـی دەدا بە شـێوەیەکی بـاش کـار و بـاری مـاڵەکە بەڕێوەببـات و بیڕازێنێتەوە، بە خۆی و منداڵەکان ڕابگات و بۆ فێربوون و بارهێنان و تەندروستییان تێبکۆشێ، هێندەش جیددی و دڵسۆزانە ئەو کارەی دەکـرد بە تەواوی خـۆی فەرامـۆش کردبـوو. منـیش سـەرگەرمی و ڕابـواردنی خـۆمم هەبـوو و لەواندا بۆ مەسـتی و دڵخۆشـی دەگەڕام، ئەویـش بەڕێـوەبردنی کاروبـاری مڵکەکەم و ڕاو و قومـار بـوو. هەر دووکمـان بەردەوام سـەرقاڵ بـووین. هەر دووکمـان هەسـتمان دەکـرد هەر چەندە زیاتر خۆمان سەرقاڵ بکەین، دەرهەق بە یەکتر شڕودڕتر

و تووڕەتر دەبین. چاوم لێدەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "بەڵێ، چیت پێخۆشە بیکە! هەرچی دەکەی نۆبەخشت بێ، بە خۆت و ئەو هەموو ئەدا و ئەتوارانەتەوە! دوێشەو هێندەم خەونی هاشەوپاشە بە خۆت و شەڕ و دەمەقاڵێکانتەوە دی، لە حەیبەتا خەوم زڕا و هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوم، ئەمڕۆش کۆبوونەوەم هەیە! "ئەو نەک لە دڵی خۆیدا بەزمانیش دەیگوت: "خۆ تۆ خەمی هیچیت نییە و وەک دێو دەخەوی، بەڵام من هەتا بەیانی ئەو منداڵە نەیهێشتووە چاوم لێک بنێم!"

ژیانی ئێمە ئاوا بوو، تەمتومانێکی چڕ ناخ و مێشکی تەنیبووین و نەیدەهێشت لە حاڵی خۆمان ئاگادار بین، ئەگەر ئەو ڕووداوە نەقەومایە من هەروا لەو بارودۆخەدا دەمامەوە، پیر دەبووم و هەتا کاتی مەرگ پێم وادەبوو ژیانێکی باش و بێ عەیبم هەیە. هەڵبەت ئەو ژیانەم بە باش و بێ وێنە نەدەزانی، بەڵام خراپیش نەبوو. وەک ژیانی هەمووان وابوو. ئەو تاڵی و گێژاوە پڕچەرمەسەری و کوێرەوەرییە و ئەو زەلکاوی درۆ و نەگبەتییەی لە نێویدا نوقم بووبووم، وەهای بەر چاوم تاریک کردبوو نەمدەزانی چبکەم و چۆن خۆمی لێ دەرباز بکەم.

«ئێمە دوو دیلی بەند کراو و لە یەکتر بێزار بووین، هەر دووکمان زەنجیرێکمان لە پێدا بوو، ژیانمان لە یەکتر کردبووە ژقنەمووت و خۆمان لەوە ئاگادار نەبووین. من لەو کاتەدا نەمدەزانی نەوەد و نۆ لە سەدی ژن و مێردەکان لە دۆزەخێکی ئەوتودا دەژین و بارودۆخی ژیانیان هەر ئەوەیە و لەوە باشتر نابێ. من ئەو ڕاستییەم نە لە ژیانی خۆمدا بۆ دەرکەوتبوو، نە لە ژیانی خەڵکیدا.

سەرم لەو هەڵکەوت و ڕووداوە سەیر و سەمەرانە سووڕمابوو، لە ژیانی لەبار و تەنانەت نالەبارشیدا دەستیان لێهەڵنەدەگرتم! کاتێک دایک و باوک لە یەک بێزار دەبن و بە نزیک بوونەوە لە یەکتر ئازار دەکێشن، پێکەوە ژیان مەحاڵ دەبێ و جگە لە سیستەمی ژیانی شارستانییانە بۆ ڕاهێنانی منداڵ هیچ ڕێگەچارەیەک نامێنێ؛ هەر بۆیە دایک و باوک خۆیان بە ناچار دەزانن گوند بەجێ بهێڵن و بچن بۆ شار.»

بێدەنگ بوو، یەک دوو جار دەنگە سەیرەکە لە گەرووی دایە دەرێ، کە ئیتر وەک قوڵپەی گریانێک وابوو لە گەروودا قەتیس مابێ.

پرسیی: «سەعات چەندە؟»

چاوم لە کاتژمێرەکەم کرد. سەعات دوو بوو.

پرسیی: «ئێوە ماندوو بوون؟»

«نا،ئەی تۆ؟»

«من خەریکە دەخنکێم. ڕێگەم پێبدە تۆزێ پیاسە بکەم و ئاو بخۆمەوە.»

بەلاتراسکە بەستن ڕۆیشت بۆ ئەو سەری ڤاگۆنەکە. من بە تەنیا مامەوە و وتەکانی ئەوم وەبیر خۆم دەهێنایەوە و وەردم دەدایەوە، وەها بە گۆمی بیر و خەیاڵدا ڕۆچووبووم کاتێک لە دەرگاکەی دیکەوە هاتەوە ژوورێ ئاگام لێنەبوو.

## هەژدە

دیســان درێــژەی بە قســەکانی دایەوە: «بەڵــێ، بەردەوام بە دووی فکــری تــازەوە بــووم و بیــروڕام دەگــۆڕدرا و دەمەویســت ئەوەی لە دڵمدایە دەریببــرم؛ ئێســتە هەروام. لە گونــد کۆچمــان کــرد و بــووین بە شارنشــین. ژیــان لە شــار بــۆ ناکــام و دامــاوان ئاســوودەترە. لە شــار مرۆڤ لەوانەیە سەد ساڵ بژی و تێنەگا لە مێژە مردووە و ڕزیویشـە. مـرۆڤ لە شـار هـیچ کـات دەرفەتـی ئەوەی نییە بە تەنیـا دانیشـێ، بیـر بکاتەوە و بەخۆیدا بچێتەوە، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا! کارو باری ماڵ و دابین کردنی بژیوی ژیان، سەردان و هـاتوچۆی خـزم و کەس و کار، بارودۆخی لەشساغی، کاروباری هونەری، تەندروستی منداڵەکانی و ڕاهێنــان و پەروەردەکردنیــان. لە شــار ناچــاری میوانــداری لە (قەلەوقوتە بکەیت و بچیە سەردانی ڕەشوڕووتان) هێندێ جار دەبێ چـاوت بە فلانــی بــکەوێ و گــوێ بــۆ فیســارەکەس بگــری. لە شــاری هەردەم کەسێکی ناودارت لێ پەیدا دەبێ و ناتوانی گرینگیی پێنەدەی، جاری واش هەیە دوو ـ سێ کەس پێکەوە سـەر و دڵت دەگرن. هێندێ جار دەبێ بە دووی چاری دەردی خۆتەوە بێ و پەرستاری لە فلان و فیســارە کەس بــکەی. ڕۆژێــک دەبــێ لەگەڵ مامۆســتای قوتابخــانە تێـوەبچی و ڕۆژێـک لەگەڵ مامۆسـتای سـەرماڵێ دەمـبەدەمە بـکەی. جـاری وا هەیە دەبـێ حەول بـدەی و پەرسـتارەکان حـاڵی بـکەی، لە حاڵێکـدا ژیـانێکی تـاڵ و نالەبـارت هەیە و هەژاری دەسـتی نـاوەتە

بینەقاقات. ئێمە بەو شێوەیە لە شار دەژیاین و نەماندەتوانی هەست بە دەرد و ئازارەکانی یەکتر بکەین. جگە لەوەش سەرەتا سەرگەرمیی باشمان هەبوو، بۆ باشتر کردنی بژیو و بارودۆخی ژیان و جێگیر بوون لەماڵی تازەدا، پاشان گیروگرفتەکانی سەفەر لە شارەوە بۆ گوند و گەڕانەوە لە گوندەوە بۆ شار.

بەو شێوەیە زستانێکمان ڕابوارد و لە زستانی دووهەمدا ڕووداوێک قەوما، ئەگەرچی بە ڕواڵەت گرینگی نەدەنواند و سەرنجی هیچ کەسی ڕانەکێشا و دواتر بە وردی باسی دەکەم، بەڵام بووە هۆی قەومانی ڕووداوێکی تر.

هاوسەرەکەم نەخۆش بوو. پزیشکە نابارەکانیش گوتیان نابێ زگی پڕ بێت و ڕێگای بەرگری کردن لە منداڵیان فێرکرد. ئەوە بۆ من زۆر ناخۆش و دژوار بوو. من دژایەتیم دەکرد و هەوڵم دەدا بەرگری لەو کارە بکەم؛ بەڵام ژنەکەم پێداگریی دەکرد و هەردوو پێی لە کەوشێک کردبوو و دەیویست هەر چۆنێکە قسەی خۆی بەرێتە سەرێ، هەر بۆیە من تەسلیم بووم. دوایین بیانوو بۆ پاکانەی ژیانی بەرازئاسایی ئێمە، یانی بوونە خاوەنی منداڵ، کۆتایی پێهات، بەڵام ژیانمان زۆر لە پێشوو تاڵ و قێزەونتر بووبوو.

وەرزێڕ و کرێکاران پێویستیان بە منداڵە، ئەگەر چی تێر کردنی زگی زۆر کارێکی دژوارە بۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان پییەتی و هەر بەو هۆیە پێوەندیی ژن و مێردایەتی بە کارێکی باش و گونجاو دەزانن. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەی منداڵیشمان هەبوو، هەستمان کرد پێوستمان بە منداڵی زیاتر هەیە. منداڵی زیاتر بۆ ئێمە یانی دەردەسەری زیاتر و خەرجی زیاتر و گێرەوکێشەی زیاتر بۆ کاتی دابەشکردنی میرات و بەشەماڵ، وەلحاسڵ یانی قورس کردنی باری

ژیــان و ڕەنــج و زەحمەتــی بــێ بــڕانەوە. بەم شــێوەیە ئــێمە هــیچ بیانوویەکمان بۆ درێژەپێدانی ژیانی بەرازئاسـاییمان نەبـوو. یان دەبوو خۆمـان بە شـێوەی ناسروشـتی لەو دەردەسـەرییەی منداڵداری ڕزگـار بکەین، یان منداڵەکەمان بە یەڵایەک دەزانی کە بە هۆی کەمترخەمییەوە تووشـمان بـووە. بـۆ ئەوەش هـیچ پاکانەیەکمـان نەبـوو. بەڵام ئـێمە لە بـواری ڕەوشـت و ئاکـاردا هێنـدە سـووکوچرووک بووبـووین هەسـتمان نەدەکـرد پێویسـتمان بە پاکـانەیە. ئەمـڕۆ زۆربەی خەڵکـی خوێنـدەواری دنیـا بەبـێ ئەوەی هەسـت بە کەمتـرین ئـازاری ویـژدان بـکەن، پەنـا بـۆ هەرزەیی و سـووکوچرووکی دەبەن.

بـۆ ئـازاری ویـژدان هـیچ هۆکارێـک نییە، چـونکە ویـژدان لە ژیـانی ئـێمەدا بـوونی نییە، مەگـین ئەوەی ئەگەر بکـرێ بیـروڕای گشـتی یـان یاسای مەدەنی بە ویژدان بزانین. منداڵداری نە زیان بە بیروڕای گشـتی دەگەیێنــێ و نە ئەوەش بە ســەرپێچی کــردن لە یاســای مەدەنــی دێــتە ئەژمـار. نـاکرێ لە هەمبەر بیـروڕای گشـتیدا خـۆت بە تاوانبـار بزانـی و خەم داتبگرێ، چونکە هەمووان دەبنە خـاوەنی منـداڵ: ماریـا ئیڤانۆڤنـاش و ئیڤان زاخاریچیش.

بۆچی دەبێ سواڵکەر پەروەردە بکەیـن یان خۆمـان لە هاموشـۆ و میــوانی و ڕابــواردن بێــبەش بکەیــن؟ لە بەردەم یاســای مەدەنیشــدا پێویسـت ناکـات خۆمـان بە خەتابـار بـزانین یـان لێـی بترسـین. ژنـانی سەڵیتە یان ژنی سـەربازەکان کە نایـانهەوێ زگیـان پـڕ بـێ و لە پتەیـان دەردەچـێ، منداڵەکەیان لە نێو ڕووبـاردا نـوقم دەکەن یـان دەیـخەن نێـو چاڵاوەوە. بەڵام ئـێمە کـارەکەی ئەوان لە کـاتی خۆیـدا و بە شـێوەیەکی پاک و خاوین جێبەجێ دەکەین.

بەو شێوەیە دوو ساڵی دیکە ژیاین. ئەو ڕێگایەی پزیشکە نابار و دڵڕەشەکان فێری ژنەکەیان کردبووم ئاکامێکی باشی لێکەوتەوە. ژنەکەم قەڵەو دەبوو، زۆر جوان، جوانێک لە کۆتایی پرشکۆی هاویندا. ئەو هەستی بەو گۆڕانە دەکرد و بە خۆی ڕادەگەیشت. جوانییەکەی زۆر هەوەس بزوێن بوو، هۆش و ئیختیاری لە پیاوان بڕیبوو. ژنێکی جوان و دڵڕفێن بوو لە تەمەنی سی ساڵیدا، ئیتر منداڵی نەدەبوو، بە کەیفی دڵی دەیخوارد و ڕایدەبوارد، بۆیە زۆر شۆخوشەنگ و هەوەس بزوێن بوو. هەر کاتێک لە ماڵ دەهاتە دەرێ خەڵکی ئاڵۆز دەکرد و هۆش و ئیختیاری لە پیاوان دەبڕی. کاتێک بە لای پیاواندا تێدەپەڕی هەموو چاویان تێدەبڕی و سەرنجیان بە دوایدا دەخوشی. دەتگوت ماینێکی خۆش لەوەڕ و دابەستراوە و لە ناکاو هەوساری پساندووە و لە یەختەرمەخانە دەرپەڕیوە. بەر بەرەڵڵا و هەوسار پساندوو، نەوەد و نۆ لە سەدی ژنانی ئێمە بەو شێوەیەن. منیش هەستم بەو شوولیٚهەڵکێشانەی دەکرد و لە ئاکامی کارەکە دەترسام.»

## نۆزدە

لەناکاو هەستا سەرپێ و پشتی نا بە لێواری پەنجەرەکەوە و بێ ئەوەی قسەیەک بکات سێ خولەک بەو شێوەیە مایەوە. پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دیسان هات بەرەوڕووی من دانیشتەوە. ڕەنگی بە تەواوی گۆڕابوو. چاوانی خەمی تێزابوو، بزەیەکی سەیر نیشتبووە لێوی. گوتی: «هێندێ ماندووم بەڵام درێژەی پێدەدەم. کاتمان زۆرە. هێشتا سپێدە وڵاتی زێوئاژن نەکردووە!» جگەرەیەکی کێشا و پاشان درێژەی بە قسەکانی دا: «بەڵێ هاوڕێ! لەو کاتەوە کە ئیتر زگی نەدەکرد، قەڵەو بووبوو؛ نەخۆشییەکەشی، یانی خەم و دڵەخورپەی منداڵەکان، خەریک بوو وردەوردە لە بیری دەچۆوە. هەڵبەت ناکرێ بڵێین بە تەواوی لە بیری دەچۆوە، دەتگوت سەر خۆشێکە و خەریکە مەستییەکەی لە سەری دەپەڕێ. دەتگوت وەخۆ هاتۆتەوە و دیتوویەتی دنیا بەهەشتی خودایە و پڕپڕە لە چێژ و نێعمەت و ئەو تا ئێستا لە بیری نەبووە کەڵکی لێوەرگرێ و نەیویستووە چێژ لەو شیرنی و خۆشییانە وەرگرێ. دنیایەک کە بە تەواوی لێی دابڕابوو و لێی تێنەدەگەیشت. پێم وابوو بیر دەکاتەوە، یان وا باشترە بڵێم هەستی دەکرد "نابێ ئەو دەرفەتە لە کیس بدەم. چونکە تەمەن تێدەپەڕێ و ناگەڕێتەوە". بەڵێ، ئەو نەیدەتوانی جگە لەوە هەست بکات یان بیر بکاتەوە. فێریان کردبوو لە دنیادا تەنیا یەک شت هەیە، ئەویش ئەشقە". بە زەماوەند کردن

بەشێک لەو تامی ئەشقەی چێشتبوو، بەڵام ئەو ئەشقە نەک بەشێکی زۆر چکۆڵە لەو شتە بوو کە چاوەڕوانی دەکێشا و بە بەڵێنی بە خۆی دابوو، بەڵکوو لەگەڵ ئەودا زۆری ناکامی دیتبوو و ڕەنج و ئازاری کێشابوو، ئێستاش ئەو ئازارە چاوەڕوان نەکراوە، یانی منداڵەکان لە کۆڵی کەوتبوو!

ئەم ئازارە خەریک بوو لە نێوی دەبرد. ئێستا لە سایەی پزیشکە ڕۆحسووکەکانەوە بۆی دەرکەوتبوو دەتوانێ بەرگری لە منداڵ بوون بکات. دڵخۆش بوو و ئەو ڕێگایەی تاقی دەکردەوە و ژیانی نوێی بۆ تەنیا شتێک کە دەیناسی ـ یانی ئەشق ـ دەست پێکردبوو. بەڵام ئەشقی مێردەکەی کە پاکییەکەی بە دزێوی و دڵپیسی و شەڕ و کێشەی بەردەوام ڕمووده بووبوو، ئیتر ڕازی نەدەکرد و دڵی پێی نەدەکرایەوە. ئەو خەیاڵی ئەشقێکی تری کەوتبووە مێشکەوە، ئەشقێکی گەرموگوڕ و تەڕ و تازە. لانیکەم من وام بیر دەکردەوە. وەها وریای دەوروبەری خۆی بوو دەتگوت چاوەڕوانی شتێکی زۆر گرینگە. من ئەو ئاکارەیم بە چاوی خۆم دەدی و نەمدەتوانی ددان بە خۆما بگرم. زۆر جار کەسێک ناوبژیوانی دەکرد و لەگەڵم ئاشتی دەبۆوە، ئەویش نەک بە تەواوی ئاشتی ببێتەوە و واز لە ڕق و بێزاری بهێنێ. قسەی دەکرد بەڵام لەگەڵ منی نەبوو؛ بووکێ لەگەڵ تۆمە گوێت لێ بێ خەسوو. دەیگوت کاری دایکان زۆر دژوار و پڕدەردەسەرییە و کۆتایی نایە. وەک ئەوە وایە ئاو بە بێژنگ بکێشی. بەڕاستی حەیفە پیاو ژیانی خۆی بۆ منداڵ بفەوتێنێ، بەتایبەت کاتێک کە گەنجی و دەتوانی چێژ لە ژیان وەرگری و بە دڵی خۆت ڕایبوێری. بەبێ لە ڕوودامان ئەو قسانەی دەکرد و گوێی لەوە نەبوو سەعاتێک لەمەوبەر بە پێچەوانەی ئەوە قسەی دەکرد. زۆر کەم

گرینگیـــی به منـــداڵەکان دەدا و ئیتـــر وەک ڕابـــردوو بە وردی نەیدەخســتنە ژێـر چـاوەدێری و خەمیـان بـۆ بخـوات، زۆر بە خـۆی ڕادەگەیشت، ئەگەر چی ئەو کارەی بە نهێنی دەکرد، خۆی لەگوڵ دەدا و خەریکی کەیف و ڕابواردنی خۆی بوو؛ تەنانەت خۆی بە کاروباری هونەریشەوە خەریک دەکرد. دیسـان هـۆگری ژەنینی پیانۆ بووبۆوە، لە حاڵێکدا لە مێژبوو وازی لێ هێنا بوو، ڕووداوەکەش لێرەوە دەستی پێکرد.»

دیسـان چـاوی مـاندووی بۆ لای پەنجەرەکە گێڕا، بەڵام هەمیسـان خـۆی ناچـار کـرد درێـژە بە قسـەکانی بـدات و ئەوە لە ڕواڵەتیـدا بە ئاشکرا دیار بوو.

«بەڵێ، لەو کاتەدا بوو ئەو پیاوە سەری هەڵدا!»

تۆزێ شڵەژا و تووشی دوودڵی بوو، هەمیسـان چەند جار دەنگە سـەیرەکەی لە گەرووی دایە دەرێ. دیـتم هێنـانی نـاوی ئەو کەسـە و وەبیر هاتنەوەی و باس کردنی زۆری ئازار دەدا. بەڵام هەوڵـی دەدا و دەتگوت دەیهەوێ بە سەر ئەو بەربەستەی سـەر ڕێگاکەیدا زاڵ بێت. لێبڕاوانە درێژەی بە قسەکانی دا:

«بە بڕوای مـن و بە پێـی هەڵسـەنگاندنی خـۆم ئەو پیـاوە کەسـێکی خـوێڕی و هەرزە بـوو. ئەو قسـەیەش لە بەر ئەوە نـاکەم کە بووبـووە ڕەقیـبم و پێـی نـابووە ژیـانمەوە، بەڵکـوو لە بەر ئەوە بـوو دەمزانـی بەڕاستی کەسێکی خوێڕییە. هەڵبەت خوێڕییەتی ئەو تەنیا پیشـاندەری ئەوە بـوو ژنەکەی مـن گرینگیـی بە ژیـانی خـۆی نەدەدا و خەمـی ئـابڕووی خـۆی نەبـوو. خـوێڕییەتیی ئەو پیـاوە گرینـگ نەبـوو، ئەگەر ئەویـش نەبـووایە کەسـێکی تـر هەر دەبـوو پێـی بنێـتە ژیانمـانەوە و ئەوەمان هەر لە پێش بوو.» دیسان تۆزێ بێدەنگ بوو. هەناسـەیەکی

هەڵکێشــا و درێــژەی پێــدایەوە: «ئەو کــابرایە ژەنیــار بــوو. کــوڕە دەوڵەمەند و ژەنیاری کەمان و ئەهلی کەیف و نەهەنگ و ڕابواردن.

باوکی پیاوێکی مالیک و خانەدان بوو، ملکەکەی لە تەنیشت ملکی بـاوکم هەڵکەوتبـوو. دوای مـایەپووچ بـوونی بـاوکی، کوڕەکـانی (سـێ کوڕی هەبوو) هەر کام ڕوویان لە کارێک کرد و ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبـرد. بەڵام ئەم ئاغـازادە چکۆلەیـان چـونکە نـازدار بـوو، ژنێکـی دانیشتووی پاریس بوو بە دایکەخێوی و بردی بۆ لای خۆی. لەوێ ناردیانە یانەی هونەری مۆسیقا، چونکە تۆزە زەوقێکی هەبوو، لەوێ بوو بە ژەنیار و لە کۆنسێرتەکان کەمانی دەژەنی. کەسێکی...»

دیـار بـوو دەیـهەوێ سـفەتێکی خراپـی بـداتە پـاڵ بەڵام ددانـی بە خۆیدا گرت. تۆزێ خۆی ئەمبارەو بار کرد و دەستی پێکردەوە: «... من ئاگام لە پێشینەی پاریسی نەبوو. تەنیا ئەوەندە دەزانم ئەو ساڵە لە پاریس گەڕایەوە و پێی بۆ ماڵی ئێمە کرایەوە.

چاوانی بادامی و گەش، لێوی سوور و بە بزە و سمێڵی قەیتانی. قژی بە نوێترین مۆدە دادەهێنا. ڕوخساری جوان بوو بەڵام ڕەسەن و سەرنجڕاکێش نەبوو، لەوانە بوو کە ژنان دەڵێن" خراپ نییە". قەڵافەتی لە بـار نەبوو بەڵام نـاتەرزیش نەبوو. بەڵام سمت و کەفەڵـی خڕوپڕ بـوو وەک دەڵـێن «هـۆتێن تۆتەکـانیش» بەو شـێوەیەن. وەک دەڵـێن ئەوانیش هـۆگری مۆسـیقان. خـۆی لە بنەماڵەکـان نزیـک دەکـردەوە و هەتـا ئەو جێیەی لە توانایدا هەبوو خـۆی خۆمـانە نیشـان دەدا. بەڵام وریـا و چـاو کـراوە بـوو، کاتێـک لەگەڵ کەمتـرین بەربەرەکـانێ بەرەوڕوو دەبوو خێرا پاشەکشەی دەکرد و خۆی هێدی و خاکەڕا نیشـان دەدا. پۆسـتاڵی دوگـمەداری لە پـێ دەکـرد و بە شـێوەیەکی تایبەت خۆی بە پاپۆشـی پاریسـی و بۆینبـاخی تۆخ و سـەرەنجڕاکێش

دەڕازاندەوە، بەرگ و بۆن و ئاڕایشتەکەشی لەو جۆرانە بوو کە بیانییەکان لە پاریس دەیکڕن. ئەو بە خۆڕاگەیشتن و جلوبەرگە نوێ و نائاساییەی سەرنجی ژنانی ڕادەکێشا و دڵی دەڕفاندن. شادی و نەشەکەشی ڕواڵەتی و ناسروشتی بوو. قسە کردنی زیاتر بە ئاماژە بوو، ڕستەکانی بە تەواوی دەرنەدەبڕی، وەک ئەوەی بەردەنگەکەی بیزانێت و بە ئاماژەی لێوی وەبیری بێتەوە و ڕستە ناتەواوەکان ساغ بکاتەوە.

بەڵێ، ئەو بە مۆسیقاکەی بوو بە بەڵای گیانی ئێمە. لە دادگا ڕووداوەکەیان جۆرێک باس کرد، هەمووان پێیان وابوو ئەو کوشتنە بە هۆی دڵپیسی و خانەگومانییەوە بووە. بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو. هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە کە بە هیچ شێوەیک وانەبووبێ «واش بوو، واش نەبوو. بە پێی بڕیاری دادگا، ژنەکە خیانەتی پێکرد بووم و منیش کوشتبووم، چونکە ویستبووم پاریزگاری لە شەرەف و ناموسی خۆم بکەم و ئەو پەڵە پڕ شوورەییە لە سەر ڕووکاری ژیانم بسڕمەوە. (ئەوە قسەیەک بوو لە دادگا دەیانکرد.) بەو شێوەیە فحێلیان کردم. من لە دادگا هەوڵم دەدا مەسەلەکە ڕوون بکەمەوە بەڵام ئەوان پێیان وابوو بەو هەوڵ و پێداگرییەی خۆم دەمەهەوێ ئابڕووی ژنەکەم بکڕمەوە.

پێوەندیی ژنەکەم لەگەڵ ئەو کابرا کەمانژەنە هەر چییەک بوو بەلای منەوە هیچ گرنگییەکی نەبوو، بۆ ژنەکەشم شتێکی بێ مانا بوو. گرینگ ئەوەیە وا بۆ ئێوەم ڕوون کردەوە. یانی پیسی و دڵڕەشیی بەراز ئاسایی من. سەرچاوەی ئەم ڕووداوە بەهۆی ئەو کەلێنیە گەورەیەوە بوو کە کەوتبووە نێوان من و ژنەکەمەوە، کە بۆم باس کردی. ئەو ناسازگاری و کێشە و ڕقە سامناک و دوو لایەنەیەی

بووه هۆی ئەوەی پێوەندییەکەمان بەو شێوەیە لە بەریەک هەڵوەشێ. شەڕ و کێشەکانمان لەم دواییانەدا زۆر قورس و ترسناک بووبوو، بەڵام سەیرەکەی لەوەدا بوو هەموو شەڕەکان تێکەڵبوونێکی لێوڕێژ لە هەوەسی حەیوانی و ئاگرنییان بەدواوە بوو.

ئەگەر ئەو پیاوە لێمان نەبووایەتە ئێسکی نێو برین کەسێکی تر هەر دەبوو. ئەگەر بیانووی دڵپیسیش نەهاتایەتە گۆڕێ شتێکی تر هەر دەبوو بۆ کێشە و ناسازگاری. من دڵنیام هەموو ئەو مێردانەی ژیانیان وەک ژیانی ئەو کاتی من وایە، یان دەبێ دەست بکەن بە ڕابواردن و عەیش و نۆش و داوێن پیسی، یان لە ژنەکەیان جیا ببنەوە یان خۆیان بکووژن، یان ئەو کارە بکەن وا من کردم. ئەگەر بابەتێکی جگە لەوەش هەڵکەوێ زۆر دەگمەنە. من بەر لەوەی کارەکەم بەو جێیە بگات کە گەیشت، چەند جار هەتا لێواری هەڵدێری خۆکوژی چوومەپێشێ و ژنەکەشم چەند جار هەوڵی ئەوەی دابوو.»

# بیست

«بەڵـێ، هەتـا مـاوەیەک پـێش ئەو ڕووداوە ئـێمە لەو بـارودۆخەدا بووین.

ئێمە لە حاڵەتێکی وەک ئاوردا دەژیاین و هیچ هۆکارێک نەبوو ئەو بـارودۆخە بشـێوێنێ. لە ناکـاو باسـێک دەهـاتە گۆڕێ، بۆ وێنە باسـی سـەگەل. مـن دەمگـوت: "لە پیشـانگای سـەگەلدا فـلان سـەگ میـداڵیای وەرگرتـووە." ئەویـش دەیگـوت: "نـا، میـداڵیای وەرنەگرتـووە، تەنیـا ئیمتیـازی وەرگرتـووە!" دەمەقـاڵێ دەسـتی پێـدەکرد و ئەو کێشـەیە کێشەیەکی تری لێدەکەوتەوە. دەستمان دەکرد بە شەڕە جنێو و یەکتر بوغزانـدن: "باشــە، ئەوە هەر کــاری ئەمــڕۆت نیــیە، هەمیشــە هەر وابـووە... تـۆ خـۆت گوتـت..." ـ "نـا، مـن هـیچ کـات قسـەی ئـاوام نەکردووە..." ـ "کەوایە مـن درۆدەکەم!..." دەتـدی شـەڕێکی قـورس و ترسـناک خەریکە دەست پێدەکات و لەو شـەڕەدا پیـاو دەیـهەوێ یـان خۆی بکووژی یان بەرانبەرەکەی. دەزانـی زۆری نەمـاوە بتەقێتەوە و ترست لێدەنیشێ و دەتهەوێ ددان بە خۆتدا بگری بەڵام گڕی قین و تــووڕەیی لە ناختــدا بڵێســە دەســتێنێ. ئەویــش دەکەوێــتە ئەو بـارودۆخەوە، یـان ڕەنـگە زۆر دژوارتـریش، هەر قسـەیەک دەکەی بە ئانقەست بە ناڕاسـتی لێک دەداتەوە و مانـای خراپـی لـێ هەڵدەکڕێنێ. هەر وشـەیەک بە سـەر زمانیـدا دێ ژاراوی بـوغز و ڕقـی پێـوەیە. لە هەسـتیارترین بـاری خولـق و خـووی مـن تێدەگـات و بە تیری زمـانی ڕاست ئەو شوێنە دەپێکێ، ئەوەش جار لەگەڵ جـار خراپتـر و هەسـت ڕووشێنتر دەبێ. دەگوڕێنم: "دەمت داخە!" یان شتێکی لەو چەشنە. ئەو

لە ژوورەکە دەردەپەڕێ و هەڵـدێ بـۆ دیـوی منـداڵەکان. مـن هەوڵ دەدەم بیگــرمەوە، قســەی لەگەڵ بــکەم و پێــی بســەلمێنم بە هەڵە تێگەیشتووە. دەستی دەگرم و ئەو وادەنوێنێ ژانی پێگەیشتووە و پڕ بە ژوورەکە دەقیژێنێ: "منداڵەکان باوکتان لێم دەدا!" من دەنەڕێنم: "بۆ درۆ دەکەی؟" ئەو توندتر دەقیژێنێ: "بۆ ئەوەیە کەمجارە؟" یان شتێکی لەو چەشــنە. منــداڵەکان هەڵــدێن بــۆ لای دایکیــان و خــۆی پێــوە هەڵدەواســن، ئەو هەوڵ دەدا هێوریــان بکــاتەوە. دەڵــێم: "دەورم بــۆ مەگێــڕە!" ئەو وەڵام دەداتەوە: "بــۆ تــۆ هەمــوو کارێــک شــانۆ و دەورگێڕانە. تۆ خوێنی پیاو دەڕێژی و پاشان دەڵێی دەوردەگێڕی. ئێستا ئیتر بۆم دەرکەوتووە، تۆ تەنیا دەتەوێ من بمرم!" دەگوڕێنم: "سەد بریا مردبایەی و لە دەستت ئاسوودە بووایەم!" لە بیرمە دوای دەربڕینی ئەو قسەیە چ ترسێک گیانی داگرتم. قەت بیرم نەدەکردەوە وشــەی ئــاوا ڕەش و قینــاوی بە ســەر زمانمــدا بێــت. لەوەی کە ئەو قســەیە بە دەممــدا هــاتبوو لەگەڵ ئەوەی ترســم لێنیشــتبوو، تووشــی سەرســامیش بووبووم. بە گوڕەگوڕ ئەو قسـانە دەکەم و هەڵدێم بۆ ژووری کارەکەم و جگەریەک دادەگیرسێنم. گوێم لە ترپەی پێیەتی، دەچێ بۆ دیوی جلان و خۆی ئامادە دەکات بە گالیسکە بڕوات بۆ دەرەوە. لێی دەپرسم بۆ کوێ دەچی؟ بەڵام ئەو وەڵامم ناداتەوە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم: "قیروسیا! بۆ کوێ دەچێ با بچێ!" دەگەڕێمەوە بۆ ژووری کارەکەم و لە سەر قەنەفەکە دادەنیشم و جگەرە دەکێشم. بۆ تۆڵە سەندنەوە هەزاران پلان لە مێشکمدا دادەڕێژم. بیر دەکەمەوە چبکەم بۆ ئەوەی نەجاتم بێ لە دەستی، یان ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ چاکسازی و چارەسازیی ئاکار و هەڵسوکەوتی. ئاو بە ئاوردا بکەم. بیر لە هەمـوو ئەو شـتانە دەکەمەوە و لە پەسـتا جـگەرە دەکێشـم.

دەمەهەویٚ لە دەستی ڕابکەم و لە شوێنێک خۆم بشارمەوە. بچم بۆ ئەمریکا. بە جێیەک گەیشتبووم هەموو فیکر و خەیاڵم ڕزگار بوون لە دەستی ئەوبوو، ئەو ڕزگار بوونەش زۆر بەلامەوە شیرین بوو. زۆر خۆش بوو لە داوی ئەو ڕزگار بم و لەگەڵ ژنێکی تر زەماوەند بکەم، ژنێکی شۆخوشەنگ و نەرمونیان. لە دڵی خۆمدا دەمگوت هەر چۆنێک بێ خۆم لە دەستی ڕزگار دەکەم. ڕزگار بوونیشم لە دەستی یان بە مردنی مەیسەر دەبوو یان تەڵاق دانی، بیرم دەکردەوە چۆن ئەو خەونەم بێنمە دی. دەمزانی زۆر پەرۆش و ئاڵۆزم و ناتوانم بە باشی بیر بکەمەوە، بۆ ئەوەی خۆم لە خەم و خەفەتەکانم بدزمەوە، جگەرەم دەکێشا.

ژیان لە ماڵێدا بەردەوام بوو. پەرستار دەهات و دەیپرسی: "خانم لە کوێیە؟ کەنگی دێتەوە بۆ ماڵێ؟ پێشخزمەت دەیپرسی چایی بێنێ؟ دەچم بۆ ژووری نان خواردن. منداڵەکان و بەتایبەت لیزای کچم. کە ئیتر هەموو شتێک تێدەگات و گەورە بووە، چاوی تووڕە و پڕ لە پرسیارم تێدەبڕێ. بێ ئەوەی پێکەوە قسە بکەین چایی دەخۆینەوە. ژنەکەم هێشتا نەهاتۆتەوە. شەوە و هێشتا نەهاتۆتەوە. دوو هەستی جیاواز ئاراوقارایان لێهەڵگرتووم. یەکیان داخی ژنەکەمە، بەو ئاکارە دزێو و نالەبارانەی خۆی تەنگی پێهەڵچنیوم و منداڵەکانیش ئازار دەدا، بۆیە هیوادارم بگەڕێتەوە و ئەو ترسە لە دڵمان بڕەوێنێ کە پێمان وایە ناگەڕێتەوە یان بەڵایەک بە سەر خۆی دێنێ. دەمەهەویٚ بچم بە دوایدا، بەڵام کوێی بۆ بگەڕێم؟ لە کوێ بیدۆزمەوە؟ بچم بۆ ماڵێ خوشکی؟ بەڵام لە ڕووم هەڵنایە بچم بۆ ئەوێ و سۆراغی بگرم. بە قەرەقەمەر! چکارم پێی داوە. ئەو کە دەیەهەوێ من ئازار بدات لێیگەڕێ خۆشی دەرد ببینێ. بەڵام ئەو هەر ئەوەی دەوێ. ئەگەر

گـوێی پێـنەدەم و لای بـۆ شـل بـکەم لەوەش زیـاتر شـووی لــێ هەڵدەکێشێ. بەڵام ئەگەر لەماڵی خوشکی نەبێ و بیهەوێ بەڵایەک بە سـەر خـۆی بێنـێ؟ ئەگەر ئێسـتا خـۆی بە کـونێکەوە نابێـت چـی؟... سەعات لە دوازدە لای داوە. سەعات یەکی دوای نیوەشەوە. دەچم بۆ ژووری خەوەکەم. چوونە ئەو ژوورە و لە نێو پێخەفەکەدا چاوەڕوان مـانەوە کـارێکی گەوجـانەیە. بەڵام نـاتوانم لە ژووری کارەکەشـم لە سـەر قەنەفە وەرکەوم. دەمـهەوێ خـۆم بە شـتێکەوە سـەر قـاڵ بکەم. نامەیەک بنووسم، کتێبێک بخوێنمەوە. بەڵام تاقەتی هیچیانم نییە. بە تەنیـا لە ژووری کـارەکەم دادەنیشـم، لەگەڵ ئەوەی گـڕی ئـازارێکی تاقەتبڕ لە ناخەوە هەڵمدەچۆقێنێ، چاوی چاوەڕوانم لە دەرگاکە بڕیوە و گوێم بۆ تەقەی دەرگا و ترپەی پێی شل کردووە. سـەعات سێ و چـواریش تێـدەپەڕێ و ئەو هێشـتا نەهـاتۆتەوە. بەری بەیـانی خەوم لێدەکەوێ. دوای ماوەیەک لە خەو ڕادەچەنم. هێشتا نەهاتۆتەوە.

لە ماڵێـدا هەمـوو شـتێک بە شـێوەی ئاسـایی تێـدەپەڕێ. بەڵام هەمووان خەمبار و مات و دڵەدوان و چاوی پڕ لە لۆمە و پرسیاریان لە مـن بڕیـوە و بە تاوانبـارم دەزانـن. شـەڕێکی قـورس لە دڵمـدا هەڵگیرساوە، خەم و ڕق لە سەر دڵم خەریکی شـەڕ و ململانێن: ڕقی ئەوەی ژنەکەم بە ئانقەسـت ئـازارم دەدات و خەمـی ئەوەی نەکـا بەڵایەک بە سەر خۆی بێنێ.

نزیک سەعات یازدە خوشکی لە لایەن ئەوەوە دەبێتە نێوبژیوان و دێـت بـۆ لام، دیسـان ئەو بەزمەی جـاران دەسـت پێـدەکاتەوە. دەڵـێ: "حـاڵی زۆر خـراپە. ئەوە ژیـان و گـوزەران نییە ئەوی تێدایە." دەڵـێم: "هیچ خەبەرێکت لێی نییە؟" دەست دەکەم بە گلەیی و بناشت و دەڵێم

ئیتر ئەو بارودۆخەم بۆ تامڵ ناکرێ. لە دەستی سکاڵا دەکەم و دەڵێم لە گوڵ کاڵترم پێنەگوتووە و نازانم بۆ چی زیز بووە.

خوشکی دەڵێ: "بەڵام ناکرێ بەو شێوە هەڵسوکەوت بکەن و ژیان لە خۆتان بکەنە دۆزەخ."

من دەڵێم: "ئەوە کارێکە خۆی کردوویەتی و من هیچ خەتایەکم نییە. من کەسێک نیم بۆئاشت بوونەوە پێشدەستی بکەم. ئەگەر دەیهەوێ لێم جیا بێتەوە من قسەم نییە و لە خودام دەوێ لەو دەردە سەرییە ڕزگارم بێت!" ژنخوشکم حەز ناکات باسی تەڵاق و جیا بوونەوە بکەم.

بە دڵساردی دەگەڕێتەوە من بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بەڕووهەڵمدراوییەوە پێم گوتبوو بۆ ئاشت بوونەوە من هەنگاوی یەکەم هەڵناهێنمەوە. بەڵام کاتێک ئەو دەڕوات و من لە ژووری میوانداری دێمە دەرێ و چاوم بە منداڵەکانم دەکەوێ، هەست دەکەم دڵتەنگ و شێواون و ترسێکی تاڵ لە چاویاندا دەخوێنمەوە، هەر بۆیە لە قسەکەی خۆم پاشگەز دەبمەوە و ئامادەم هەنگاوی یەکەم هەڵێنمەوە. دەمویست بە دڵ ئەو کارە بکەم و بۆ ئاشت بوونەوە پێشدەستی بکەم، بەڵام نەمدەزانی چۆن!؟ نەمدەتوانی قسەی خۆم بخۆمەوە و پەشیمانی دەربڕم. دیسان دەست دەکەم بە گەڕان بە نێو ژوورەکەدا و جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم. لە سەر فراوێن قۆدکا دەخۆمەوە و تووشی حاڵ و بارودۆخێک دەبم خۆشم نازانم چی دەکەم و ئیتر دەردی بێ دەرمان و سوکوچرووکی و بێ ئابڕوویی خۆم نابینم.

نزیک سەعات سێی دوا نیوەڕۆ ژنەکەم دەگەڕێتەوە. کاتێک چاوی پێم دەکەوێ هیچ ناڵێ. وا هەست دەکەم لە کەری شەیتان دابەزیوە.

بە سەریدا دێم و دەمەهەوێ تێی بگەیێنم کە لۆمە و سەرکۆنە کردنەکانی ئەو منی ئاوا ئاڵەتی و ئیمان هەردە کردووە. ئەو هەروا بە گرژی و دڵڕەنجاوییەوە و بە لەبزێکی بنەوەشییەوە دەڵێ نەهاتۆتەوە پاکانە بۆ خۆی بکات و بە دوای ئاشت بوونەوەوە بێت، یان بیهەوێ کارێک ڕاستەوپاستە بکات. تەنیا بۆ ئەوە هاتۆتەوە منداڵەکان لەگەڵ خۆی ببات، چونکە ژیانی هاوبەشی ئیتر مەحاڵە و بە تەواوی ددانمان لێک سپی بۆتەوە. دەڵێم من سووچم نییە و ئەو تووڕەی کردووم و وای کردووە ڕقم هەستی و لە دین دەرچم. ئەو بە لەبزێکی سارد و جیددی و بە نەرمی چاوێکم لێدەکات و دەڵێ: "ئیتر لە سەری مەڕۆ، پەشیمان دەبییەوە!"

من دەڵێم ئیتر تاقەتی ئەو شانۆ و دەورگێڕان و خۆ فریودانەم نییە. ئەو دەقیژێنێ و شتێک دەڵێ لێی تێناگەم. هەڵدێ بۆ ژوورەکەی خۆی و پشت بەستی دەرگاکە دەخات. پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێم و داوای لێدەکەم بیکاتەوە بەڵام نەدەرگاکە دەکاتەوە نە هیچ دەڵێ. منیش ڕقم هەڵدەستێ و دەچم بۆ ژوورەکەی خۆم. نیو سەعات دواتر لیزا بە گریان دێ بۆلام.

لێی دەپرسم: "چی بووە کچم؟ چی ڕووی داوە؟"

دەڵێ: "دایکم دەرگای ژوورەکەی داخستووە و وەڵام ناداتەوە."

چووین بۆ بەر دەرگای ژوورەکەی. بە توندی پاڵم بە دەرگاکەوە نا... پشت بەستی دەرگاکە باش نەچوو بووە جێ و هەر دوو تای دەرگاکە کرایەوە. چوو بۆ لای تەختەکەی. تەنوورە لە بەردا و چەکمە لە پێدا بێ هۆش لە سەر چرپاکە تخێڵ بووبوو. شووشەیەکی مۆرفین لە سەر مێزە چکۆڵەکە بوو، چۆڕەی لێبڕابوو. هێنامانەوە هۆش خۆی، دوای هێندێ گریان و فرمێسک هەڵوەراندن ئاشت بووینەوە. بەڵام چ

ئاشتییەک! دڵمان لێوڕێژ بوو لەو کۆنە ڕقەی جاران و تووڕەیی ئەم شەڕ و تۆرانەی دواییشی پێی زیاد بووبوو. هیچمان خەتاکەمان نەدەگرتە ئەستۆ و هەر کاممان ئەوی دیکەمان بە تاوانبار دەزانی. بەڵام دەبوو بە شێوەیەک گرێی ئەو کێشەیە دامرکێنین. ژیان وەک پێشوو درێژەی پێدرا. بەڵام لەم جۆرە شەڕ و کێشەیە و خراپتریش بەردەوام لە نێوانماندا هەڵدەگیرسا. لانیکەم حەوتووی جارێک ئەو بەزمەمان ساز دەکرد. جارێک تەنانەت پەساپۆرتم وەرگرت بڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات. کێشەکەمان دوو ڕۆژی ڕەبەقی خایاندبوو، بەڵام دیسان دەستمان کردەوە بە قسە کردن و ئەگەر چی گرێی کێشەکەمان بە تەواوی نەکوژابۆوە، بەڵام بۆرە ئاشت بوونەوەیەک هاتە گۆڕێ و من وازم لە سەفەرەکەم هێنا.

## بیست و یەک

«بەڵێ، کاتێک ئەو پیاوە پەیدا بوو، پێوەندیی نێوان من و ژنەکەم ئاوای لێهات. ناوی ترۆ خاچڤسکی[١٤] بوو. لەگەڵ هاتنی بۆ مۆسکۆ هات بۆ ماڵی ئێمە. بەیانی بوو. من دەرگام لێکردە و خوڵکم کرد بۆ ژووری. ماوەیەک پێکەوە هاوڕێ بووین و زۆر زۆریش خۆمانە پێکەوە هەڵسوکەوتمان دەکرد. بە جۆرێک کە بە یەکترمان دەگوت "تۆ". ئەو سەرەتا دوودڵ بوو لە نێوان "تۆ" و "ئێوە" دا کامیان بڵێ، بەڵام لە کۆتاییدا "تۆ"ی هەڵبژارد، بەڵام من ڕاشکاوانە شێوەی خۆمانە و ئاساییم گرتە بەر و ئەو لەڕێوە خۆی هاوڕەنگ نیشان دا و پێڕەویی لە من کرد. هەر لە سەرەتاوە نەکەوتە بەر دڵم، چونکە بۆم دەرکەوت پیاوێکی تۆلاز و داوێن پیسە و تەنانەت بەر لەوەی چاوی بە ژنەکەم بکەوێ ئێرەیی و دڵپیسی ناخی داگرتم. بەڵام بە سەرهاتێکی سەیر بوو. وزەیەکی نەخس و پڕنهێنی وای لێکردم لە خۆمی نەتارێنم و لە ماڵەکەم وەدەری نەنێم، بەڵکوو بە پێچەوانە لە خۆمی نزیک بکەمەوە. چ شتێک لەوە ئاسانتر بوو ڕووی خۆشی نەدەمێ و بە شێوەیەکی ساردوسڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم و نەهێڵم چاوی بە ژنەکەم بکەوێ. بەڵام نا، دەتگوت بە ئانقەست دەمهەوێ بیکەمە هاوڕێی خۆم و باسی مۆسیقا و هونەر و ژەنیارییەکەی ئەوم هێنایە گۆڕێ، گوتم بیستوومە کاری مۆسیقا و ژەنیی کەمانی وەلاناوە و وازی لێهێناوە. ئەو گوتی بە پێچەوانە زیاتر

---

14- Troukhatchevski

له جاران هۆگری مۆسیقا و ژەنینی کەمانە و وەبیری هێنامەوە له ڕابردوودا منیش ژەنیار بووم. گوتم ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون بەڵام ژنەکەم بە پێچەوانەی من زۆر بە باشی پیانۆی دەژەنێ.

ســـەیر ئەوە بـــوو پێوەنـــدیی مـــن و ئەو لە یەکەم ڕۆژی ئاشنایەتیمانەوە بەشێوەیەک بوو کە دوای ئەو ڕووداوە نەگبەتییەش لەوانە بوو هەر بەو جۆرە بێ. پێوەندییەکەمان لەگەڵ ئەو کێشەیەکی ئاشکرا بوو. لە هەموو وتە و وشەیەکی خۆم و ئەو ورد دەبوومەوە و گرینگیم پێدەدا. تەمی بەڵایەکی ترسناک لە لایەن ئەو کابرایەوە لە دڵم نیشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا وزەیەک ناچاری دەکردم لەگەڵی بە نەرمونیانی بجووڵێمەوە.

ئەوم بە ژنەکەم ناساند. لەڕێوە دەمەتەقێ سەبارەت بە مۆسیقا دەستی پێکرد. ئەو ئامادەیی خۆی دەربڕی و گوتی هاوکاریی ژنەکەم دەکات. هاوسەرەکەم، لەم دواییانەدا هەمیشە خۆی لە گوڵ دەدا و جوانی و ڕازاوەییەکەی زۆر دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش بوو. دیار بوو هەر لە یەکەم دیدارەدا ئەو پیاوەی کەوتۆتە بەردڵ. جگە لەوەش خۆشحاڵ بوو کەسێکی دۆزیوەتەوە بە کەمان هاوکاریی دەکات و بە دووقۆڵی هەوایەک دەژەنن. پێشتریش حەزی دەکرد کەسێک بە کەمان هاوکاریی بکات، هەر بۆیە کەمان ژەنێکی لە شانۆی شار دەهێنا و ئەم پیانۆی دەژەنی و ئەویش بە کەمان، هەوایەکی دووقۆڵییان لێدەدا. لە خۆشیی ئەو کابرایە گەشابۆوە و سوور هەڵگەڕابوو. بەڵام کاتێک چاوی بە من کەوت لەڕێوە بۆی دەرکەوت چ هەستێکم هەیە، بۆیە ڕەنگی تێکچوو، ئیتر ڕەنگ گۆڕینی دوو لایەنەی نێوان من و میوانەکە دەستی پێکرد. من بزەی شیرینم لە سەر لێو بوو و وام دەنواند شاد و دڵخۆشم، میوانەکەش چاوی لە

ژنەکەم دەکـرد و ڕوانیـنەکەی وەک ڕوانینـی هەمـوو مێبـازە تـۆلاز و داوێنتەڕەکان بـۆ ژنی جـوان، ناپاک و پیس بـوو بەڵام وای دەنوانـد تەنیـا بیـری لە لای بـاس و ئاخافتنەکەیـانە، بەڵام ئەوەی ئەو بیـری لێنەدەکـردەوە باسوخواسـەکەیان بـوو. ژنەکەم هەوڵـی دەدا خـۆی ئاسایی و بێ موبالات بنوێنێ، سەرەڕای ئەوەی لە بزەی ڕواڵەتیی من و ژیلەمۆی شاراوەی ئێرەییم لە ژێریدا ئاگادار بوو، کەچی ڕوانینی ناپـاک و هەوەسـاویی ئەو کـابرا تـۆلازە گەرمـی داهێنـابوو. هەر لە سەرەتاوە بۆم دەکەوت چاوی ژنەکەم تررووسکەیەکی نائاسـایی پێوە دیارە و وێدەچوو غیرەتی ڕاپەڕیوی من لە نێوان ئەواندا وزەیەکی لە چەشـنی کارەبـای دامەزرانـدبێ، ئەوەش وەک ئـاوێتە بـوونی حـاڵەتی ڕوخسار و ڕوانین و زەردەخەنە خۆی دەنواند. کاتێک ژنەکەم سـوور هەڵدەگەڕا، کـابراش ڕەنگـی دەگـۆڕا؛ ژنەکەم زەردە لە لێوی دەنیشـت ئەویـش دەگـرژییەوە. باسـی شـاری پـاریس و مۆسـیقایان دەکـرد و هەموو قسە و باسەکەیان تووڕێکی تەڕ نەدەژیا. لە کۆتاییدا میوانەکە هەسـتا بڕوات، دەم بە پێکەنین ڕاوەسـتابوو و کڵاوەکەی بە تەنیشـت ڕانییەوە گرتبـوو، هەڵیدەسـووڕاند و دەیڕوانـی، دەتگـوت چـاوەڕوانە بزانـێ ئـێمە چـی دەکەیـن. مـن ئەو سـاتەم بـاش لە بیـرە، چـونکە لەو کاتەدا دەمتوانی بانگهێشـتنی نەکەم و ئەگەر بانگهێشـتنم نەکردایە ئەو ڕووداوە نەدەقەوما. بەڵام من چاوێکم لە ئەو و پاشان لە ژنەکەم کرد و لە دڵـی خۆمـدا بە ژنەکەم گـوت: "تـۆ ئەگەر پێـت وایە غیـرەت و ئێرەیـی گڕی لە نـاخم بەرداوە، بەهەڵە چووی؟" لە خەیـاڵی خۆمـدا بە کابراشـم دەگوت: "تۆ پێت وایە لێت دەترسـم؟" ڕووم تێکرد و گـوتم شەوێک کەمانەکەت بێنە و لەگەڵ ژنەکەم بە پیانۆ هەوایەکی دووقۆڵی لێدەن. ژنەکەم بە سەرسووڕمانەوە چاوێکی لێکردم و سوورهەڵگەڕا.

وەک ئەوەی ترسی لێ نیشتبێ، دەستی کرد بە عوزرمایی خواستن کە ناتوانێ بە باشی پیانۆ بژەنێ. ئەو قسەیەی زیاتری هان دام و بە پێداگرییەوە داوا لە کابرا کرد شەوێکی تر بێتەوە. ئەو هەستە سەیروسەمەرەیەی خۆمم هەر لە بیرە، کاتێک چاوم لە پشتەسەری میوانەکەم دەکرد و دژوازیی نێوان پشتەملی سپی و قژە ڕەشەکەیم دەدی کە بە دوو لادا شانەی کردبوو، لە بەر دەتگوت مریشکە بە لەرەلەرێکی قۆڕەدەماخانەوە لە دەرگای ژوورەکە دەچێتە دەرێ؛ بەڕاستی ناتوانم حاشای لێبکەم چەندەم ڕق لێبوو و دیتنی ئەو قەلافەت و ئەداوئەتوارە ساختەیەی ئازاری دەدام. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "دەتوانم کارێک بکەم ئیتر چاوم پێی نەکەوێتەوە." بەڵام ئەوە نیشاندەری ئەوە بوو ددانی پێدابنێم لێی دەترسم. نا، من لێی نەدەترسام. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "ئەو ددان پێدانانە بەڕاستی شوورەیی و پڕ سووکایەتییە بۆم." هەر لەوێ، لە دیوی جلان، چونکە دەمزانی ژنەکەم دەنگم دەبیستێ، بە پێداگرییەوە داوام لێکرد هەر ئەو شەوە بێتەوە و کەمانەکەشی لەگەڵ خۆی بهێنێ. ئەویش بەڵێنی دا بێت و پاشان خوداحافیزیی کرد.»

«ئەو شەوە بە کەمانەکەیەوە هات لەگەڵ ژنەکەم دەستیان کرد بە ژەنینی دووقۆڵی. بەڵام هەتا ماوەیەک نەیانتوانی لەگەڵ یەک هەماهەنگ بن. ئەو نۆتانەی پێویستیان بوو لە بەر دەستدا نەبوو، ئەوەی هەشبوو ژنەکەم نەیدەتوانی بەبێ پرۆڤەی پێشووتر بە باشی بیژەنێ. من زۆرم حەز لە مۆسیقا بوو، کاتێک هەوایەکیان بە باشی دەژەنی زۆرم چێژ لێوەردەگرت و سێپەکی نۆتم بۆ میوانەکەم ئامادە دەکرد و دەفتەری نۆتەکەم بۆ هەڵدەدایەوە. چەند هەوایان لێدا، چەند گۆرانی و بەستە و سۆناتایەکی کورتی مۆتسارت. میوانەکە زۆر

مامۆستایانە دەیژەنی. پەنجەی نەرم و بە توانای هونەری لێدەباری و پڕ بوو ناسکی و ڕەسەنایەتی، زۆریش لەگەڵ خووخدەی دژ.واز بوو. ژەنیندا هیچ کێشەیەکی نەبوو. هەر کە دەستی کرد بە ژەنین حاڵەتی ڕوخساری گۆڕدرا، ڕوخسارێکی جیددی و دڵگرو مامۆستایانە.

هەڵبەت زۆر لە ژنەکەم شارەزاتر بوو. یارمەتیی ئەوی دەدا و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ئەدەبانە تاریفی دەکرد. هەڵسوکەوتی زۆر باش بوو. ژنەکەی من دەتگوت جگە لە ژەنینەکەی بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە و ڕەفتاری زۆر سادە و سروشتی بوو. بەڵام من، ئەگەر چی وام دەنواند هۆگری ئاهەنگ و ژەنینەکەیانم، بەڵام هەتا بەیانی چزووی ئێرەیی و دڵپیسی دڵی ئاژنئاژن کردم و چاوم لێک نەنا.

هەر لە سەرەتاوە کاتێک چاوی ژنەکەم لەگەڵ چاوی ئەو تێک بەزین، دیتم دەعباکەی ناخی دڵیان بێ ئەوەی گوێ بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوان و داب و نەریتی ڕێزدارانەی خانەدانەکان بدات پرسیی: "دەکرێ؟"خۆشی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بۆ ناکرێ!" باش تێدەگەیشتم ئەو پیاوە قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبوو ژنەکەم، کە خاتوونێکی مۆسکۆیی بوو، هەتا ئەو ڕادەیە جوان و دڵڕەفێن بێ، هەر بۆیە لە خۆشیانا پێی وەعەرز نەدەکەوت. چونکە دڵنیا بوو ژنەکەی من بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازیی لێدەکات و بۆ هیچ شتێک دڵی ناشکێنێ. تەنیا گرفت و کێشەی ئەوان ئەوە بوو کە چبکەن هەتا ئەو مێردە نەفرەتییە لە سەر ڕێگای خۆیان لابەن و بە ئازادی ئاوێتەی یەک بن. ئەگەر خۆم پیاوێکی پاک بووایەم قەت لەو هەڵسوکەوتەیان تێنەدەگەیشتم، بەڵام بەر لە زەماوەند کردن وەک

زۆربەی پیاوان بەو چاوە لە ژیانم دەڕوانی و هەر بۆیە بە وردی بیر و خەیاڵیم دەخوێندە و دەمزانی چی لە مێشکی دایە. تەنیا ئەو داخە نـــاخی دەکـــوڵیم کە بە ئاشـــکرا دەمـــدی ژنەکەم ڕێـــزەیەک خۆشەویستی و سۆزی بۆ من نییە و تەنانەت ڕقیشی لێمە، جاروبار نەبێ بە نزیکی کردنێکی هەوەساوی کە بەلایەوە ئاسایی بوو، تۆزێ گڕی ڕق و تووڕەییپەکەی دادەمرکا. بەڵام ئەو پیاوە، بە ڕوخسار و ڕواڵەتی سەرنجڕاکێش و ڕازاوەیە و بە هۆی دیوناس نەبوونییەوە، لە هەمووشی گرنیگتر بە هۆی پەنجەڕەنگینی و شارەزایی زۆری لە بواری ژەنینی کەماندا هەروەها بە هۆی ڕۆحسووکی و هاوکاری کردنی بۆ ژەنینی مۆسیقای دووقوڵی کە مۆسیقا و بە تایبەت کەمان قووتی ڕۆحە و دڵ دەلاوێنێتەوە، بە جارێ ژنەکەمی شەیدای خۆی کردبوو و دەمزانی خستوویەتە داوی خۆیەوە. دەمزانی وەک مێو لە دەستی دەگرێ و بە هەر بارێک دڵی بخوازێ دەریدێنێ و دەیکاتە وەویلکە و یاریی دەستی خۆی، منیش ئەو دیمەنەم بە چاوی خۆم دەدی و نەمدەتوانی دەست لە سەر دەست دانێم و خۆم بخۆمەوە. سەرەڕای ئەو داخ و ئازارەی دەمکێشا، وزەیەکی ناوەکی بە دژی ویســـت و ئیـــرادەی خـــۆم هـــانی دەدام نەک زۆر بەڕێـــزەوە هەڵســـوکەوتی لەگەڵ بـــکەم، بەڵکـــوو لەگەڵـــی زۆر مێهرەبـــان و نەرمونیانیش بم. من نازانم ئەو کارەم لە بەر ژنەکەم دەکرد یان لە بەر خۆی، یان دەمویست بیسەلمێنم کە لێی ناترسم، یان بۆ ئەوەی بوو خۆم فریو بدەم. هەر ئەوەند دەزانم لە سەرەتاوە نەمدەتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم. بۆ ئەوەی غیرەتم بە سەرمدا زاڵ نەبێت و هانم نەدا بۆ کوشتنی، بە ناچاری ڕێزم بۆ دادەنا و بە مێهرەبانییەوە لەگەڵی دەجووڵامەوە.

کاتی شێوخواردن شەڕابی گرانباییم دەرخوارد دەدا و تاریفی هونەر و دەســـت و پەنـــجە ڕەنگینیـــیەکەیم دەکـــرد. کـــاتی ئاخـــافتن بە ڕووخۆشی لەگەڵی دەدوام و بە زەردەخەنەوە گوێم بۆ شل دەکرد. بۆ یەکشەممەی داهاتوو بانگهێشتنم کرد و داوام لێکرد بۆ شێو بێت و لەگەڵ ژنەکەم بە دووقۆڵی ئاهەنگێکی خۆش بگێڕن. گوتم چەند کەس لە خزم و دۆستانیشم بانگهێشتن کردووە بۆ ئەوەی گوێ بۆ هونەرکەی بگرن. دیداری ئەو ڕۆژە بەو شێوەیە کۆتایی پێهات.»

پۆزدنیشۆڤ دیار بوو زۆر شڵەژاوە. خۆی ئەمبارەوبار کرد و دەنـگە تـایبەتەکەی لە گەرووی دایە دەرێ. دیـار بـوو هەوڵ دەدات ددان بە خۆیدا بگرێ. دوای تاوێک دیسان دەستی پێکردەوە:

«چیرۆکێکی سەیر بوو! دیتنی ئەو کابرایە شوێنێکی سەیری لە سـەر دانـابووم. یەک «دوو ڕۆژ دواتـر لە پیشـانگاکەوە هـاتمەوە بۆ ماڵێ. هەر پێم نایە دیوی جلان هەستێکی تاڵ خۆی لە ناخ و دڵم وەرهێنا. وەک ئەوەی بەردێک لە سەر دڵم دابنێن. بەڵام نەمتوانی لە هۆکاری ئەو هەستە تاڵە تێبگەم. ئەویش داخێک بوو کاتی تێپەڕین بە ژووری جلاندا خۆی ئاوقای دڵم کرد و ئەوی وەبیر هێنامەوە، کاتێک گەیشـتمە ژووری کـارەکەم بـۆم دەرکەوت ئەو شـتە چییـە. گەڕامەوە بۆ دیوی جلان بۆ ئەوەی دڵنیابم باشی بۆ چووم یان نا! بەڵێ، بەهەڵە نەچووبووم. پاڵتۆی ئەو بوو. پاڵتۆیەکی زۆر جوان و مـۆدەی ڕۆژ. (هەر شـتێک پێوەنـدیی بە ئەوەوە بـووایە بـێ ئەوەی خۆم تێبگەم شوێنی لە سەر هەست و ڕۆحـم دادەنـا.) پرسیارم کرد و بـۆم دەرکەوت بەڵـێ خـۆیەتی و لە ژوورێـیە. لە دەرگـای ژووری میوانـــدارییەوە نەچـــوومە ژوورێ و بە دەرگـــای ژووری کـــاری منداڵەکانـدا چـووم بـۆ هـۆڵی سـەما. لیـزای کچـم دانیشـتبوو کتێبـی

دەخوێندەوە و دایەنەکەشی منداڵە چکۆڵەکەمانی لە باوەشدا بوو و لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، سەرە قوتوویەکی وەک فڕفڕە هەڵدەسووڕاند. دەرگای هۆڵی سەما داخرابوو و دەنگی یەکهاویی ئارپژی[15] دەهات، لەگەڵ ئەویشدا دەنگی لە سەرەخۆی کابرا و نارەزایەتی و خۆ بە دەستەوە نەدانی ژنەکەم. پێم وابوو ژنەکەم دەڵێ: "نا، وامەکە!" چەند وشەی دیکەش کە لێی حاڵی نەدەبووم. وەک ئەوە وابوو کەسێک دەست بە دەمی یەکێکەوە بگرێ و نەهێڵێ دەنگی هەڵبڕێ. پەککوو، چ فیکر و خەیاڵێک خۆی لە هەست و ناخم پێچا و گڕی لە دڵم بەردا! گوێم شل کرد بەڵام نەمتوانی لە قسەکانیان تێبگەم. دیار بوو دەنگی ئارپژی بۆ ئەوەیە هیچ کەس گوێی لە دەنگیان و شەققەی ماچومووچیان نەبێ. خودایە گیان، نازانی چۆن گڕی ڕق و ئێرەیی لە ناخم بەر بوو! کاتێک بیر لەو دڕندەیە دەکەمەوە کە ئەو کاتە لە دڵمدا نەعرەتەی دەکێشا و خۆی بە دیواری سینگمدا دەدا، ترس سەرتاپام دادەگرێ. لە ناکاو دڵم ڕێک گوشرا. بۆ تاوێک لە لێدان کەوت و پاشان وەک کوتک خۆی کێشا بە دیواری سینگمدا. هەستی سەرەکیی من، وەک هەمیشە کاتێ ڕقم هەڵدەستا بەزەییم بە خۆمدا دەهات. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "دەبێتە هۆی ئابڕوو چوونم لە لای دایەن و منداڵەکان. ڕەنگە ڕوخسارێکی زۆر دزێو و ترسناکم هەبێ." چونکە تەنانەت لیزای کچم بە سەرسووڕمانەوە چاوی لێدەکردم. بە خۆمم دەگوت: "باشە ئێستا چبکەم؟ بچمە ژوورێ؟ ناتوانم! ئەگەر بچمە ژوورێ خودا

---

١٥- هەوایەکە کۆمەڵێک نۆتە بە جێی ئەوەی پێکەوە بژەنرێن، تاک تاک و یەک لە دوای یەک دێن و دەبنە میلۆدی.

دەزانی چی دەکەم! "بەڵام نەمدەتوانی لەوێش بڕۆم. دایەن جۆرێکم تێڕامــابوو دەتگــوت لە دەرد و ئــازاری نــاخم تێـدەگا. بەڵام چــۆن نەمدەتوانی بچمە ژووریٚ! بە پڕتاو دەرگاکەم کردەوە. کابرا لە پشت پیانۆکە دانیشتبوو و بە قامکە باریک و سپییەکانی ئارپژی دەژەنی. ژنەکەم لە تەنیشــت پیــانۆکە ڕاوەســتابوو، دانەویبــۆوە و چــاوی لە دەفتەری نۆتەکە دەکرد. سـەرەتا ئەو چاوی پێم کەوت، پێم وابیٚ شەقەی دەرگاکە و تەپەی پێمی بیست و سەری هەڵبڕی. بە دیتنم زەنــدەقی چــوو بەڵام وای نیشـــان دا نەترســاوە یــان بەڕاســتی نەترسابوو، هەر چۆنێک بیٚ نە داچڵەکی و نە لە جێی خۆی جووڵەی کرد. تەنیا سوور هەڵگەڕا، ئەویش نەک دەستەوبەجیٚ.

به لەبزێکی کە تایبەتی ئەو کاتانە نەبوو وا پێکەوە بووین، گوتی: "چ کارێکی باشت کرد هاتییەوە! ئێمە نەماندەتوانی بڕیار بدەین کە بۆ یەکشـەممە چ ئاوازێک هەڵبژێرین." هەر بەو لەبزەی کە خۆی و ئەوی بە «ئێمە» ناو برد ئەوەندەی تر ئازاری دام و گڕی لە ناخم بەردا. من بیٚ ئەوەی هیچ بڵێم ڕووم لە کابرا کرد و سەرم لەقاند.

ئەو دەســــتی گوشـــــیم و بە بــــزەیەک کە بە بـــــڕوای مــــن تەوسەبزەیەکی ئاشکرا بوو دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە و گوتی هێندێک نۆتەی هێناوە تاکوو بۆ بەرنامەکەی یەکشـەممە پرۆڤەی بــکەن و ئێســتاش تیامــاون کامیــان باشــترە هەڵیبژێــرن، نــازانن پارچەیەکی کلاسیک بۆ وینە یەکێک لە سۆناتاکانی بێتهۆڤێن بۆ کەمان هەڵبژێرن یان چەند هەوای سادە و چکۆڵە. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا بووم ئەو قسانە دوور لە ڕاستییە و ئەوان پێکەوە دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ ئەوەی فریوم بدەن.

دیاره یەکێک لە ناخۆشترین و پڕ ئازارترین بۆنەکان بۆ مێردی خانەگومان (دەبێ بزانین ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە جۆرێکە هەموو مێردەکان دڵپیس و خانەگومانن) هێندێک لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەیە کە نزیکیی لە ڕادەبەدەر و مەترسیدار لە نێوان ژن و پیاودا بە ڕەوا دەزانێ. ئەگەر بتهەوێ لە کۆڕی سەما و هەڵپەڕکێدا ڕێگری لە ژنەکەت بکەی و نەهێڵی لەگەڵ پیاوانی بێگانە سەما بکات، یان نەهێڵی پزیشک هەموو شوێنێکی لەشی ژنەکەت بپشکنێ، یان نەهێڵی ژن و پیاو لە بواری هونەر و وێنەگەری و پەیکەرتاشی و بەتایبەت مۆسیقادا لە یەک نزیک ببنەوە، لەڕێوە قامکی تانە لە چاوت ڕۆدەکەن و دەبیتە گاڵتەجاڕی خەڵکی. دوو کەس مۆسیقا دەژەنن کە بەرزترین و ڕەسەنترین هونەرە لە نێو هونەرەکانی دیکەدا. لەو کارەدا دوورەپەرێزی ناگونجێ و بە هیچ شێوەیەکیش شیاوی لۆمە و سەرکۆنە نییە، تەنیا مێردێکی بەرچاوتەنگ و دڵپیس لەوانەیە ئەو کارە بە کارێکی ناپەسەند و بێ ڕەوەشتی بزانێ. سەرەڕای ئەوەش هەمووان دەزانن کە بەشێکی گەورە لە پێوەندیی ناڕەوای ژن و پیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ڕێگای هونەرە جوانەکان و بەتایبەت مۆسیقاوە بووە. ماوەیەکی درێژ نەمتوانی هیچ بڵێم. لە بەتڵێکی سەرەونخوون کراو دەچووم کە بە هۆی پڕ بوونییەوە نارژێ. دەمویست جنێو بەو کابرا غەوارەیە بدەم و لە ماڵەکەم وەدەری بنێم، بەڵام دیسان هەستم کرد دەبێ ڕووخۆش و مێهرەبان بم و ڕێزی لێ بگرم. وام نواند کە قسەکانیانم بە دڵە و دیسان لە ڕووی ئەو هەستە سەیرەوە کە وای لێدەکردم هەر چەند چاوم بەرایی نەدەدا ببینم بەڵام بە ڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵی بەرەوڕوو بم، گوتم متمانەم بە هونەر و شارەزایی

ئەو هەیە و داوا لە ژنەکەشم دەکەم ڕا و نەزەری ئەو پەسند بکات. ئەو ماوەیەک کە بە پێوستی دەزانی مایەوە تاکوو ئەو کاردانەوە ناخۆشەی بە هۆی خۆ بە ژووریدا کردنی لە ناکاوی من و حاڵەتی تۆسنانە و بێدەنگیم هاتبووە ئاراوە، کۆتایی پێ بێت، پاشان ڕۆیشت و وای نواند ئێستا بڕیار دراوە ڕۆژی دوایی چ هەوایەک بژەنن. بەڵام من دڵنیا بووم مەوزووعی هەڵبژاردنی پارچە مۆسیقا هیچ گرنگییەکی نەبوو بەڵکوو تەنیا هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئەوان پێکەوە بن.

بەوپەڕی ڕێزەوە هەتا دیوی جلان بەڕێم کرد و (چۆن دەکرێ کەسێک کە هاتووە ماڵ و هێمنایەتیت بشێوێنێ و بەختەوەرییەکەت لێ زایە بکات، ڕێزی لێنەگری و بەڕێی نەکەی!) دەستە نەرم سپی و ناسکەکەیم بە گەرمی گوشی.»

## بیست و دوو

«ئەو ڕۆژە هەتا شەوێ قسەم لەگەڵ ژنەکەم نەکرد. نەمدەتوانی. نزیک بوونەوە لێی گڕی ڕقێکی لە دڵمدا هەڵدەگیرساند کە خۆشم لێی دەترسام. کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ لە لای منداڵەکان لێی پرسیم کەنگێ دەڕۆم بۆ سەفەر؟ بڕیار بوو حەوتووی داهاتوو بۆ بەشداری کردن لە کۆڕێکدا بچم بۆ ناوەندی قەزا. پێم گوت کەنگی دەڕۆم. پرسیی بۆ سەفەر هیچم پێویست نییە؟ من وەڵامم نەدایەوە و بێدەنگ بووم، پاشان بێ ئەوەی قسەیەک بکەم ڕۆیشتم بۆ ژووری کارەکەم. ماوەیەک بوو ئیتر نەدەهات بۆ ژوورەکەم، بەتایبەت لەم دواییانەدا. لە ژووری کارەکەم لە سەر قەنەفەیەک وەرکەوتبووم. ڕق و تووڕیی لە ناخەوە هەڵیدەچۆقاندم. لە ناکاو ترپەی پێی هات و بیرێکی ڕەش و دزێو لە مێشکمدا سەری هەڵدا، لە دڵی خۆمدا گوتم دەیهەوێ ئەو تاوانە بشارێتەوە کە تێوەگلاوە و هەر بۆیە بەو ناوەختە دێت بۆ لام. کاتێک ترپەی پێی نزیک بۆوە لە دڵی خۆمدا گوتم: "هەر بەڕاستی دێ بۆ لای من؟ ئەگەر بێت بۆ ئێرە دەردەکەوێ کە بۆ چوونەکەم ڕاست بووە." قینێکی لە وتن نەهاتوو دڵی داگرتم. ترپەی پێی نزیک و نزیکتر بۆوە. وێدەچوو بە بەر دەرگای ژوورەکەی مندا تێپەڕێ و بچێت بۆ هۆڵەکە. بەڵام نا، تەقەی دەرگاکە هات و بەژن و باڵای جوان و لە باری لە نێو دەرگانەکەدا دەرکەوت. چاو و ڕوخساری پڕ لە حەیا و مەیلی دڵنوایی بوو کە هەوڵی دەدا بیشارێتەوە بەڵام نەیدەتوانی هیچ شتێک لە من بشارێتەوە و من هەموو شتێکم دەزانی و لەو سەری دەهاتمەوە. وەها هەناسەم لە سینگمدا کۆ کردەوە لەوانە بوو بخنکێم.

هەروا چاوم لە چاوی بڕیبوو. دەستم کێشا، جگەریەکم لە سەر مێزەکە هەڵگرت و دامگیرساند.

لە پاڵ مندا لە سەر قەنەفەکە دانیشت، دەستی خستە سەر شانم و گوتی: "ئەوە چییە؟ من هاتووم بۆ لات و تۆش کاتت وەگیر هێناوە جگەرە دادەگیرسێنی؟" من خۆم کێشایە دواوە بۆ ئەوەی لێم نەکەوێ.

گوتی: "وادیارە حەزناکەی ڕۆژی یەکشەممە پیانۆ بژەنم!"

"نا، پێم ناخۆش نییە! "

"پێت وایە من کوێرم؟ هەموو گیانت هاوار دەکات!"

"شوکر بۆ خودا کوێر نیت! بەڵام من هەست بە هیچ شتێک ناکەم. تەنیا شتێک کە دەیبینم ئەوەیە وەک ژنێکی سووک و هەرزە ڕەفتار دەکەی..."

"باشە ئەگەر دەتهەوێ وەک مەیتەرەکان قسەم لەگەڵ بکەی من دەڕۆم."

"بڕۆ بەخێر چی، بەڵام ئەوە بزانە ئەگەر ناوزڕانی بنەماڵە بەلای تۆوە گرینگ نییە بە لای منەوە زۆر گرینگە. تۆش ئیتر بەلای منەوە هیچ بایەخێکت نییە. بۆ هەر جێیەک دەچی بچۆ، بە جحەندەم!"

"چۆن؟ ئەو قسانە چییە؟ گاڵتە دەکەی!"

وای دەنواند کە لە مەبەستم تێناگا، یان هەر بەڕاستی تێنەدەگەیشت. وەلحاسڵ تۆرا و بە تووڕەیی هەستا سەرپێ. بەڵام نەچووە دەرێ و چوو لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستا."

گوتی: "تۆ ئیتر لە تامت دەرکردووە و ئەو بارودۆخەم بۆ تامڵ ناکرێ. بەو ڕەوشت و ئاکارە جوانەتەوە فریشتەش لەگەڵ تۆ هەڵناکات." وەک هەمیشە، بۆ ئەوەی زیاتر ئازارم بدات و چزووی ڕقی خۆی بە دڵمدا بکات، هەڵسوکەوتی من لەگەڵ خوشکی وەبیر

هێنامەوە. (ئەویش ئەو قسەو جنێوانە بوو کە لە کاتی دەمەتەقێدا لەگەڵ خوشکی خۆم پێ ڕانەگیرا و ئەوی بەدەممدا هات پێمگوت. ئەو دەیزانی وەبیر هاتنەوەی ئەو ڕووداوە، چ ژانێک بە دڵم دەگەیێنی، هەر بۆیە دەیویست بە ئانقەست تیری ئەو تانە و توانجە لە دڵم هەڵچەقێنێ.) دوای ئەو ڕووداوە بۆم دەرکەوتووە هەموو کارێکت لێ دەوەشێتەوە!"

لە دڵی خۆمدا گوتم: "بەڵێ، سووکایەتیم پێدەکات، تف لە ڕووم دەکات. دەیهەوێ لە ژێر پێیدا پێپەستم بکات و خۆی بە هەقداریش دەزانێ، خوشکت دەیهەوێ هەموو تاوانەکان بخاتە ئەستۆی من. "لە ناکاو ڕقێکی ئەستوور و ئاگرین لە ناخمدا سەری هەڵدا کە هەتا ئەو کاتە پێم شک نایە ئاوا ڕقم هەستابێ.

یەکەم جار بوو دەمویست ڕقی خۆم نەک بە قسە بەڵکوو بە جەستە دەربڕم. لە جێی خۆم هەستام و ئاوقای بووم. باشم لە بیرە لەو کاتەدا کە هەڕام کردێ لە ڕق و تووڕەیی خۆم ئاگادار بووم و بە خۆمم گوت یانی کارێکی باشە هەستێکی ئەوتۆ بە سەرمدا زاڵ بێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتم بەڵێ، کارێکی باشە، بەو کارە دەیترسێنم، هەر لەو کاتەدا بە جێی ئەوەی بە دژی ڕقەکەی خۆم ڕاوەستم، توندوتیژتر بووم و لەو کارەی خۆشم ڕازی بووم چونکە دەمدی گڕی ئەو ڕقە لە ناخمدا بڵێسە دەستێنێ.

هێرشم بۆ برد. دەستم گرت و گوڕاندم بەسەریدا: "بڕۆ ون بە لەبەر چاوم، دەنا دەتکووژم. "لە دەربڕینی ئەو هەڕەشەیە بە ئاگادارییەوە زیاتر دەنگم بەرز دەکردەوە و خۆم تووڕە و تۆسنتر نیشان دەدا و ڕەنگە لەو کاتەدا بەڕاستی قەڵافەتێکی ترسناکم بووبێ.

چونکە وەها ترسابوو ئەژنۆی شکا و توانایی هەڵاتنی نەبوو. لە جێی خۆی ئەژنۆی فیچپایەوە و گوتی: "ڤاسیا! بۆ وادەکەی؟ چی بووە؟"

من توندتر نەڕاندم: "برۆ ملت بشکێنە و ون بە لەبەر چاوم. تۆ خەریکە شێتم دەکەی. من ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر ددان بە خۆمدا بگرم!" هەوساری ڕق و تووڕەییم پساندبوو، وەها مەستی قین و ڕق بووم دەمویست کارێکی نائاسایی بکەم بۆ ئەوەی نیشان بدەم چەندە تووڕە و ڕق هەستاوم. زۆرم حەز دەکرد لێیدەم و خوێنی بڕێژم، بەڵام دەمزانی کارێکی باش نییە و لە من ناوەشێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ڕق و دڕندەیی خۆم بنوێنم سەنگی کاغەزگیرەکەم لە سەر مێزەکە هەڵگرت و دیسان نەڕاندم: "برۆ لە بەر چاوم ون بە! "باشیش ئاگادار بووم و جۆرێکم بەزەویدا کێشا لە لاقوقولی نەدریَ. دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ لای دەرگاکە، بەڵام لە نێو دەرگانەکەدا ڕاوەستا، لەو کاتەدا بۆ ئەوەی چاوی لێبێ (قەستم تەنیا ئەوە بوو چاوی لێبێ) دەستم بە سەر مێزەکەدا گێڕا و ئەوی وەبەردەستم هات لە شەمدان و شووشەی مەرەکەب و قەڵەمدان و... هەمووویم تێهەڵکرد؛ لەگەڵ ئەوەشدا نەڕاندم: "برۆ ملت بشکێنە! ئەگەر نەڕۆی دەتکووژم و خوێنت دەکەوێتە گەردنی خۆت!"

ئەو ڕۆیشت و من خێرا هێور بوومەوە. سەعاتێک دواتر دایەنی منداڵەکان هات بۆ لام و گوتی ژنەکەم تووشی هیستەری بووە. چووم بۆ لای. زووڕە زووڕ دەگریا و قاقای دەکێشا. شێت بووبوو. نەیدەتوانی قسە بکات و سەرتاپای دەلەرزی. ئەو حاڵەتەی ساختە نەبوو. بەڕاستی تووشی ئاڵۆزیی دەروونی بووبوو.

بەری بەیانی هێور بۆوە و ئاشت بووینەوە، ئەویش تەنیا بە هۆی هەستێکەوە کە ناومان نابوو ئەوین.

بەیانی دوای ئاشت بوونەوە ددانم پێدا نا کە بە هۆی ئێرەیی و دڵپیسی کردن لە ترۆخاچڤسکی خەریک بوو شێت و خوودار دەبووم. ژنەکەشم بێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری بکات بە شێوەیەکی زۆر سروشتی دای لە قاقای پێکەنین. گوتیشی بێزم لەو خەیاڵەی خۆشم هەڵدەستێ ئەگەر ڕۆژێک پێم وابێ دڵم بۆ کەسێکی ئاوا دەکورکێنێ. یان بیری لێ بکەمەوە.

دەیگوت: "یانی ژنێکی نەجیب و خانەدان دەکرێ جگە لە چێژی مۆسیقا هەستێکی دیکەی سەبارەت بە پیاوێکی ئاوا هەبێ؟ ئەگەر تۆ بە باشی دەزانی ئامادەم ئیتر چاوم بە چاوی نەکەوێ. میوانییەکەی یەکشەممەش هەڵدەوەشێنینەوە. ئەگەر چی هەمووانمان بانگهێشتن کردووە! بۆی بنووسە من حاڵم باش نییە و تەواو. ئیتر بۆ خۆت سەغڵەت دەکەی. ئەوەی بە لای منەوە دژوارە و بۆم تامڵ ناکرێ ئەوەیە کەسێک و بەتایبەت ئەو پێی وابێ لەو بوارەدا من هێندە سووک و چرووکم ئابڕووی خۆم پێشێل دەکەم. ئەگەر کەسێک ئاوا لە بارەی منەوە بیر بکاتەوە بەڕاستی ژان بە دڵم دەگات و شێت دەبم."

ئەو درۆی نەدەکرد. ئەوەی دەیگوت باوەڕی پێی هەبوو. بەو قسانە دەیویست لە دڵی خۆیدا سووکایەتیی ئەو جێگیر بکات و بەو سووکایەتی پێکردنەی ئەو بەرەڤانی لە خۆی بکات، بەڵام لەو کارەدا سەرکەوتوو نەدەبوو. بەو شێوەیە کێشەکە دامرکا و ڕۆژی یەکشەممە میوانەکان کۆ بوونەوە و ئەو دوو هونەرمەندە پارچە مۆسیقای دووقۆڵییان پێشکەش کردن.

## بیست و سێ

«پـێم وانیـیە پێویسـت بـێ بڵـێم زۆر کەسـێکی خۆپەرسـت و لە خۆبایی بووم. ئەگەر پیاو لەم ژیانە ئاساییەی ئێمەدا لە خۆبایی نەبێ بۆچی دەژی؟ بەڵێ، ڕۆژی یەکشـەممە شـێو و بەرنـامەی مۆسـیقام بە باشی و بەڕێوجێ بەڕێوە برد. ئەوەی بۆ شـێو پێویسـت بـوو دابینم کرد و میوانەکانم بانگهێشتن کرد.

سـەعات شـەش میوانەکـان کۆبـوونەوە و ئەویـش هـات. فراکـی لە بەردا، دەگمەی سەر قۆڵی ئەڵماس بوون بەڵام زۆر نـاحەز و ناڕێک. لەگەڵ هەمــووان بە شــێوەیەکی ئاســایی دەدوا و هەڵســوکەوتێکی خۆمـانەی هەبـوو، بە بزەیەکـی تـایبەتەوە کە نیشـاندەری دڵگەرمـی و لێکتێگەیشتن بوو، لەڕێوە وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایەوە. بە لەبزێک کە مانـاکەی ئەمە بـوو: "ئێـوە هەر کارێـک بـکەن و هەر شـتێک بڵـێن ڕاستە و من هەر ئەو چاوەڕوانییەم لێتان هەیە." ئێستا ئیتر بە وردی ســـەرنجی هەمـــوو وتە و ئاکــــار و ڕەفتارەکـــانیم دەدا و هێنـــدە ســـووکوچرووکم هـــاتە بەر چـــاو، بـــووە هـــۆی دڵخۆشـــیم و دڵـــم حەسـایەوە، چـونکە دیـار بـوو لە بەر چـاوی ژنەکەم هێنـدە هەرزە و ناقابیلە، ئیتـر خۆی گوتەنی قەت بە خەیاڵیشـیدا نـایە بیـر لە کەسـێکی ئاوا بکاتەوە و دڵی بۆی بکورکێنێ. ئێسـتا ئیتـر ڕێگەم بە خـۆم نەدەدا ئێرەیـی پـێ بەرم و دڵپیسـیی لێبکەم. لە لایەکەوە ئەم گـڕی ئێرەیـی و خانەگومانییە تا ئەو کاتە زۆری ئازار دابووم و ناخی هەڵقرچاندبووم، ئێســتاش ئیتــر کــاتی ئەوە هــاتبوو تــۆزێ بحەســێمەوە و ئەو بیــر و

خەیاڵە پڕوپووچانە لە مێشکم دەرکەم. لە لایەکی دیکەشەوە حەزم دەکـرد متمـانە بە ژنەکەم بـکەم و ئیتـر ئەو دڵ کرمێ بـوونەم توورەهەڵدەم و باوەڕی پێبکەم. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئیتر ئێرەییم وەلا نابوو، نەمدەتوانی کاتی شێو خواردن و سەر لە ئێوارێ بەر لەوەی بەرنامەی مۆسیقاکەیان دەست پێبکەن، بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم و بەردەوام هەموو ڕوانین و جووڵان و ئاکاریانم خستبووە ژێر چاوەدێری.

شێو، وەک هەموو شێوەکانی تر جارزکەر بوو و ئەرک و زەحمەتێکی زۆری لە پێدا کێشرابوو. بەرنامەی مۆسیقا زوو دەستی پێکرد. هەموو بار و لایەنەکانی ئەو شەوەم بەوردی لە بیر ماوە! لە بیرمە چۆن کەمانەکەی دەرهێنا. دەرگای جەعبەکەی کردەوە ئەو پەڕۆیەی لە سەرلادا کە خاتوونێک بۆی گوڵدۆزی کردبوو. پاشان کەمانەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە کۆک کردنی. لە بیرمە ژنەکەم چۆن لە پشت پیانۆکە دانیشتبوو، واشی دەنواند خوێنسارد و ئاساییە و شەرمەونیی خۆشی لە ژێر سەرپۆشی ئەو خوێنساردییەدا دەشاردەوە، شەرمێونییەکەشی بە هۆی ناشارەزایی و لە خۆڕانەدیتن بوو، دەتگوت خۆی بە هاوشانی ژەنیارەکەی هاوڕێی نازانێ. بە زەحمەتێکی زۆر و وەک بێگاریی پێبکەن لە پشت پیانۆکە دانیشت و بە شێوەی ئاسایی چەند جار نۆتی «لا» ی لێدا بۆ ئەوەی کەمان ژەنەکە کەمانەکەی کۆک بکات و چەند جار بە شێوەی پیتسی کاتۆ ئارشەی کێشا و دەفتەرەکانی نۆتەی لە بەردەمی ڕاستەوپاستە کرد، هەر وەها لە بیرمە چۆن سەرنجیان تێکبەزی و نیگایان ئاڵوگۆڕ کرد، چاوێکیان لە میوانەکانیش کرد کە لە سەر کورسییەکان دانیشتبوون، پاشان شتێکیان بە یەکتر گوت و دەستیان کرد بەژەنین.

ژنەکەم یەکەم ئاکوردی ژەنی. ڕوخساری کابرا حاڵەتێکی جیددی و وشک و دڵگری بە خۆوەگرت و گوێی بۆ دەنگی کەمانەکەی خۆی شل کرد، قامکی بە نەرمی و پارێزەوە لە سەر تارەکان خستە سەما و لەگەڵ هەوای پیانۆکە هاوئاهەنگ بوو. ئاهەنگەکە دەستی پێکرد...»

گتێکی گرت و چەند جار دەنگە تایبەتەکەی لە گەرووی دایە دەرێ. دەیویست درێژە بە قسەکانی بدات بەڵام کەوتە منگەمنگ و دیسان بێدەنگ بوو.

دوای چەند چرکەیەک بە هەیەجانەوە گوتی: «ئەوان سۆناتی کورۆیتیزێری بێتهۆڤێینان ژەنی. نازانم پرێستۆ[١٦]ی ئەوتان بیستووە یان نا. ئەگەر بیستبێتت دەزانی ئەم سۆناتایە چەندە هەوایەکی ترسناکە. بەتایبەت ئەو بەشەی پرێستۆی. لە سەر یەک مۆسیقایەکی زۆر جیاوازە. مۆسیقا چییە؟ من سەرم لێی دەرناچێ. نازانم چی دەکەن و چۆن دەکەن؟ دەڵێن مۆسیقا ڕۆحی مرۆڤ دەباتە بەرزاییەکانی واتا. ئەو قسەیە زۆر بێ بنەمایە. ڕاست نییە. دیارە مۆسیقا لە سەر ڕۆحی مرۆڤ کاریگەریی هەیە و کاریگەرییەکەشی زۆر جیاوازە. من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم. مۆسیقا نە ڕۆح دەباتە بەرزاییەکانی واتا و نە بەرە و قووڵایی کرێتی و بێ ڕەوشتی دایدەکێشێ. تەنیا تووشی ئاڵۆزیی دەکات. چۆن بڵێم؟ مۆسیقا کارێک دەکات من خۆم و بارودۆخی ژیانی ڕاستەقینەم لە بیر بچێتەوە. مۆسیقا تووشی حاڵێکم دەکات کە حاڵی خۆم نییە. لەگەڵ بیستنی مۆسیقا پێموایە هەستێکم هەیە بەڵام لە ڕاستیدا نیمە. پێموایە لە

---

١٦- Presto بە مانای توندە و لە مۆسیقادا بەشێکی دیاری ئاوازەکەیە و ڕیتمێکی کرژی هەیە.

شتێک تێدەگەم کە بەڕاستی تێی‌ناگەم و دەتوانم کارێک بکەم کە لە ڕاستیدا لە توانامدا نییە. من ئەو مەسەلەیە ئاوا بۆ خۆم ڕوون دەکەمەوە: مۆسیقا وەک باوێشک و پێکەنین کاریگەریی لە سەر من هەیە. جاری وایە خەوم نایە بەڵام کاتێک کەسێک دەبینم باوێشک دەدا منیش باوێشکم دێتێ. یان هیچ شتێکی پێکەنینیم نەبیستووە بەڵام بە بیستنی پێکەنینی کەسێک پێکەنینم دێ.

مۆسیقا ئەو حاڵە ڕۆحییە لە مندا بەدی دێنێ کە ئاوازدانەر کاتی دانانی ئاوازەکە بوویەتی. ڕۆحی من لەگەڵ ڕۆحی ئەو ئاوێتە دەبێ و من لەگەڵ ئەو لە حاڵێکەوە دەکەمەوە حاڵێکی تر. بەڵام بۆ دەکەومە ئەو حاڵەوە؟ خۆشم نازانم. هەڵبەت کەسێک ئاوازەکەی داناوە. بۆ وێنە سۆناتای کورۆێتزێری بێتهۆڤێن، ئەو بە باشی زانیویەتی هۆکاری ئەو حاڵەتە تایبەتە لە کاتی دانانی ئاوازەکەدا چی بووە. ئەو حاڵەتە تایبەتە هەر چییەک بووبێ ئەوی بۆلای کارێکی تایبەت ڕاکێشاوە و هەر بەو هۆیەوە ئەو حاڵەتە بۆ ئەو مانایەکی هەبووە. بەڵام بۆ من هیچ مانایەکی نییە. بۆیە دەڵێم مۆسیقا پیاو تووشی ئاڵۆزی دەکات، حاڵوباڵی دەگۆڕێ و بە ئاکامێکی ناگەیێنێ. کاتێک مارشێکی سەربازی دەژەنن، سەربازەکان بەو هەوایە پێ بەزەویدا دەکێشن و هەوای مارشەکە ئەو ئاکامە تایبەتەی هەیە کە دەبێ ببێ. سەردەمێک هەوایەکی شادیان دەژەنی و من سەمام دەکرد و بەو شێوەیە ئەو ئاهەنگە کاری خۆی دەکرد و شوێنی خۆی دادەنا. لە کلیسا کۆمبێژان بۆ ڕێوڕەسمی عیشای ڕەببانی ئاوازی ئاینی دەخوێنن، بۆ من کە هۆگری دۆعا و نزا و خەڵوەت لەگەڵ خودای خۆمم، کاریگەریی هەیە. کەوایە مۆسیقا بەو ئاکامە دەگا کە دەبێ پێی بگات. بەڵام لێرەدا مۆسیقا تەنیا تووشی ئاڵۆزیم دەکات. کارێک نەبوو

که ئەم شۆڕشە دەروونییە بۆ بەڕێوەبردنی هانم بدات. هۆکارەکەشی ئەوەیە مۆسیقا جاروبار کاریگەریی نابەجێ و تەنانەت ترسناکی لێ دەکەوێتە. لە چین دابین کردنی چۆنیەتیی مۆسیقا یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتە[17]. لە هەموو شوێنێک دەبێ بەو شێوەیە بێ. یانی کارێکی باشە هەر کەس هەستا ئازاد بێت کەسێک یان گورووپێک بە جادووی مۆسیقا بکاتە خەو و هەرچی پێی خۆشە بیکات؟ لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە هەموو هەرزە و لاڕێیەک دەتوانێ دەستی بەو جادووە ڕابگات.

هەر کەس حەزی لێبێ دەتوانێ ئەو کەرەسە ترسناکە بە دەستەوە بگرێ. بۆ وێنە چ مانایەکی هەیە ئەم بەشەی یەکەمی سۆناتای کورۆیتیزیر لە لە میوانییەکدا بۆ تاقمێک خاتوونی نیوەڕووت بژەنن؟ ئەو هەوایە دەژەنن و پاشان هەمووان چەپڵە لێدەدەن، دوای ئەویش دۆندرمە دەهێنن و دەیخۆن، دواتریش دەست دەکەن بە غەیبەت کردنی ئەم و ئەو، دوای ئەویش حیلکوهۆڕیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوات و دوایین ڕیسوایی و ئابڕووچوونەکانی شار دەکەنە بنێشتە خۆشکە. ئەم جۆرە ئاواز و مۆسیقایانە تەنیا دەبێ لە بارودۆخێکی تایبەت و جیددی و گرینگدا بژەندرێن. لە کاتێکدا کە دەبێ کاروباری گەورە و گونجاو لەگەڵ چۆنیەتیی ئەو مۆسیقایە ئەنجام بدرێ. دەبێ مۆسیقا بژەنن و ئەو کارانەی مۆسیقا پێتی تەڵقین دەکات بیکەی، دەنا ئەم سۆز و هەستانە بێهوودە سەر هەڵدەدەن و هیچ ئاکامێکیان نابێ و

---

١٧- ئاماژەیە بە ڕاهێنانەکانی کۆنفۆسیۆس سەبارەت بە مۆسیقا. لە چینی کەونارا پاشاکان هەوڵیان دەدا ئاوازگەلێک لە نێو خەڵکدا پەرەپێبدەن کە لە باری ڕەوشتییەوە کاریگەریی باشی هەبێ.

لەوانەیە زیانبەخشیش بن. ئەم مۆسیقایە شوێنێکی ترسناکی لە سەر من دانا. دەتگوت هەستێکی تازە لە دڵمدا سەری هەڵداوە و لەو تواناییە نوێیانەی خۆم ئاگادارم کە هەتا ئەو کاتە لێی بێ ئاگا بووم. دەتگوت هاوارێک لە ناخ و ڕۆحمدا دەڵێ: "بەڵێ دەبێ بژیی و بیر بکەیتەوە، نەک ئەو جۆرە کە پێشتر خووت پێگرتبوو". ئێستا ئەم شێوە نوێیەی بیرکردنەوە و ئەم تواناییيانەی دۆزیبوومەوە چی بوو؟ لێی ئاگادار نەبووم. بەڵام ئاگادار بوون لەو حاڵەتە نوێیە زۆر خۆش و شادی هێنەر بوو. هەموو ڕوخسارەکان لە ڕاستیدا هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نەهاتبوو، بەتایبەت ڕوخساری ژنەکەم و ترۆخاچڤسکی لەبەر چاوم دەتگوت کەوتوونەتە ژێر تیشکێکی تازەوە.

دوای پرێستۆ پارچەی ئاندانتێ[18]یان ژنی کە زۆر دڵ بلاوێن بوو، بەڵام شتێکی نوێی پێنەبوو. لەگەڵ ڤاریاسۆنە دێمۆدە و بێ نرخەکان و پارچەی سێهەم، کە دوایین بەشی سۆناتا بوو، زۆر لاواز بوو. پاشان لە سەر داوای میوانەکان وایلۆکێک لە بەرهەمەکانی ئێرنێست[19]یان ژەنی و دوای ئەویش چەند پارچەی کۆن و بێ بایەخی تر. ئەوانە هەموویان دڵبزوێن بوون بەڵام هیچکامیان لە سەدا یەکی ئەو کاریگەرییەیان نەبوو کە پرێسۆ لە سەر دڵم هەیبوو. ئەو ئاوازانە لە بەستێنێکەوە هەڵدەستان کە ژەنینی بەشی یەکەم ئامادەی کرد بوو. ئەو شەوە شاد و بێ خەم بووم. ژنەکەشم ئەو شەوە هێندە شاد بوو لە ماوەی ژیانی هاوبەشیماندا هیچکات بەو شێوەیە نەمدیبوو. کاتێک قامکی لە سەر جگی پیانۆکە دەخستە سەما چاوانی ترووسکەی

---

١٨- Andante یانی «ڕەوان» لە مۆسیقادا بە زەربێکی نەرمە دەگوترێ کە شتێکە لە نێوان ئاداجۆ (ئارام) و ئالکۆڤ (کرژ و نەشەبزوێن).

19- Ernest

دەهات و ڕوخساری نەرمی و خاکەڕاییەکی قووڵی پێوە دیار بوو، کاتێک دەستی لە ژەنین هەڵگرت، دەتگوت کوتوپڕ هەوڵ و زەحمەتەکەی تواوەتەوە و سستی و تەپلۆسی جێگای گرتۆتەوە؛ بزەیەکی کاڵ و شادییەکی قووڵ لە نیگایدا خۆی نواند. من ئەوانەم دەدی بەڵام وەڕووی خۆم نەدەهێنا و مانایەکم بۆ دانەدەتاشی، تەنیا بەو شتەوە پێوەندم دەدا کە لە دڵی خۆمدا هەستم پێدەکرد. پێموابوو ئەویش جۆرە هەستێک دەدۆزێتەوە کە لەمەوبەر نەیناسیوە و بەلایەوە نامۆیە، یان دەڵێی شتێکی لە بیر کراوی وەبیر هاتۆتەوە. شەوەکە زۆر بە خۆشی تێپەڕی و میوانەکان ڕۆیشتن.

ترۆخاچڤسکی دەیزانی من دوو ڕۆژی تر دەبێ بچم بۆ بەشداری کردنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی قەزا، ئەویش دەبوو بگەڕێتەوە بۆ پاریس و سەفەری لە بەر بوو، کاتی ماڵئاوایی گوتی هیوادارە دوای گەڕانەوە لەو سەفەرە شەوێکی تریش ئاوا لە دەوری یەک کۆیان بکاتەوە و شادییەکانی ئەو شەوە دووپات ببێتەوە. من بەو قسەیەیدا بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەو لە کاتی نەبوونی مندا بۆی ناگونجێ بێت بۆ ماڵەکەم و ئەوەش خۆشی و شادیی لە دڵم گێڕا. پێموابوو بەر لە ڕۆیشتنی ئەو ناگەڕێمەوە و ئیتر چاوم بە چاوی ناکەوێ.

سەرەتا زۆر بەڕێزەوە دەستیم گوشی و سپاسم لێکرد کە بەو هونەرەی خۆی ئەو شەوەی بۆ ڕازاندینەوە و شادی و نەشەی لە دڵ گێڕاین. ئەویش لێبڕاوانە خودا حافیزیی لە ژنەکەم کرد و پێم وابوو ماڵئاواییەکەیان زۆر سروشتی و ئاسایی بوو. هەموو شتێک بە خێر و خۆشی کۆتایی پێهات و من و ژنەکەم زۆر لەو میوانییەی ئەو شەوە ڕازی بووین و هەستمان بە شادییەکی زۆر دەکرد.

## بیست و چوار

«دوو ڕۆژ دواتر بە دڵێکی شاد و خولق و خوویەکی خۆشەوە ماڵئاواییم لە ژنەکەم کرد و چووم بۆ ناوەندی قەزا. لە ناوەندی قەزا هەمیشە زۆرم کار بە سەردا دەڕژا و ژیانم لەوێ دۆخێکی تایبەتی لەخۆدەگرت. وەلحاسڵ ناوەندی قەزا دنیایەکی چکۆڵە بوو بۆ خۆی. دوو ڕۆژ، ڕۆژی دە سەعات لە دەفتەری ناوەندی دەمامەوە. ڕۆژی دووهەم نامەیەکی ژنەکەم بە دەستم گەیشت. من هەر لەوێ نامەکەم خوێندەوە. لە نامەکەدا باسی منداڵەکان و خاڵمی کرد بوو، هەر وەهای باسی دایەن و ئەو شتانەی کڕیبووی، نووسیبووشی ترۆخاچفسکی چووە بۆ سەردانی و ئەو نۆتانەی بۆ بردووە کە بەڵێنی پێدا بوو، پێشنیاریشی پێکردووە هێندێک لەو نۆتانە پێکەوە پرۆڤە بکەن، ئەو بابەتەشی جۆرێک دەربڕیبوو وەک ئەوەی باسی مەسەلەیەکی زۆر ئاسی بکات. من نەدەهاتە بیرم ئەو کابرایە بەڵێنی نۆتەی پێدابێت. پێم وابوو ئەو شەوە خودا حافیزییەکەی لێبڕاوانە بووە و هەر بۆیە بە بیستنی ئەو هەواڵە تووشی سەرسووڕمان بووم. هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو. بەڵام هێندەم کار بە سەردا ڕژابوو دەرفەتی ئەوەم نەبوو بیری لێبکەمەوە، هەربۆیە کاتێک گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، سەر لە نوێ نامەکەم خوێندەوە. جگە لەوەی ترۆخاچفسکی لە ماوەی نەبوونی مندا دیسان چووبوو بۆ سەردانی ژنەکەم و ئەو هەواڵەش زۆر ناخۆش بوو، شێوەی نووسینی نامەکەش بە لامەوە زۆر نائاسایی دەنواند. دڕندەی هاری ئێرەیی لە هێلانەکەی خۆیدا دەستی کرد بە جینگڵ دان و نەعرەتەکێشان، دەیویست دەرپەڕێتە دەرێ و قوڕگی ڕەقیبەکەی بگرێ و لە بەر یەک هەڵیدڕێ، بەڵام من لێی دەترسام، لەڕێوە دەرووی کونەکونەکەیم گرت. لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەم دڵپیسی و ئێرەییە

هەستێکی زۆر کرێت و ناحەزە. لەوەش سروشتیتر چیت دەوێ کاتێک ژنەکەت هیچت لێ ناشارێتەوە و هەموو شتێکت بۆ دەنووسێ."»

«لە سەر پێخەفەکەم خۆم ڕاکێشا، لە بیری ئەوە دابووم سبەینێ چ کارێکم هەیە. ئاساییە کاتێک دەهاتم بۆ ئەو ئەنجومەنە لە ژووری تازە نامۆییم دەکرد و خەوم لێ دەزڕا. بەڵام ئەو شەوە زۆر زوو خەوم لێکەوت؛ زۆر جار پیاو دادەچڵەکێ، وەک ئەوەی شۆکی کارەبات لێدەن و لە خەو ڕابچڵەکێی. منیش بەو شێوەیە ڕاچڵەکیم، بۆم دەرکەوت فیکر و خەیاڵی ژنەکەم لە خەوی ڕاچڵەکاندووم؛ لە بەر ئێش و ئازاری ئەوینی جەستەییم بۆ ئەو و بیر و فیکری ترۆخاچڤسکی و خەمی ئەوەی ئەو جووتە ئاویان لە ئاوڕۆ دەرکردبێ، داخ و تووڕەیی دڵی ڕێک دەگوشیم و لەوانە بوو هەناسەم ڕاوەستێ. بەڵام هەوڵم دا ژیرانە بیر بکەمەوە. لە لایەکیشەوە بە خۆمم دەگوت: "ئەو خەیاڵە پڕوپووچانە چییە لە مێشکتدا؟ ئەم گومان و دڵپیسییەت زۆر قۆڕ و بێ بنەمایە. هیچ نەبووە و قەتیش هیچ ڕوونادا. چۆن دەتوانی بەو گومان و بۆچوونە هەڵە و دزێوانە خۆت و ژنەکەت تا ئەو ڕادەیە سووک بکەی؟ ئەو بۆرەپیاوە کەمان دەژەنێ و هەقدەستی خۆی وەردەگرێ، هەمووانیش دەزانن کەسێکی پیس و خوێڕییە. ئیتر چۆن خاتوونێکی بەرێز... و خاوەن ئابڕوو... دایکی منداڵەکانت... ژنەکەت... ئەو خەیاڵە پووچ و بێ بنەمایانە دەرکە لە سەرت!" لە لایەکی دیکەشەوە ئەم فیکرە دزەی دەکردە مێشکمەوە و ئۆقرەی لێ هەڵدەگرتم: "ئەو جووتە بیانهەوێ کارێک بکەن، چ لەمپەرێک هەیە بەرگرییان لێبکات؟" چۆن دەکرا شتێک ئاوا سادە و ئاسایی بێت و ئەوان خۆی لێ ببوێرن؟ هەر ئەو شتەی وا منی خستە سەر تەماح و زەماوەندم لەگەڵ کرد و بۆ چێژ وەرگرتنی جەستەیی درێژەم بە ژیانی هاوبەش دا لەگەڵی، ئەوەش تەنیا شتێک بوو کە لە ئەوم دەویست، دیارە پیاوانی دیکەش و ئەو کەمانەژەنە بۆرەکەیەش هەر بەو نیازە خۆی لێ نزیک

دەکەنەوە. ئەو خـوێڕییە پیـاوێکی سـەڵتە و زۆریـش لەشسـاغە. (لە بیـرمە کـورۆژکەی گۆشـتی پەراسـووی چـۆن دادەکورۆشـت و لێوەسـوورەکانی چەندە تامەزرۆیانە لێواری پەرداخی شەرابەکەی لە خۆ دەگرت!) دیارە زۆر بـاش لەوەڕاوە و دەڵێـی جوانەگـای دابەسـتەیە، دیـارە هـیچ بەربەسـتێکی لە بەردەمـدانییە و تەنیـا شـتێک کە گرینگیـی پێـدەدات ئەوەیە کەڵـک لە هەمـوو هەلێک وەرگرێ و هیچ چێژ و خۆشییەک لە دەست نەدات، مۆسیقاش بۆتە پردێکـی پێوەنـدی لە نێوانیانــدا و ناسـکترین و پڕچێژتــرین هەوەســەکان دەبزوێنێ. ئیتر چی دەتوانێ ببێتە بەربەست لە بەر دەمی ئەو پیاوەدا؟ هیچ ! هەموو شتێک ئەو بۆ لای خۆی ڕادەکێشـێ. ژنەکەشـم؟... دەی دیـارە، مەگین ژنەکەم کێیە؟ چ جۆرە مرۆڤێکە؟ هەر لە سـەرەتاوە ناڕاسـت و فێڵاوی بـوو. هێشتاش دەڵێی گوریسی نێو هەنبانەیە. من هێشتاش نەمناسیوە. تەنیا لایەنـی حەیـوانییەکەی دەناسـم و بەس. هـیچ شـتێکیش نییە حەیوانێک لە ویسـت و کارەکەی بگێڕێتەوە و ناشبێ بیگێڕێتەوە.

دەکـرێ بڵـێم ڕاسـت لەو کـاتەدا بـوو حـاڵەتی ڕوخسـاری ئەوانـم وەبیـر هــاتەوە، ئەو دەمەی دوای ســۆناتای کرۆیتیزێــر پــارچەیەکی بــێ نــرخ و پڕگوڕوتینیان پێشکەش کرد. لە بیرم نییە ئاوازدانەرەکەی کێ بوو. پارچەیەک بوو زۆر جلفانە و هەوەس بزوێن. کاتێک ڕوخساریانم وەبیر هاتەوە لە دڵـی خۆمدا گوتم: "چۆن توانیم ئەوەندە گەمژە و کەمتەرخەم بم و ژنەکەم بەبێ سەرپەرست بەجێبێڵم و ماڵەکەی بۆ چۆڵ بکەم. چۆن بە ڕوونـی نەمدی ئەو شـەوە پردی پێوەندییان دامەزراند و لەو کەینوبەینەیـان تێنەگەیشـتم؟ ئـاخر وەک ڕۆژ ڕوون بـوو ئەو شـەوە نەک هـیچ سنورێک لە نێوانیانـدا نەمـابوو، بەڵکوو هەر دووکیـان و بەتـایبەت ژنەکەی مـن دوای ئەوەی بـۆی دەرکەوت مـن بە کەینوبەینەکەیـانم زانیوە، لە حانـدم سـەری هەڵنەدەهـات و هەسـتی بە شەرمەزاری دەکرد."

له بیرمه کاتێک له پیانۆکەی نزیک بوومەوە بزەیەکی نەرم برینجەی خستە سەر لێوی و دەبوو هەر ئەو کاتە بمزانیبایە ئەو شێلە بزەیەی نیشاندەری شیرین کامی و دڵخۆشییەکی شاراوەیە و بە ئارامی ئارەقەی سەر ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەی سڕی. لەو کاتەوە ئیتر خۆیان لە چاوەبڕکی بوارد و تەنیا دوای شەوچەرەی کۆتایی دانیشتنەکە ئەو ئاوی کردە پەرداخی ژنەکەمەوە، چاوێکیان لە یەکتر کرد و بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێویان. ئەو ڕوانین و بزە پڕ لە ڕازەی بە هەڵکەوت کەوتە بەر چاوم، بەڵام ئێستاش کاتێک وەبیرم دێتەوە داخ و ڕق ناخم دادەگرێ. ئەو کاتە دەنگێک لە دڵمدا دەیگوت: "بەڵێ، ئەوان هیچ هێڵ و سنوورێکیان لە نێواندا نەهێشتۆتەوە." هەر لەو کاتەدا دەنگێکی تر دەیگوت:" مەگین شێت بووی؟ ئەوە هەمووی فکر و خەیاڵی پڕوپووچە مێشکی داگرتووی. تەڵێ شقارتەم هەڵکرد و ئەو ژووە چکۆڵەیە بە دیوارە زەردەکانییەوە ترسێکی جیددی خستە دڵمەوە. جگەریەکم داگیرساند. وەک چۆن کاتێک دەکەویتە بازنەی فکر و خەیاڵی دژوازەوە و چەواشە و سەرلێشێواو دنیات لێ دەبێتە چەرمەچۆلەکە؛ منیش بێ ئیختیار جگەرەم دەکێشا، جگەرەم دادەگیرساند بۆ ئەوەی سەرەگێژەبگرم و لە چنگی ئەو بیر و خەیاڵانە خۆم دەرباز بکەم.

هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوم. سەعات پێنج بۆم دەرکەوت لەوە زیاتر ناتوانم ئەو خەم و دڵەڕاوکێیە تاملّ بکەم و لەڕێوە دەبێ بڕۆم، خزمەتکاری ماڵەکەم لە خەو هەستاند و ناردم ئەسپێکم بۆ بێنێ. نامەیەکم بۆ ئەنجومەن نووسی کە کارێکی زۆر خێرا و حەیاتیم بۆ هاتۆتە پێشێ و داوایان لێکردووم بگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ. داوام لێکردن یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن بکەنە جێگری من و کاروبارەکانی منی پێ بسپێرن. سەعات هەشت سواری گالیسکە بووم و بەرەو مۆسکۆ وەڕێ کەوتم.»

## بیست و پێنج

پاسەوانی شەمەندەفەر هاتە ژووری و کە دیتی مۆمەکە هەتا بنەکەی سووتاوە، کوژاندییەوە بەڵام مۆمێکی تازەی لە جێی دانەنا. هەوا خەریک بوو ڕووناک دەبۆوە. پازدنیشۆڤ هەتا ئەو کاتەی پاسەوانی شەمەندەفەرەکە لەوێ بوو متەقی نەکرد و تەنیا هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا، کاتێک درێژەی بە قسەکانی دا کە پاسەوانی شەمەندەفەر لە ڤاگۆنەکە چووە دەرێ و جگە لە لەرینەوەی شووشەی پەنجەرەی ڤاگۆنەکە و پرخوهۆڕی لە پەستای نووسیار لە پانتای نیوەتاریکی ڤاگۆنەکەدا هیچ دەنگێکی تر نەدەهات. لە تاریکوڕوونی بەرە بەیاندا ڕوخساری بە باشی نەدەبیندرا. تەنیا گوێم لە دەنگی شەکەتی دەبوو کە بەردەوام و پڕهەیەجانتر دەبوو.

«سی و پێنج ڤێرست ڕێگام بە گالیسکە لە بەر بوو، بە شەمەندەفەریش دەبوو هەشت سەعات بەڕێوەبم. سەفەر بە گالیسکە زۆر خۆشتر بوو. سەهۆڵبەندانی پایز و هەواکەی تاووساو بوو. تایەی گالیسکە بە سەر گەڕداڵە بەفری لۆکەییدا دەڕۆیشت و شوێنی تایەکەی بریقەی دەهات و دەتگوت ڕۆنی لێدراوە. ڕێگاکە تەخت و هەموار بوو. ئاسمان ساماڵ و هەوای فێنک زۆر نەشەبزوێن بوو. سەفەر بە گالیسکە چێژێکی تایبەتی پێدەبەخشیم. کاتێک هەوا ڕوون بۆوە و من لە وێستگەوە دیسان وەڕێکەوتم، چاوم لەو دەشتە و ئەسپ و مسافیرەکان دەکرد و لە بیرم چووبۆوە بۆ کوێ دەچم. هێندێ جار دەتگوت هاتووم بۆ سەیران و ئەوەی بۆتە هۆی ئەو سەفەر و ڕێگا بڕینە هەر بوونیشی نییە. ئەو فەرامۆشییە دڵی شاد دەکردم، بەڵام کاتێک وەبیرم دەهاتەوە بۆ کوێ دەچم، بە خۆمم دەگوت: "کاتێک گەیشتی بۆت دەردەکەوێ چی قەوماوە. ئێستا بیری لێ

مەکەوە!" جگە لەوەش لە نیوەی ڕێگا ڕووداوێک هاتە پێشی، ماوەیەک مەحتەلی کردم و وەها هۆشی لێبڕیم و بە خۆیەوە سەرقاڵی کردم هەموو شتێکم لە بیر چۆوە و نەمدەزانی لە کوێم و بۆ کوێ دەچم. گالیسکەکەم خراپ بوو و ناچار بووم بیدەم بە وەستایەک چاکی بکاتەوە. خراپ بوونی گالیسکەکەم زۆر باش و بە قازانج بوو بۆم. چونکە بووە هۆی ئەوەی من نەک ئەو جۆرەی حیسابم کردبوو سەعات پێنج، بەڵکوو نیوەشەو بگەمەوە مۆسکۆ و نزیکەی سەعات دوازدە و یەک گەیشتمەوە ماڵێ. گالیسکەکەم چاک نەکرایەوە و چونکە شەمەندەفەری تونددئاژۆم وەدەست نەکەوت، ناچار بووم سواری شەمەندەفەری ئاسایی بم. سوار بوونی عارەبانە و چەنە لێدان لەگەڵ وەستای چاککردنەوەی گالیسکە و چایی خواردنەوە لە مسافیرخانە و دەمەتەقێ لەگەڵ خاوەنەکەی، هەمووی بووە هۆی ئەوەی بیر لە کارەکەی خۆم نەکەمەوە. کاتێک لە وێستگەی شەمەندەفەر دابەزیم و سواری فەیتوون بووم ئێوارە و تاریکان بوو. سەفەر بە شەودا زۆر لە ڕۆژ چێژبەخشترە.رسەرەتای مانگ بوو، مانگی سێ شەوە لە دەم ئاسۆ ڕوو لە ئاوابوون بوو. سەهۆڵبەندان نەبوو. ڕێگاکەش سەغڵەت و قوڕ و زێلاقە نەبوو. بارگینەکان بە نەرمی دەڕۆیشتن و فایتوونەوانیش ڕووخۆش و ڕۆحسووک بوو، هەر بۆیە زۆرم چێژم لەو سەفەرەم وەردەگرت و دەکرێ بڵێین بە هیچ شێوەیەک لە بیری ئەو ڕووداوەدا نەبووم کە چاوەڕوانی دەکردم. یان ڕەنگە بە پێچەوانە بەو هۆیە چێژم لەو سەفەرەم وەردەگرت چونکە دەمزانی چی چاوەڕوانمە و دەبوو ماڵئاوایی لە هەموو شادییەکانی ژیان بکەم. بەڵام ئەم بێ خەمی و هێمنایەتی و دامرکاندنەوەی هەستەکانم بە کۆتایی هاتنی سەفەرەکەم بە فایتوون دوایی پێ هات. هەر کە سواری شەمەندەفەر بووم هەستێکی تر لە دڵمدا سەری هەڵدا و زۆر لەگەڵ هەستەکەی پێشووم جیاواز بوو. ئەم سەفەرە هەشت سەعاتەیە بە

شــەمەندەفەر زۆر بەلامەوە دژوار و پــڕ ئــازار بــوو. بە جۆرێـک کە هەتـا کۆتایی تەمەنم لە بیرم ناچێتەوە. جا نازانم ئەو ئازارە بەو هۆیە بوو کاتێک لە نێو ڤاگۆنەکەدا دانیشـتم خـۆم وەک کەسێکی زۆر گیانسـەخت هـاتە بەر چاو کە گەیشتوومەتەوە ماڵێ، یان بە هـۆی سـەفەر کـردن بە شـەمەندەفەر ئـاوا حـاڵ و هەسـتم شـێوابوو. هەر چییەک بـوو لەگەڵ دانیشـتنم لە نێـو ڤـاگۆنەکەدا ئیتـر نەمتـوانی وزەی خەیـاڵ و فکـری خـۆم کـۆنترۆڵ بکەم و ئەمەش توانـایی هێنـانەبەر چـاوی ئەو دیمەنـانە بـوو کە یەک لە دوای یەک دەهـاتنە بەر چـاوم و یەک لە یەکـی پـڕ شـووریی تـر بـوون، هێنـدەش بە ڕوونـی خۆیـان لە ئـاوێنەی خەیـاڵم هەڵدەسـوو، گـڕی ئێرەیی و غیرەتـی لە ناخمدا دادەگیرساند. ئەم دیمەنانە هەمووی پێوەندیی بەو کارانەوە بـوو کە لە کـاتی نەبـوونی منـدا لە مـاڵەوە ڕووی دابـوو، ئەو دیمەنـانەی ژنەکەم خیانەتی پێدەکردم. بە دیتنی ئەو دیمەنانە لە سـەر شووشـەی خەیاڵم گـڕی نەفـرەت و تـووڕەیی لە ناخمـدا بڵێسـەی دەکێشـا و لەوانە بـوو سـەرتاپام بسـووتێنێ. ژانـی ئەو شـوورەییە تووشـی جۆرێک ئـاڵۆزی و سـەرەگێژەی کردبـووم، نەمـدەتوانی بە هـیچ شـێوەیەک خـۆمی لـێ دەربـاز بـکەم. نە دەمتـوانی ڕوو لەو دیـمەنە پـیس و قەبـێحە وەرگێـڕم و لە سـەر زەیـنم بیسڕمەوە، نە ئەوەی خۆی لـێ گێل بکەم و ئیتـر بیـری لـێ نەکەمەوە. هەر چەنـد زیـاتریش خـۆم بەو دیمەنە خەیاڵییانەوە خەریـک دەکـرد زیـاتر لەو ڕاستییە دڵنیا دەبووم و لێم وەڕاست دەگەڕا. ئەم دیمەنە خەیـاڵییە وەهـا لە بەر چاوم ڕوون و ئاشکرا بوو وەک وێنەیەکی ڕاسـتەقینە شـوێنی لە سـەر مێشک و هەستم دادەنا. دەتگوت شەیتانێک بە پێچەوانەی ویستی خۆم فکـر و خەیاڵی پڕ شووڕەیی لە دڵی ڕەشـی هەڵدەقوڵێنێ و بە گوشـار دەیکـا بە مێشکی مندا. قسەیەکی کۆنی برای ئەو کەمان ژنەم وەبیر هـاتەوە و لەگەڵ

ترۆخاچڤسکی و ژنەکەم پێکەوە پێوەندم دەدان و دەتگوت بە تامەزرۆییەوە نووکی چەقۆ لە زامی ناخم ڕادەکەم و دڵی خۆم توێتوێ دەکەم.

ئەم قسەیە هی سەردەمێکی زۆر پێشوو بوو، لەگەڵ ئەو فکر و خەیاڵانە ئەویش لە زەینمدا زیندوو بووبۆوە. وەبیرم هاتەوە براکەی ترۆخاچڤسکی لە وەڵامی پرسیارەکەی مندا کە دەچێ بۆ خانەی لەشفرۆشان یان نا، گوتبووی مرۆڤی خاوەن شەرەف و ئابڕوو قەت بۆ ئەو جۆرە جێگایانە ناچێت. ئەو شوێنانە پڕن لە نەخۆشی و جگە لەوەش هێندە پیسن پیاو قێزی هەڵدەشێوێ. لە کاتێکدا هەمیشە ژنانی خانەدان و نەجیبزادە بۆ ئەو کارە دەست دەکەون و پیاو بیهەوێ قەت پەکی ناکەوێت. ئێستاش ژنەکەی من بۆ براکەی ئەو هەڵکەوتبوو. ڕاستە ژنەکەی من ئیتر جوان و جحێڵ نەبوو و ددانێکی قەراغی کەوتبوو، دەموچاویشی پەنەمیو و تاڕادەیەک هەڵزلەپاو بوو، بەڵام خۆم لە جێی ترۆخاچڤسکی دانا و گوتم: "خراپ نییە، پیاو شەق لە بەختی خۆی هەڵنەدا باشە! ئێستا کە ئەوەت بۆ هەڵکەوتووە پێی ڕازی بە." بەڵێ، ئەو جەنابە منەتیش بە سەر ژنەکەمدا دەکات و هەر وا سووک و ئاسان دڵی پێنادات." لە دڵی خۆمدا گوتم: "لەگەڵ ژنەکەی من ترسی نەخۆشیی نییە. ژنەکەی من بێ مەترسییە!" ئەو خەیاڵانە خەریک بوو شێتم بکەن. دیسان لە دڵی خۆمدا گوتم: "نا، شتی وا نابێ. ئەم خەیاڵانە چییە خۆیان لە مێشکم ئاڵاندووە! نا، شتی وا نابێ و ناگونجێ. تەنانەت هیچ شتێک نییە ببێتە هۆی سەر هەڵدانی ئەم فکر و خەیاڵە پڕوپووچانە. مەگین ئەو خۆی بە منی نەگوت تەنانەت خەیاڵی ئێرەیی و دڵپیسی بۆ ئەو سووکایەتی دێنێ و هەستی دەڕووشێنێ؟" بەڵام هاوارم کرد: "ئەو درۆ دەکات. هەموو قسەکانی درۆیە! " دیسان خەیاڵی ڕەش و ژاراوی بەرە و ناخی مێشکم لووزەویان بەست... ڤاگۆنەکە تەنیا دووو کەسی تێدا بوو؛ پیرێژنێک و مێردەکەی کە متەقی نەدەکرد و ئەوانیش لە یەکێک لە

وێستگەکان دابەزین و من بە تەنیا مامەوە. دەتگوت ئاژەڵێکی دڕندەم و لە قەفەز کراوم. هێندی جار لە ناکاو لە جێی خۆم هەڵدەستام و هەڵدەهاتم بۆ بەر پەنجەرەکە، بڕێ جاریش سەرم لە گێژەوە دەهات و لاتراسکەم دەبەست. دەمویست پاڵ بە شەمەندەفەرەکەوە بنێم بۆ ئەوەی خێراتر بڕوات بەڵام ڤاگۆنەکە لە ڕەوتی خۆی نەدەکەوت و کیسەڵ ئاسا بۆ پێشەوە دەخوشی، کورسی و پەنجەرەکان دەلەقین و شەقوکوتیان دەهات...»

پۆزدنیشۆڤ هەستا و هەندێک بە نێو ڤاگۆنەکەدا گەڕا، دیسان دانیشتەوە و درێژەی بە قسەکانی دا:

«ئاخ، نازانی من چەندە لە ڤاگۆنەکان و شەمەندەفەر و هێلاسن دەترسم. کاتێک سواری شەمەندەفەر دەبم دەڵێی گیانم دەکێشن. زۆر دەترسم! بە خۆمم گوت: "وا باشە بیر لە شتێکی تر بکەمەوە؛ بۆ وێنە بیر لە خاوەنی ئەو مسافیرخانەیە بکەمەوە وا چاییم لێ خواردەوە. بەڵام بە جێی خاوەنی مسافیرخانەکە دەرگاوانەکەی دەهاتە بەر چاوم بەرپیشێکی درێژەوە، نەوەکەشی منداڵێک بوو هاوتەمەنی ڤاسیای خۆم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ڤاسیا گیان! ئەو چاوی لێیە ئەو کەمانژەنە دایکی ماچ دەکات. بە دیتنی ئەو دیمەنە هەستی پاک و منداڵانەی دەڕووشێت و بڵێی چی لە دڵیدا ڕاببرێ. بەڵام دایکی کوا گوێی لە منداڵە و خەمی ئەو بەستەزمانەیەتی؟ ئەو ئاشقە!..." دیسان خەیاڵ بە دوای خەیاڵدا گەمارۆی مێشک و هەستیان دەدام! نا، نا!... بیر لە شتێکی تر دەکەمەوە. بیر لە سەردانی دوێنێی نەخۆشخانە دەکەمەوە. پەککوو ئەو نەخۆشە چۆن لە دەست پزیشکەکە سکالای دەکرد! بەڵێ، ئەو پزیشکەی سمێڵی لە سمێڵی ترۆخاچڤسکی دەچوو. بێ حەیا و ڕووهەڵماڵدراو!... هەر دووکیان هەڵیانخەڵەتاندم. ئەو گوتی دەڕواتەوە بۆ پاریس کەچی درۆی کرد، ژنەکەشم ئەوەی دەزانی و

دیاره پیلانێکیان بۆ ئەو کاره دارشتووه. دیسان کەوتمەوه نێو گێژاوی خەیاڵ. بیرم له هەر شتێک دەکردەوه به شێوەیەک دەچووەوه سەر ئەوان. داخێک له دڵمدا بوو خەریک بوو له ناخەوه هەڵیدەتەکاندم. ئەو هەموو ئازارەشم هۆکارەکەی ئەوه بوو له هیچ شتێک ئاگادار نەبووم، گومان و ترس و دوودڵی له ناخمدا ڕیشەی داکوتا بوو. نەمدەزانی ژنەکەمم خۆش بووێ یان لێی بێزار بم. ئەو ئازاره وەها تەنگی پێ هەڵچنیبووم دەمویست له شەمەندەفەر دابەزم و له سەر هێڵاسنەکه خۆم ڕاکێشم و دوایی بەو ژیانه پڕ مەینەت و ئازارەم بهێنم. ئەو فکره زۆر بەلامەوه شیرین بوو، ئیتر له چنگ ئەو هەموو خەم و دڵەخورپەیه نەجاتم دەبوو. تەنیا شتێک که لەو کاره پاشگەزی دەکردمەوه. ئەوه بوو زۆرم بەزەیی به خۆمدا دەهات. ئەم دڵسۆزییەش هەر لەڕێوه گڕێ ڕقی له ناخمدا دادەگیرساند. هەستم بەرانبەر به ترۆخاچڤسکی زۆر هەستێکی سەیر بوو. قین و نەفرەت بوو له ئەو و خوێڕیەتی و بێ شەرەفیی خۆم، دەمزانی ئەو گورزی خۆی گرتووه و له کارەکەشیدا سەر کەوتوو بووه، قینی ژنەکەشم وەک خۆره له ناخەوه هەلاهەلای دەکردم. به خۆمم دەگوت: "نابێ خۆم له نێو ببەم و بەریان لێ بەرەڵلا بکەم بۆ ئەوەی به کەیفی دڵی خۆیان ڕایبوێرن. به باشم زانی ئەویش هێندێک ئازار بکێشێ. لانیکەم با تێبگا چ بەڵایەکی به سەر من هێناوه. له هەموو وێستگەکان له ڤاگۆنەکه دادەبەزیم بۆ ئەوەی ئەو فیکر و خەیاڵانه له خۆم بتارێنم. له یەکێک له وێستگەکان چوومه نادییەک دیتم مسافیرەکان خەریکی مەی نۆشینن. منیش ڤۆدکام خواردەوه. له پاڵ مندا کابرایەکی جوولەکه ڕاوەستابوو، ئەویش ڤۆدکای دەخواردەوه. سەری قسەی لەگەڵ من کردەوه و بۆ ئەوەی خۆم لەو فکر و خەیاڵانه بدزمەوه و به تەنیا نەبم، چووم بۆ ڤاگۆنەکەی ئەو. ڤاگۆنەکەی ئەو نمره سێ بوو، زۆریش پیس و بۆگەن بوو. دووکەڵی جگەره وەک مژ تێدا ڕاوەستا بوو،

تەرگی ڤاگۆنەکەش پڕ بوو لە زبلۆزاڵ و تێخوڵە هێلکە. لەوێ شان بە شانی دانیشتم. کابرای جوولەکە دەمی شل نەدەبوو، چەنەوێرغەیەک بوو فریا نەدەکەوتی بەڵێی بۆ بکەی. من بە ڕواڵەت گوێم بۆ گرتبوو بەڵام لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم، چونکە گێژەڵووکەی خەیاڵەکانی خۆم تێکەوەی پێچابووم. کابرای جوولەکە بۆی دەرکەوت گوێی بۆ شل ناکەم و ناڕەزایەتیی دەربڕی. هەستام و چوومەوە بۆ ڤاگۆنەکەی خۆم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "دەبێ زۆر باش بیر بکەمەوە و بزانم ئەم فکر و خەیاڵانەی من بنەمایەکیان هەیە یان نا؟" دانیشتم بۆ ئەوەی بە شێنەیی و خوێنساردی بیری لێ بکەمەوە. بەڵام بە جێی بیر کردنەوە. لە کاتی خوێنساردی و ئاسوودەییدا، دیسان ئەو خەیاڵە ڕەشە خۆی لە مێشکم پەستاوت و بە جێی ئەقڵ و ئاوەز دیسان ئەو دیمەنە کرێت و خەیاڵە بۆگەنانە مێشکیان تەنیم. بە خۆمم دەگوت:" ئەمە چەندەمین جارە ئەو خەیاڵە پڕوپووچ و بێ بنەمایانە لە مێشکم دەخزێنم و ئاوا خۆم ئازار دەدەم؟" (کێشەی ئێرەیی و خانەگومانییەکانی پێشووم وەبیر دەهاتەوە) بۆم دەردەکەوت هەموو جارێک بێهوودە خۆم ئازار داوە." ئەمجارەشیان لەوانەیە و تەنانەت دڵنیاشم کاتێک بگەمەوە ماڵێ، ئەو زۆر بە ئاسوودەیی لە سەر پێخەفەکەی خەوتووە. هەڵدەستێ و بە دیتنی من دەگەشێتەوە، بە قسە کردن و ڕوانینەکانیدا بۆم دەردەکەوێ هیچ شتێک ڕووی نەداوە و هەموو خەیاڵەکانی من بێهوودە بووە. بەڕاستی خۆش دەبێ ئەگەر وابێ!" بەڵام هاوارێک لە دڵمدا دەیگوت: "بەڵام نا، کارەکە لە ڕابردوودا زیاتر بەو شێوەیە بووە. ئەم جارەیان ئیتر ئاوا بە باشی کۆتایی نایە!" دیسان گێژەڵووکەی خەیاڵە ڕەشەکە هەڵدەگرتم. بەڵێ، سزای داوێن پیسی و مێبازی لێرەدابوو. ئەگەر بمویتسبایە گەنجێک لە ئاکامی خراپی مێبازی پاشگەز بکەمەوە و بەرگریی لێبکەم ئەوم نەدەبرد بۆ نەخۆشخانەی تووشبووان بە نەخۆشیی ئاکلە، بەڵکوو دەرگای دڵی خۆمم بۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی چاو لەو شەتیانانە

بکات وا خەریکن توێ‌توێی دەکەن. ئەو خاڵەی بەڕاستی ترسناک و جێی داخیشە ئەوەیە من خۆم بە خاوەنی بێ ئەملاوئەولای ڕۆح و جەستەی ئەو دەزانی. وەک ئەوەی جەستەی خۆم بێ، بەڵام لەو حاڵەدا هەستم دەکرد ئەو جەستەیە لە دەست من دەرچووە و لە کونترۆڵی مندا نەماوە، ژنەکم ئاوی بێ لەغاوی خواردۆتەوە و هەر کارێکی پێیخۆشبی دەیکات، جەستەی خۆیەتی و خۆی بەرپرسییەتی، دەتوانێ کارێک بکات کە من حەزی پێناکەم و من نە دەتوانم بە دژی ژنەکەم کارێک بکەم نە بە دژی ئاشقەکەی. وەک ڤانکای کلیلدار[٢٠] لە پای سێدارەشدا بۆ ئەو ماچانەی لە لێوی شیرینی یارەکەی وەرگرتووە و لەو جۆرە قسانە، گۆرانی دەڵێ و خۆی بە سەر کەوتوو دەزانێ و پۆزم بە سەردا لێدەدا. دەسەڵاتم بە سەر ژنەکەمدا نەماوە و لە تواناما نییە بە دژی ئاشقەکەشی ڕاوەستم. ئەگەر هێشتا سەرە چەرمەکە ئاو نەیبردبێ و بیهەوێ بە دەم ئاویدا بدات - من دەزانم دەیهەوێ بە دەم ئاویدا بدات - بارودۆخەکە لەوەش خراپتر دەبێ. وا باشتر بوو ئەو کاری کردبێ و من پێی بزانم... بۆ ئەوەی لەو ئازاری بێ ئاگاییە ڕزگارم بێت. نەمدەتوانی بڵێم چیم دەوێ. حەزم دەکرد ئەو شتەی ئەو ناچار بوو بیهەوێ، نەیهەوێ. بەڕاستی ئەو پەڕی شێتی بوو.»

بیست و شەش

«لە وێستگەی بەر لە کۆتایی، کە پاسەوانی شەمەندەفەر هات بۆ وەرگرتنی بلیتەکان، من کەلوپەلەکانم کۆ کردەوە و چوومە بەر دەرگای پاڵ ستۆپی نائاسایی. ئاگاداری لە نزیک بوونەوەی شوێنی کێشەکە بە جارێ

---

٢٠- Vanka قارەمانی گۆرانیی میللی کە دڵداری ژن یان کچی ئاغایە و لە هەموو شوێنێک خۆی پێوە ڕادەنێ، تا ئەوەی ژنێکی خزمەتکار شۆڤاری دەکات و ئاغا ڤانکا لە سێدارە دەدا، بەڵام ڤانکا لە ژێر دارەکەشدا گۆرانی دەڵێ و گاڵتە بە ئاغا دەکات.

شڵەژاندبوومی. سەرما شکایە گیانم، وەک مێژۆکە دەلەرزیم و شەقەشەقی کاکیلکەم دەهات. وەک ئەوەی بە دەم خەوەوە بڕۆم لەگەڵ مسافیرەکانی دیکە لە وێستگە چوومە دەرێ. عارەبانەیەکم گرت، سوار بووم و وەڕێ کەوتم. عارەبانە ڕێگای دەبڕی و من چاوم لە خەڵکی بوو تاق و لۆق بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن. سەیری دەرگاوانی باڵەخەکان و سێبەری عارەبانەکەم دەکرد کە بە هۆی شوقی چرای شەقامەکانەوە دەکەوتە سەر زەوی و هێندێ جار لە پێشەوە و هێندێ جاریش لە دواوە، لەگەڵ ئێمە ڕێگای دەبڕی و بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە. نزیکەی نیو ڤێرست لە وێستگە دوور کەوتمەوە، لاقم تەزی. وەبیرم هاتەوە لە نێو ڤاگۆنەکەدا گۆرەوییە میرزاییەکانم داکەندبوو خستبوومە جانتاکەمەوە. جانتاکەم لە کوێ بوو؟ هێنا بووم؟ بەڵێ، لە نێو عارەبانەکەدا بوو. ئەی سندوقە سەوەچنەکەم؟ بۆم دەرکەوت لەوێ لەبیرم چووە. بەڵام چونکە قەبزی بارخانەم پێبوو خاترجەم بووم ئەوەندەش گرنیگ نەبوو بۆ وەرگرتنی بگەڕێمەوە، هەر بۆیە درێژەم بە ڕێگاکەدا.

هێشتا هەرچەندی هەوڵ دەدەم هەست و حاڵی ئەو کاتەم وەبیر نایەتەوە. تێناگەم بیرم لە چی دەکردەوە و چیم دەویست. تەنیا لە بیرمە لێم ڕوون بوو ڕووداوێکی ترسناک خەریکە دەقەومێ و ئەو ڕووداوە لە ژیانی منـدا گرنگایەتییەکی زۆری هەیە. ئێستا ئەم کارە گرینگە لە بەر ئەوە ڕوودەدا کە من پێم وابوو ڕوودەدا، یان تەنیا لە دڵی دابووم، شتێکە بۆم ناچێتەوە سەریەک و تێی ناگەم. ڕەنگە ئەم ڕووداوەش بەو هۆیەوە بێ ماوەیەک لەمەوبەر لە زەینمدا ڕەنگی خەمی لێنیشتبوو. لە پلیکانی چوونە ژوورەوەی ماڵێ نزیک بوومەوە. شەو زرینگابۆوە. چەند فەیتوون و عارەبانە لە بەر دەرگای دەرێ ڕاوەستا بوون، دیار بوو چاوەڕوانی مسافیرن چونکە چەند پەنجەرە ڕووناک بوون، ئەم پەنجەرە ڕووناکانە هی

باڵەخانەکەی ئێمە و پەنجەرەی هۆلی سەما و ژووری میوانداری بوون. بێ ئەوەی بیری لێبکەمەوە ڕووناکایی هۆڵی سەما لەو نیوە شەودا چ مانایەکی هەیە؟ هەروا کە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ڕەش بووم بە قاڵدرمەکاندا وەسەر کەوتم و لە زەنگەکەم دا. یەگۆری پێشخزمەتم کە پیاوێکی باش و بەکار بەڵام هێندێ گێلۆکە بوو دەرگاکەی کردەوە. یەکەم شت کە لە ژووری جلان سەرنجی ڕاکێشام پاڵتوی ئەو بوو، لە پاڵ جلەکانی تر بە ڕەختاوێزەکەدا هەڵواسرابوو. من دەبوو بە دیتنی ئەو پاڵتۆیە تووشی سەرسووڕمان بم، بەڵام سەرم سووڕنەما. دەتگوت ئەو چاوەڕوانییەم هەر بووە. بە خۆمم گوت: "دەمزانی. کاتێک لە یەگۆرم پرسی کێ هاتووە لەوەڵامدا گوتی ترۆخاچڤسکی، لێم پرسی میوانێکی تریشی لێیە یان نا، گوتی: "نا، گەورەم، هیچ کەسی دیکەی لێ نییە."

لە بیرمە بە ڕاوێژێک ئەو قسەیەی دەبڕی دەتگوت مزگێنییەکم پێدەدا. دەیویست خەیاڵم ئاسوودە بێ و ئەگەر تەمی گومان و دڕدۆنگییەک لە دڵمدایە، بڕەوێ. گوتی: "نا، نا گەورەم هیچ کەسی دیکەی لێ نییە!" وێدەچوو لە بەر خۆمەوە گوتبێتم: "ئەی منداڵەکان!... چونکە گوتی: "شوکر بۆ خودا حاڵیان باشە. لە مێژە خەوتوون!"

هەناسەم سوار بووبوو. شەویلکەم دەلەرزی و تەقەتەقی ددانم دەهات. "کەوایە ئەو جۆرەی بیرم لێدەکردەوە وانەبوو." بەر لەوە بەردەوام بیرم دەکردەوە ڕووداوێک دەقەومێ. بەڵام هەموو جارەکە بە خێروخۆشی تەواو دەبوو. بەڵام ئەمجارەیان وەک ڕابردوو نەبوو، هەموو شتێک بەو جۆرە بوو کە لە دڵی دابووم. بە خۆمم گوت: "ئەوانە هەمووی خەیاڵە." بەڵام ئێستا دەمدی خەیاڵ نەبووە. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگربوو. بەڵێ، ئەمجارەیان ئیتر...

زۆری نەمابوو دەست بکەم بە گریان. شەیتان چرپاندی بە گوێمدا: "بەڵێ، بگری. دەستەوئەژنۆ دانیشە کولوکۆی دڵت دامرکێنە. بۆ ئەوەی

ئەوان لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن و بە ئاسوودەیی لە یەک دوور بکەونەوە و تۆ هیچ بەڵگەیەکت دەست نەکەوێ. هەتا کۆتایی تەمەنت دڕدۆنگ بی و گڕی گومان ناخت هەڵقرچێنێ!" هەستی بەزەیی بەخۆدا هاتن لە ڕێوە لە ناخمدا ڕەوییەوە و هەستێکی سەیر جێگاکەی گرتەوە. بڕوام پێناکەی، هەستێکی پڕ لە شادی سەرتاپای داگرتم، دڵم خۆشبوو کە ئازارەکانم کۆتایی هاتووە و دەتوانم ژنەکەم سزا بدەم، دەتوانم نیری بەرپرسایەتی لە ئەستۆم داماڵم و ئەوی داخ و قینی لە دڵمدایە هەڵیڕێژم. بوومە ئاژەڵێکی دڕندە، دڕندەیەکی دڵڕەش و فێڵەباز.

یەگۆر کە دەیوست بچێت بۆ ژووری میوانداری پێمگوت: "پێویست ناکا. پێویست ناکا. تۆ ئەو کارە بکە وا من پێت دەڵێم. هانێ ئەوە پسوولەی بارگەوبنەکەی منە، خێرا سواری عارەبانەیەک بە و بڕۆ بۆ وێستگە کەلوپەلەکانم بۆ بێنەوە. زووکەی دەی خۆت مەگنخێنە!"

یەگۆر چوو بۆ دالانەکە باڵتۆکەی لە بەر بکات. لە بەر ئەوەی ئەوان ئاگادار نەبن لەگەڵیدا چووم بۆ دالانەکە و ڕاوەستام هەتا جلەکانی لەبەرکرد. لە ژووری میوانداریییەوە تەقوکوتی چەتاڵ و کارد و دەوری دەهات. خەریکی خواردن بوون و وەها بێ خەم و خاتر جەم بوون ئاگایان لە دەنگی زەنگەکەش نەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: "خۆزگە ئێستا نەهاتبایەتنە دەرێ." یەگۆر باڵتە ملیوانە تیسکنەکەی لەبەرکرد و ڕۆیشت. هەتا بەر دەرگاکە بەڕێم کرد و دەرگاکەم داخست. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هەستم کرد تەنیا خۆمم و دەبێ دەستبەکار بم. بەڵام چ دەستبەکار بوونێک؟ هێشتا نەمدەزانی چبکەم. تەنیا ئەوەندەم دەزانی کارەکەم یەکلایی بۆتەوە و گومانم لە تاوانباریی ئەو بۆرەپیاوە نەبوو، لەڕێوە دەبوو سزای بدەم و ئیتر چاوم بە چاوی ئەو ناپیاوە نەکەوێتەوە.

بەر لەوە هێشـتا دوودڵ بـووم. لە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: "ڕەنـگە ئەوە ڕاسـت نەبێ. ڕەنـگە بە هەڵە چـووبێتم." بەڵام ئێسـتا دڵنیا بـووم و گومـانم لانەبوو. هەموو شـتێک ڕوون و ئاشـکرا بـوو. زانیبووی مـن لە مـاڵەوە نیم بۆیە ئەو هەلەی قۆسـتبۆوە و خـۆی گەیانـدبووە لای ژنەکەم. ئەویـش لەو کاتەی شـەودا. ئەو کـارە یـانی هەمـوو شـتێکی لە بیـر بـردۆتەوە و لەوەش خراپتر بە ئانقەست ویستبووی ئازایەتی و ڕووهەڵماڵدراویی خـۆی نیشـان بدات. کارەکەی جینایەتە و زۆر کارێکی گوستاخانەیە! ڕەنگە ویستبێتی ئەم گوستاخییەی خۆی وەک بێ تاوانی بێنێتە ئەژمـار. هەمـوو شـتێک ڕوون و حاشا هەڵنەگر بوو. ئیتر جێگای بۆ هیچ شک و گومانێک نەهێشتبۆوە. تەنیـا لە شـتێک دەترسـام، ترسەکەشـم ئەوە بـوو دەرفەت بێـنن و بە خێرایـی لە یەک دوور بـــکەونەوە. فێڵێکـــی تـــازە بـــدۆزنەوە و ئەو بەڵـــگە ڕوون و ئاشکرایەم لێ تێک بدەن. خـاوم ببەسـتن و ئیتر نەتـوانم سـزایان بدەم. بۆ ئەوەی زووتر بە سـەریاندا بچـم و بیانوویـان لێببڕم، بە پێدزە ڕۆیشـتم بۆ ئەو هـۆڵەی ئەوانـی لێبـوو. بەڵام نەک لە دەرگـای ژووری میوانـدارییەوە، بەڵکوو لە دالانی ژووری منداڵەکانەوە.

لە ژووری یەکەم منداڵەکان خەوتبوون. لە ژووری دووهەمیش دایەن لە سـەر جێگاکەی کەوتە جووڵە جووڵ و خەریک بوو خەبەری دەبۆوە. هێنامە بەر چاوم کاتێک لە ڕووداوەکە ئاگادار بێ چی دەڵێ، هەر بۆیە بەو خەیاڵە هێندەم بەزەیی بە خۆمدا هات نەمتوانی ددان بە خۆمـدا بگـرم و بۆ ئەوەی منداڵەکان خەبەریان نەبێتەوە بێ چرپە خـۆم کـرد بە ژووری کارەکەمـدا، لە سـەر قەنەفەیەک خۆم ڕاکێشا و دام لە قوڵپەی گریان.

بە خـۆمم گـوت: "مـن پیـاوێکی بەشـــەرەفم و لەلای دایکـم و بـاوکم سـەربەرزم... لە هەمـوو مـاوەی تەمەنمـدا هەوڵـم داوە سـەربەرزانە بـژیم... هیچکات خیانەتم بە ژنەکەم نەکردووە... ئێستاش دەبینم ژنەکەم دوای پێنج

زگ، گڕی گرتووه و حەزی لە ڕامووسینی لێوی سووری ئەو کەمانژەنە خوێڕییەیە و خیانەتم پێدەکات. نا، ئەو ژن نییە. ئەوە ژانە، دێڵە سەگێکی گلاوە. دێڵەسەگێکی حەکەدار و بەبا. لە تەنیشت ژووری منداڵەکان خەریکی عەیش و نەهەنگە و شەرم لە خۆی و ئەو منداڵە پاک و فریشتە ئاسایانە ناکات. عومرێکیشە بە درۆ و مەرایی وادەنوێنێ خۆشی دەوێن. بەڵام بۆم دەرکەوت هەموو منداڵەکانی دەکاتە قوربانیی ساتێک کەیف و ڕابواردن و داوێن تەڕی. لە لایەکەوە نامە بۆ من دەنووسێ و لە لایەکی دیکەشەوە بێ شەرمانە دەخزێتە باوەشی ئەو نێرەکەرە خوێڕی و بێ ویژدانەوە. بەڵێ، من گێژ و حەپۆل بووم و ئەو چەند ساڵە بڕوام پێکرد و بە ژنێکی ژیر و داوێن پاکم زانی، بەڵام بۆم دەرکەوت زۆر ناپاک و ئابڕووتکاوە و لەوانەیە هەمیشە هەروا بوو بێ. ڕەنگە ئەو منداڵانەش کە من بە هی خۆمیان دەزانم، بەرهەمی دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ خزمەتکارەکان بن. ئەگەر من بە جێی ئەمشەو سبەینێ بگەڕایەمەوە، زۆر ڕووهەڵماڵدراوانە و بە سەروقژی شانەکراو و بەژنی زراو و هەڵسوکەوتی نەرمونیان و دڵبزوێنەوە، پێشوازیی لێدەکردم (مەگین من هەموو لایەنە جوانی و ئاکارە قێزەونەکانیم نەدیوە؟) و ئەم دڕندەی ئێرەیی و دڕدۆنگییەی لە دڵمدا دەهێشتەوە بۆ ئەوەی ناخم لە بەر یەک هەڵدڕێ. دایەنی منداڵەکان چۆن بیر دەکاتەوە؟ یەگۆر چی دەڵێ؟ ئەی لیزۆچکا[٢١]ی وردیلە و بەستەزمان! ئەویش ئێستا دەبێ لەو ئاکارە قێزەون و پڕ شوورەییەی دایکی ئاگادار بووبێ. بەڵام ئەم ڕووهەڵماڵدراوی و بێ شەرمییە، ئەم درۆ و ناپاکییە! ئەو هەوەسە ئاگرین و حەیوانییەی من بە باشی لێی ئاگادارم."

---

٢١- سووکەڵە ناوی لیزا بۆ خۆشەویستی.

دەمویست هەستم بەڵام نەمدەتوانی. دڵم وەها بەپرتاو لێیدەدا ئازای ئەندامم دەلەرزی و نەمدەتوانی بە پێوە خۆ بگرم. بە خۆمم گوت: "ئەم زەبرە ڕۆحییە هێندە کاریگەرە دەزانم حەیام لێدەبڕێ. دەزانم ئەو ئازارە دەمکوژێ. هەروا دەبێ. بەڵام چۆن؟ شتی وا دەگونجێ؟ یانی ئەو من دەکوژێ؟ نا، ئەوە بۆ ئەو زۆر خۆش دەبێ و بە ئاواتی دڵی دەگات. من ناهێڵم ئەو چێژ و شیرینکامییە باوەش لە ڕۆحی وەربێنێ. من لێرە دانیشتووم و ئەوان لە ژووری میوانداری دەلەوەڕن و قاقا دەکێشن و ... بەڵێ، ژنەتیوە ئەگەرچی ئەو شۆخوشەنگی و ناسکییەی ساڵانی نەماوە، بەڵام بۆرەپیاوی کەمان ژەن وادیارە بە دڵیەتی و چێژی لێوەردەگرێ. هەر چییەک بێ ژنێکی خانەدانە و سەردەمێک جوان و دڵڕفێن بووە. لە هەمووشی گرینگتر پاک و خاوێنە و لەشساغی ئەو جەنابە ناخاتە مەترسییەوە." وەبیرم هاتەوە حەوتووی ڕابردوو لە ژووری کارەکەم دەرم کرد و هەموو کەلوپەلەکانی سەر مێزەکەم تێهەڵکرد. لە دڵی خۆمدا گوتم: "بۆ هەر ئەو کاتە نەمخنکاند؟" بە ڕوونی وەبیرم هاتەوە ئەو کاتە لە چ حاڵێکدا بووم و چۆن لە ناخەوە هەڵدەچۆقام، نەک ئەو حاڵەم وەبیر هاتەوە بەڵکوو ئەو هەستەی کە وای لێدەکردم وەک شێت و هار حەزم لە لێدان و کوتان بێت و وڵات بەیەکدا بدەم، دیسان مێشکی داگرتم. لە بیرمە چەندەم حەز لێبوو کارێک بکەم. جگە لەو کارەی دەمویست بیکەم هیچ فکر و ئاوەزێک لە سەرمدا نەمابوو. وەک ئاژەڵێکی دڕندە یان مرۆڤێکم لێهاتبوو کە هەست بە مەترسییەکی زۆر دەکات و هیچ شتێک دەروەستی نایەت. جۆرێک کە مرۆڤ بەوردی و تێبینییەوە دەست بە کار دەبێت و بێ ئەوەی پەلە بکات و بێ ئەوەی تەنانەت یەک چرکە کات بە فیڕۆ بدات، هەموو بیر و فکری لە لای ئامانجێکی دیاریکراوە و جگە لەو ئامانجە هیچ شتێکی تر نابینێ.»

## بیست و حەوت

«یەکەم کارم ئەوە بوو چەکمەکانم داکەند و بە گۆرەوییەوە چووم بۆ لای دیواری پشت قەنەفەکان، ئەو شوێنەی تفەنگ و دەمانچە و خەنجەرەکانی لێ هەڵواسرابوو. دەستم دا خەنجەرێکی دەم خواری مشتوو زێوین کە تیغەکەی وێنەی لە سەر هەڵکەندرابوو، نووک تیژ و تازە. خەنجەرەکەم لە کالان دەرکێشا. لە بیرمە کالانەکەی کەوتە پشت قەنەفەکان و گوتم دواتر هەڵیدەگرم با ون نەبێ. پاشان پاڵتۆکەم کە هێشتا لە بەرمدا بوو دامکەند و بەبێ دەنگی چووم بۆ ئەوێ.

بە پێدزە پێدزە چوومە پشت دەرگای ژووری میوانداری و بە پڕتاو دەرگاکەم کردەوە. حاڵەتی ڕەنگ و ڕوخساریانم هەر لە بیرە. چاکم لە بیرە چونکە شادییەکی ڕەش و ژاراویی لە ناخمدا بەدی هێنا. ترس لە ڕوخساریاندا بڵێسەی دەکێشا. پێموابێ ئەو بۆرەپیاوە لە سەر مێزەکە دانیشتبوو، بەڵام لەگەڵ دیتن یان بیستنی تەقەی دەرگاکە هەستایە سەر پێ و پشتی کردە خەڵوەتییەکە. ڕەنگێک نیشتبووە سەر ڕوخساری، بێ گومان ترس بوو. ڕوخساری ژنەکەشم ترسی لێدەباری، بەڵام ڕوخساری ئەو بۆرەکەیە جگە لە ترس شتێکی دیکەشی پێوە دیار بوو. ئەگەر ئەو شتەی دیکەیان نەبووایە دڵنیام ئەو ڕووداوە نەدەقەوما. بەڵام لانیکەم لەگەڵ چوونە ژوورەوە بەم جۆرەم هاتە بەر چاو، خەمێک بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، بەداخەوە سەر خۆشیی ئەوین و شیرین کامییەکەی لێ شێوا بوو و نەیتوانیبوو بە دڵ چێژ لە گراوەکەی وەرگرێ. دەتگوت لەو ساتەدا هیچ ئاواتێکی نییە جگە لەوەی کەس نەبێتە لەمپەر لە سەر

ڕێگـای عەیـش و نۆشـەکەیدا. ئەو هەسـتەش تەنیـا بـۆ سـاتێک لە ڕوخسـاریدا دیـار بـوو. ترسـەکەی ڕوخسـاری لەڕێـوە ڕەویـیەوە و جێگـای خـۆی دا بە حـاڵەتێکی فـێڵاوی و دیـار بـوو لە بیـری ئەوەدایە فێڵێـک بـدۆزێتەوە و هەڵمفریـوێنێ. دیـار بـوو بیـری لەوە دەکـردەوە دەتوانێ هەڵمخەڵەتێنێ یان نا، لە ڕێگایەک دەگەڕا بۆ خاوبەستنی من و دەیویست لەڕێوە دەست بە کـار بێ و ئەگەر نەتـوانێ فریـوم بدات بیر لە ڕێگەچارەیەکی تر بکاتەوە. بەڵام چ ڕێگەچارەیەک؟ چاوێکی پڕ لە پرسیاری لە ژنەکەم کرد. داخ و کەسـەر بە ڕوخسـاری ژنەکەمەوە دیـار بـوو، کاتێـک چـاوی لەو بۆرەپیـاوە خـوێڕییە دەکـرد پـێم وابـوو خەمی بۆ دەخوات و دەترسێ بەڵایەکی بەسەربهێنم.

بـۆ چەنـد سـاتێک لە نێـو دەرگـانەکەدا ڕاوەسـتام خەنـجەرەکەم لە پشـتەوە شـاردەوە. لەو مـاوەیەدا بۆرەپیـاو زەردەیەکـی گـرت و بە خوێنساردییەکی قەشمەرانەوە گوتی: "خەریکی پرۆڤە کردن بووین..."

ژنەکەم ورەی لە وتە و زەردەی ئەو وەرگـــــرت و گـــــوتی: "چاوەڕوانی هاتنەوەت نەبووین..." بەڵام نە ئەمیان وتەکەی تەواو کرد، نە ئەویان. ڕق و تووڕەییە شێتانەکەی حەوتووی ڕابردوو دڵـی ڕێـک گوشیم. دیسان هەستم کرد دەبێ داروبەرد بەسـەریەکدا بـدەم و چێـژ لەو ڕق و تووڕەییە وەرگرم و ئاوری پڕ نێڵەنێڵی دەروونم دامرکێنم.

ئەو شـتەی دیـکە وا ئەو لێـی دەترسـا و قسـەکەی بـێ بڕیبـوون دەستی پێکرد. من شاڵاوم بۆ ژنەکەم برد و خەنجەرەکەم لە پشتەوە شـاردەوە نەوەک ئەو بۆرەپیـاوە دەسـتم بگـرێ و نەهێڵـێ بـیکەم بەلاقەبرغە و بن مەمکیدا. من ئەو شوێنەم هەر لە سەرەتاوە هەڵبـژارد بـوو. هەرکە هێرشـم بـرد بـۆ ژنەکەم، ئەو بـۆرەکەی خـوێڕییە هـاتە پێشێ و قۆڵی گرتم، لەو کاتەشدا بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەوەم

لێی نەبوو. دەنگی هەڵبڕی: "ئەوە چیدەکەی، مەگین شێت بووی؟ پێت وایە شتێک ... ئەی هاوار... فریاکەون!"

من خۆم ڕاپسکاند و بە توندی قۆڵم لە چنگی دەرکێشا و بێ ئەوەی قسە بکەم پەلاماری خۆیم دا. کە چاوی بە چاوم کەوت، لە ناکاو ڕەنگی ڕوخساری و تەنانەت لێویشی وەک چۆڕی شیر سپی هەڵگەڕا؛ چاوی بە شێوەیەکی سەیر بریقەی هات و خۆی کرد بە کەلێنی نێوان دیوار و پیانۆکەدا و لەوێوە هەڵات بۆ لای دەرگاکە. پێم وانەبوو ئاوا هەڵدێ و خۆی دەرباز دەکا. هەڵاتم بە دوایدا بەڵام شتێکی قورس خۆی بە قۆڵی چەپەمدا هەڵواسی. ژنەکەم بوو. بە توندی خۆم ڕاپسکاند و دەستی بەربوو، بەڵام سەرلە نوێ بە هێز و قورساییەکی زیاترەوە قۆڵی گرتم و ئیتر وەک چەققە پێوەم نووسا و بەری نەدام. ئەم بەربەستە چاوەڕوان نەکراوە قورسایی ئەو بوو و وێککەوتنی جەستەی لەگەڵ دەستم، زۆر بەلامەوە پیس و قێزەوەن بوو. هەر بۆیە گڕێ ڕق و تووڕەیییەکەی بڵێسەدارتر کردم. هەستم دەکرد ڕق و تووڕەیی شێتی کردووم، خوێن بەری چاوی گرتبووم و قەڵافەتم دەبێ لەو کاتەدا زۆر سامناک بووبێ و ئەوەش زۆر بەلامەوە خۆش و چێژ بەخش بوو. قۆڵی چەپەم زۆر بە توندی لە چنگی دەرکێشا و هەنیشکم لە ڕوومەتی درا. قیژاندی و قۆڵی بەردام. ویستم بکەومە دووی ئەو بۆرەپیاوە بەڵام وەبیرم هاتەوە کەوشم لە پێدا نییە و بەو شێوەیە هەڵاتن بە دووی کەڵەگای ژنەکەمدا زۆر شوورەیی بوو، نەشمدەویست ببمە قەشمەرەجاڕی خەڵکی. دەمویست قەڵافەتم لە کاتی تۆڵە سەندندا پڕ هەیبەت و بەسام بێ. سەرەڕای تووڕەیییەکی شێتانە کە گڕی لە دەرووونم بەردابوو، ئاگام لەوەش بوو ئاکارم چ کاریگەرییەکی لە سەر خەڵکی دەبێ و تا چ ڕادەیەک

سەرنجیان ڕادەکێشم؛ هەر ئەو هەستەش بوو هانی دەدام و هەوساری هەست و ئاکارمی بە دەستەوە بوو. گەڕامەوە بۆ لای ژنەکەم. لە سەر قەنەفەکە کەوتبوو. بەر چاوی بە زەبری هەنیشکم ماسیبوو. دەستی بە بەر چاوییەوە گرتبوو و تێی دەڕوانیم. ڕوخساری تەژی لە ترس بوو، دڵیشی لێوڕێژ بوو لە ڕق و قین دەرهەق بە من؛ منی بە دوژمنی خۆی دەزانی و ئەوەم لە ڕوخساریدا دەخوێندەوە. دەموچاوی لە مشکێک دەچوو کەوتبێتە تەڵەوە. لانیکەم من لە ڕوخساریدا شتێکم جگە لە ترس و ڕق دەرهەق بە خۆم نەدەدی. ئەمەش ڕاست ئەو ترس و قینە بوو کە لە خۆشەویستی و ئەشقی کەڵەگاکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. بەڵام ئەگەر بێدەنگ بووایە و بیهێشتبایە تۆزێ هێور ببمەوە، لەوانەیە ئەو کارەم نەکرادیە کە کردم. لە ناکاو دەستی کرد بە دەمدرێژی و دەستە ڕاستی گرتم. ئەو دەستەی گرتم کە مشتووی خەنجەرەکەی ڕێک دەگوشی. گوتی: "چی دەکەی؟ هۆشت لە سەر خۆتە؟ بۆ شێت بووی؟ خۆ هیچ شتێک ڕووی نەداوە. ئێمە هیچ کاریکمان نەکردووە. هیچ، هیچ... سوێندت بۆ دەخۆم!"

هێشتا وێدەچوو ددان بە خۆمدا بگرم و ئەو ڕووداوە نەقەومێ. بەڵام ئەم دوایین قسەیەی، واتە سوێند خواردنەکەی بۆ من نیشاندەری هەموو شتێک بوو. ڕاست پێچەوانەی قسەکانی بوو. ئەو سوێندەی پێی دەگوتم: "هەموو شتێک بووە و هیچ کارێک نەماوە نەمانکردبێ." هەر ئەوەش گڕی لە ناخم بەردا و وای لێکردم ئیمانهەردەبم و ئەو ئیمانهەردەبوونەشم دەبوو لەگەڵ ئەو حاڵە بگونجێ وا منی تێدابووم، یانی تووڕەیییەک کە بەردەوام کڵپەدارتر

دەبوو و دەبووایە بڵێسەکەی بەرزتر بێتەوە، مەگین ڕق و تووڕەییش یاسای تایبەت بە خۆی نییە؟

به دەنگێک کە بە هۆی تووڕەیی زۆرەوە لە قیژە دەچوو دەنگم هەڵبڕی: "درۆ مەکە ڕووڕەشی بێ ئابڕوو! بە دەستی چەپەم دەستیم گرت. بەڵام ئەو بە توندی خۆی ڕاپسکاند و مەچەکی لە دەستم دەرکێشا. ئیتر من بێ ئەوەی خەنجەرەکە دانێم، بە دەستی چەپەم قوڕگیم گرت و گوشیم. ئەوکی زۆر ڕەق بوو. ئەو بە هەر دوو دەستی، دەستی منی گرتبوو و دەیویست قوڕگی لە چنگم دەرهێنێ، منیش وەک ئەوەی چاوەڕوانی هەلێکی ئاوا بم بە هەموو هێزی خۆم خەنجەرەکەم لە ژێر مەمکی چەپەی ڕاکرد.

کاتێک خەڵکی دەڵێن وەها تووڕەیی شێتی کردبوون ئاگایان لە خۆیان نەبووە چییان کردووە، درۆ دەکەن، هەمووی قسەی هەلێتوپلێتە. من هەموو شتێکم لە بیرە و بۆ چرکەیەکیش ئاگام لە خۆم نەبڕا. هەتا ئاگری قینم بڵێسەدار دەبوو نووری وریایی لە زەینمدا ڕووناک و پرشنگدارتر دەبوو. هەر کارێکیشم دەکرد لە ڕووی وریایی و ئاگادارییەوە دەمکرد. سات بە سات دەمزانی چی دەکەم. ناتوانم بڵێم لە پێشدا دەمزانی چی دەکەم. بەڵام لە کاتی کردەوەکەمدا، تەنانەت دەتگوت چەند چرکە بەر لە ئەویش دەمزانی چی دەکەم. دەتگوت بۆ ئەوەی ڕێگایەک بۆ پەژیوان بوونەوە بمێنێتەوە و بۆ ئەوەی پاشان بتوانم بڵێم دەمتوانی ددان بە خۆمدا بگرم. دەمزانی خەنجەرەکە دەکەم بەژێر پەراسوویدا و هەستم دەکرد خەنجەرەکەی تێڕادەچێ. لەو ساتەدا کە ئەو کارەم دەکرد، دەمزانی قوڕێکی خەست بۆ خۆم دەگرمەوە. کارێک کە هیچ کات نەمکردبوو، کارێک کە ئاکامێکی زۆر تاڵ و دژواری لێدەکەوتەوە. بەڵام ئەو

ئاگـــاداربوونه وەک بررووســـکەیەک هـــات و کـــوژایەوە و دەســـتبەجێ بەدوای ئەویشدا ئەو کارە ڕەش و سامناکەم ئەنجام دا. بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و جیاواز دەمزانی چی دەکەم و ئاکامی ئەو کردەوەیەم چی دەبێ. باش لەبیرمە بۆ ساتێک ستیانەکەی و ڕەقییەکی دیکەم لە ژێر نووکی خەنجەرەکمدا هەست پێکرد، پاشان خەنجەرکە لە شتێکی نەرم ڕۆچوو. ئەو بە دەستی دەمی خەنجەکەی گرتبوو بۆ ئەوەی زیـــاتری تێهەڵنەچەقـــێ بەڵام دەســـتی بـــڕی و خەنـــجەرەکە هەتـــا بـــن مشتوو تێی هەڵچەقی.

من ماوەیەک دواتر لە بەندیخانە، دوای ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر ڕەوشت و ئاکارمدا هاتبوو، بیرم لەو ساتە دەکردەوە و هەتا ئەو جێیەی بۆم دەلوا مووبەمـوو هەمـوو شـتەکانم وەبیر دەهـاتەوە و لە سـەریان هەڵوەسـتەم دەکـرد. لە بیـرمە بـۆ مـاوەی سـاتێک تەنیـا ساتێک بەر لە ڕووداوەکە ئاگاداری ئەو کارە سامناکەی خۆم بووم، دەمزانی خەریکم کەسێک دەکووژم، خەریکم خوێنی ژنێک دەڕێژم، ژنـێکم کوشـت، خـوێنی ژنـێکم ڕشـت، ژنێکـی بـێ دەسـەڵات، ژنەکەی خۆمم کوشت. ئەو ئاگادارییە تاڵ و نەگبەتییەم وەبیر دێتەوە و بەو ئاکامە دەگەم و تەنـانەت بە شـێوەیەکی تەمـومژاویش وەبیـرم دێـتەوە کاتێـک خەنـجەرەکەم بە ژێـر مەمککیـدا کـرد لەڕێـوە دەرمکێشـایەوە. دەمویست ئەو کارەی کردوومە قەرەبووی بکەمەوە. بۆ چرکەیەک بێ جووڵە ڕاوەستام و چاوەڕوان مام بزانم چیی لێدێ و ئایا کارەکەم بۆ قەرەبوو کردنەوە دەبێ یان نا. ژنەکەم هەسـتایە سـەر پـێ و قیژانـدی: "ئەی دایە گیان، کوشتمی!"

دایەنی منداڵەکان کە بەو شەڕ و هەرایەی ئێمە خەبەری بووبۆوە، لە نێو دەرگـانەکەدا ڕاوەسـتا بـوو. مـن هەروا لە جێـی خـۆم ڕاوەسـتا

بووم و چاوەڕوان بووم، بڕوام بە چاوی خۆم نەدەکرد. بەڵام دیتم خوێن لە ژێر ستیانەکەی دێتەدەرێ و بەرزگی خووساندووە. ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کار لە کارترازاوە و ئیتر قەرەبوو ناکرێتەوە و دیتم پێویستیش نییە. ئەوە شتێک بوو خۆم ویستبووم، کارێکە دەبوو درەنگ و زوو بکرایە. چاوەڕوان بووم هەتا ژنەکەم کەوت بەزەویدا و دایەن قیژاندی: "خودایە، هاوار!" هەڵات بۆ لای تەرمی لە خوێن شەلاڵی ژنەکەم، منیش ئەو کاتە وەخۆ هاتمەوە و خەنجەرەکەم فڕێدا سووچێک و ڕۆیشتم بۆ لای دەرگاکە.

بێ ئەوەی چاو لە ژنەکەم و دایەن بکەم بە خۆمم گوتم: "نابی دەست و پێی خۆت ون بکەی! دەبێ بزانی چیت پێدەکرێ!" دایەن بە دەنگی بەرز دەگریا و بانگی خزمەتکارەکەی دەکرد. من لە دالانەکە تێپەڕیم و خزمەتکارەکەم نارد بۆ لای و چووم بۆ ژوورەکەی خۆم. بە خۆمم گوت: "ئێستا دەبێ چبکەم؟" هەر لەڕێوەش زانیم دەبێ چبکەم. خۆم کرد بە ژوورەکەی خۆمدا و ڕاست ڕۆیشتم بۆ لای قەنەفەکە و دەمانچەکەم لە دیوارەکە کردەوە و ئەمبارەوبارم کرد. پڕ بوو. لە سەر مێزەکە دامنا. پاشان کالانی خەنجەرەکەم لە پشت قەنەفەکە دەرهێنایەوە و دانیشتم.

ماوەیەک بەو شێوەیە مامەوە و جووڵەم نەکرد. بێ ئەوەی بیرێک بکەمەوە یان هەوڵ بدەم شتێکم وەبیر بێتەوە. تەپوکوتی کەوش و هاتوچۆ و هاتوهاوارم دەبیست. پاشان تەقوکوتی تایەی گالیسکەیەک هات و کەسێک دابەزی. دوای ئەویش کەسێکی تر. بە دوای ئەویشدا ترپەی پێی یەگۆرم بیست، هاتە ژوورێ و سندوقە سەوەچنەکەی بۆ هێنامەوە. دەتگوت ئیتر هیچ کەس پێویستی پێی نییە.

به یەگـــۆرم گـــوت: "بیســـــتووتە چـــی ڕووی داوە؟ بـــڕۆ بە سەرایەدارەکە بڵێ بچێت پۆلیس ئاگادار بکات." یەگۆر هیچی نەگوت و ڕۆیشــت. مــن هەســتام و دەرگــای ژوورەکەم داخســت، جگەریەکـم داگیرســاند و دەســتم کــرد بە کێشــانی. لە پــڕ خەوێــک دایگــرتم جگەرەکەم بە نیوەچڵی هێشتەوە. نزیکەی دوو سەعات خەوتم. لە بیرمە لە خەونمدا من و ژنەکەم هیچ کێشە و ناکۆکییەکمان نەبوو. دەمقڕەیەکمان بووە و ئاشت بووینەتەوە. بە دەنگی لێدانی دەرگاکە خەبەرم بۆوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: "پۆلیس هاتووە. ڕەنگە کەسێکم کوشــتبێ. یــان ژنەکەمە و وادیــار هــیچ شــتێک نەقەومــاوە و ئەوانە هەمووی خەون بووە." دیسان لە دەرگاکەیان دایەوە. وەڵامم نەدایەوە و هەروا سەرقاڵی ئەو بیر و خەیاڵانە بووم: "ڕووداوێک قەوماوە یان نەقەوماوە؟ بەڵێ، قەوماوە." ئەوەم دەگوت و دەمزانی خۆم دەکووژم. لەگەڵ ئەوەشدا هەستام و دەمانچەکەم هەڵگرت. بەڵام شتێکی سەیر بوو: وەبیرم هاتەوە چەند جار ویستبووم خۆم لە نێو بەرم و ئەو ڕۆژەش تەنانەت کاتێک لە شەمەندەفەرکەدا بووم، پێموابوو خۆکوژی زۆر کــارێکی ســانایە و بــۆیەش بەلامەوە ســانا بــوو، دەمگــوت بە کوشــتنی خــۆم داخ دەنــێمە ســەر دڵــی ژنەکەم. بەڵام ئێســتا نەک نەمدەتوانی خۆم بکووژم بەڵکوو بیر کردنەوە لەو کارەش ئازاری دەدام. دیســان لە دەرگاکەیــان دا. "بەڵــێ، ســەرەتا دەبێ بزانم کێیە لە دەرگا دەدا. پاشان کاتی زۆرم لە بەر دەست دایە." دەمانچەکەم لەو لاوە دانا و بە ڕۆژنامەیەک دامپۆشی. چووم بۆ لای دەرگاکە و پشت بەستەکەم لا برد. ژن خوشکەکەم بوو. بێوەژنێکی مێهرەبان و گەمژە!

گوتی: "ڤاسیا، چیت کردووە؟"

ئەو ژنێکی دڵناسک و گرینۆک بوو، دەستی کرد بە گریان و فرمێسک هەڵوەراندن.

بە دەنگی بەرز گوتم: "چیت لە من دەوێ؟"

دەمزانی نابێ بە سەریدا بگوڕێنم. پێویستیش نەبوو دەنگم بەرز بکەمەوە. بەڵام نەمدەتوانێ بە ڕاوێژێکی تر لەگەڵی بدوێم.

"ڤاسیا، خوشکم خەریکە دەمرێ. ئیڤان فیۆدۆرۆڤیچ دەڵێ برینەکەی کارییە." (ئیڤان فێودۆرۆڤیچ پزیشک بوو، پزیشک و ڕاوێژکاری ئەو.)

"مەگین ئەویش لێرەیە؟"

دیسان ڕق و داخی ژنەکەم دڵی داگرتم. چاوم لە چاوی بڕی و گوتم: "دەی، ئێستا چیت لە من دەوێ؟ چبکەم؟"

"ڤاسیا، بڕۆ بۆ لای. پەککوو، چ بەڵایەک دەرکی پێگرتووین!"

قسەکەی ئەوم لە دڵی خۆمدا دووپات کردەوە. "بڕۆ بۆ لای؟" لەڕێوە وەڵامم داوە: "بەڵێ، دەبێ بڕۆم بۆ لای. ڕەنگە ئەوە کارێکی پێویست بێ. ڕەنگە کاتێک مێردێکی وەک من ژنەکەی خۆی دەکووژێ، حەتمەن دەبێ بچێت بۆ ژوورسەری." بە خۆمم گوت: "ئەگەر هەمووان ئەو کارە دەکەن کەوایە دەبێ منیش بیکەم. دەبێ بچم. ئەگەر پێویست بێ بۆ ئەو کارە کاتێکی زۆرم لە بەر دەستدا هەیە." مەبەستم خۆکوژییەکە بوو. چووم بۆ لای.

لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئێستا قسەی جوان جوان دەکەن و هەستی خۆیان بەگەرموگوڕی دەردەبڕن و ئەدا و ئەتوار دەردێنن. بەڵام من دەسەڵاتی خۆم نادەمە دەست ئەوان." بە خوشکیم گوت: "ڕاوەستە، ئاوا بە پێخاوسی ناکرێ بێم، جوان نییە. ڕاوەستە با لانیکەم کەوشەکانم لە پێ بکەم."»

## بیست و هەشت

«نەقڵێکـی سـەیر بـوو. لە ژوورەکەم هـاتمە دەرێ و کاتێـک بەو ژوورانەدا تێدەپەڕیم کە خـووم پێگرتبـوون، دیسـان ئەو هیـوایە دڵـی داگرتم و ئاواتەخواز بووم هـیچ ڕووداوێک نەقەومابێ. بەڵام بۆگەنی ئەو کەسافەتانەی پزیشکەکان، بۆگەنی یەدۆفۆرم و ئەسیدفنیک، لووت وگەرووی گــرتم. بەداخەوە هیــواکەم نەهــاتە دی. ئەو ڕووداوە قەومـابوو. کاتێـک بە داڵانەکەدا ڕۆیشـتم و بە بەردەرگـای ژووری منداڵەکانـدا تێـپەڕیم، چـاوم بە لیزانکـا کەوت بە ڕەنگـی پەڕیـو و خەمناکەوە چاوی لێدەکردم. تەنانەت وام بە خەیاڵدا هات هەر پێنجیان لەوێ وێستاون و لێم دەڕوانن. ڕۆیشتم بۆ لای دەرگاکە. کلفەتەکەمان دەرگاکەی بۆ کردمەوە و خۆی هاتە دەرێ. یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشـام کراسـە ڕەساسییە کاڵەکەی ئەو بوو لە سـەر کورسیلەیەک کەوتبوو و لایەکی بە خوێن ڕەش هەڵگەڕابوو. ژنەکەم لە سـەر چرپا دوو کەسییەکەمان و لە جێگـاکەی مـن ـ چونکە گەیانـدنی بۆ ئەوێ سـانا تـر بـوو ـ ڕاکێشـرا بـوو. لاقی نووشـتابۆوە و هەر دوو ئەژنۆی هەڵـدا بـوو. چەنـد باڵنجیـان خسـتبووە ژێـر سـەری و کراسـەکەیان هەڵدابۆوە و دوگمەی فانیلەکەی کرابوونەوە.

پەڕۆیەکیـان لە سـەر بـرینەکەی دانـا بـوو. بـۆنی ئەسـیدفنیک ژوورەکەی داگرتبوو. بەر لە هەموو شـتێک و زیـاتر لە هەمـوو شـتێک دەموچاوە پەنەمیوەکەی سەرنجی ڕاکێشام، لووتی و بەر چاوی شـین هەڵگەڕابوو. ئەوەش جێگـای زەبـری هەنیشـکم بـوو کاتێک دەیویسـت بمگرێ و نەهێڵێ وەدووی کەڵەگاکەی بکەوم. جوانییەکەی ئاسـەواری

نەمابوو. بە پێچەوانە دەموچاوی جۆرێک بوو بێزم لێدەکرد و زۆر لە بەر چاوم قێزەونی دەنواند. لە بەر دەرگاکەدا ڕاوەستام.

خوشکی پێی گوتم: "بڕۆ، بڕۆ بۆ لای."

لە دڵی خۆمدا گوتم: "بەڵێ، ڕەنگە بیهەوێ پەشیمانی دەربڕێ، یانی دەبێ چاوپۆشی لە تاوانەکەی بکەم؟ بەڵێ، خەریکە دەمرێ. دەتوانم لێی ببوورم."

هەوڵم دەدا گەورەیی بنوێنم. چووم بۆ ژوور سەری. زۆر بە زەحمەت توانیی چاوی هەڵێنێ و لێم بڕوانێ. چاوێکی ڕەش و شین هەڵگەڕا بوو. بە هەوڵێکی زۆر و بە پتەپت گوتی: "ئەو کارەی دەتویست بیکەی کردت. منت کوشت!..." لە ڕوخساریدا جگە لە ئاسەواری ژانی جەستەی و ترسی مەرگ، قینێکی کۆنە و حەیوانیش وەبەرچاو دەکەوت و بۆ من نامۆ نەبوو. "بەڵام منداڵەکان نادەم بە تۆ. ئەوان دەنێرمە لای ئەو." ئاماژەی بە خوشکی کرد. بەڵام ئەوەی بۆ من لە هەموو شتێک گرینگتر بوو، یانی سەبارەت بە تاوان و خیانەتەکەی، هیچی نەگوت. یان ئەوەندەی بایەخ پێنەدا باسی بکات.

چاوی لە لای دەرگاکە کرد و گوتی: "بەڵێ بڕوانە، چاو لە کارە جوان و کارستانەکەت بکە!" خوشکی و منداڵەکان لە نێو دەرگاکەدا ڕاوەستابوون. "بەڵێ، زۆر باش بڕوانە!"

چاوێکم لە منداڵەکان کرد و پاشان، چاوم لە سەر دەموچاوە ماسیو و ڕەش و شین هەڵگەڕاوەکەی گیرسایەوە، سەرەتا خۆم و مافی خۆم و غیرەتی خۆم لە بیر چۆوە و بۆ یەکەم جار مرۆڤم لە سیمای ژنەکەمدا دی، تەزوویەک بە سەرتاپای لەشمدا هات و تەواوی غیرەت و پیاوەتیی خۆمم وەک پەلەپووشێک هاتە بەر چاو، بە پێچەوانەش کردەوە چەپەڵەکانی ڕابردووی خۆم وەها لەبەر چاوم

زەق بوونەوە، دەمویست لەبەر دەمیدا چۆک دادەم و سەرم بنێمە سەر قۆڵی و بڵێم: "بمبوورە!" بەڵام غیرەت و توانای ئەو کارەم لە خۆمدا شک نەدەبرد!

ئەو چاوی قووچاند و بێدەنگ بوو. دیار بوو توانای نییە درێژە بە قسەکانی بدات. هەر لەو کاتەدا دەموچاوە شێواوەکەی دەستی کرد بە لەرزین و چرچولۆچی تیکەوت. بە دەستە بێ هێزەکەی لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی دەکرد لێی دوور بکەومەوە گوتی: "باشە ئەو هەموو کێشە و شەڕ و ئاڵۆزییە بۆ چی بوو؟ ئاخر بۆ؟"

گوتم: "بمبوورە!"

تۆزی شانی بەرز کردەوە، چاوانی سوورهەڵگەڕا و یاو تێزاوی ترووسکەی هات و لەگەڵ ئەوەی چاوی لە چاوم بڕی، گوتی: "بتبوورم؟ ئەوە هەموو قسەی هەڵیتوپڵیتە... خۆزگە ڕێزەیەک هیوای ژیانم هەبووایە و نەمردایەم... کاری خۆتت کرد!... لێت بێزارم!... ئاخ!... ئاخ!..." وەک ئەوەی لە شتێک بترسێ قیژاندی: "وەرە، بمکووژە... بمکووژە!... من لە تۆ ناترسم... بەڵام ئەگەر پیاوی هەمووان بکووژە، بەر لە هەمووان ئەو بکووژە... بۆ ناچی بیکووژی؟ ئەو ڕۆیشت و دەرباز بوو... ڕۆیشت!..."

بەردەوام وڕێنەی دەکرد. ئیتر هیچ کەسی نەدەناسییەوە. هەر ئەو ڕۆژە نزیک نیوەڕۆ گیانی دەرچوو. بەر لەوە سەعات هەشتی بەیانی منیان برد بۆ پۆلیسخانە و لەوێوە بردیانم بۆ زیندان. لە بەندیخانە ماوەی یازدە مانگ چاوەڕوانی لێپێچیینەوە بووم و لەو ماوەیەدا بە چڕوپڕی بیرم لە کار و کردەوەکانی ڕابردووم کردەوە و وردە وردە خەریک بوو تێدەگەیشتم. ڕۆژی سێهەم بوو هاتمە سەر ئەوەی بەڕاستی تێبگەم.»

دەیویست درێژەی پێبدا بەڵام گریان ئەوکی گرتبوو و نەیدەتوانی بدوێ. بێدەنگ بوو.

کاتێک هێور بۆوە دەرێژەی پێدا: «ڕۆژی سێهەم بوو خەریک بوو مەسەلەکەم بۆ ڕوون دەبۆوە. ئەویش ئەو کاتەی ئەوم لە نێوە دارەمەیتەکەدا دی...» دیسان گریان ئەوکی گرت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەپەلە درێژەی پێدایەوە: «تەنیا کاتێک دەموچاوی هەڵبزرکاو و مردوویم لە نێو تابووتەکەدا دی، تێگەیشتم چ کارێکم کردووە. تێگەیشتم کوشتوومە. یانی ئاکامی کارەکەی من ئەمە بوو، ئەوەی مرۆڤێکی زیندووو، مرۆڤێک کە دەجووڵایەوە و دڵی گەرم بوو، بیکووژم، ساردی بکەمەوە و کارێک بکەم وەک پەیکەرەیەکی سارد و سڕ لە نێو دارەمەیتدا ڕاکشێ. کارێکم کردبوو ئیتر لە هیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو نەدەکرایەوە. کەسێک کە بەڵایەکی لەو چەشنەی بەسەرنەهاتبێ، ناتوانێ لەو ڕاستییە تێبگات و ئەو دەرد و ئازارە قورسە هەست پێبکات. پەککوو... پەککوو... پەککوو...» بە دەنگێکی بەرز ئەوەی گوت و بێدەنگ بوو.

ماوەیەک هیچمان متەقمان نەکرد. ئەو بەرەوڕووم دانیشتبوو و شانی هەڵدەتەکاند و لە بنەوە دەکوڵا.

«ببوورە!...»

پشتی تێکردم، لە سەر کورسییەکە ڕاکشا و بەتانییەکەی بە سەر خۆیدا دا. لە وێستگەیەک کە من دەبوو دابەزم (سەعات هەشتی بەیانی بوو) چوومە پەنای و ویستم ماڵئاوایی لێبکەم. نازانم خەوتبوو یان خۆی لە خەو کردبوو. دەستم نایە سەر قۆڵی. چاوی هەڵێنا و بۆم دەرکەوت نەخەوتووە.

دەستم گوشی و گوتم: «خوداحافیز!»

ئەویش دەستی منی گوشی و بزەیەکی ساردوسڕ نیشتە سەر لێوی. بزەکەی هێندە دڵتەزێن بوو خەریک بوو لە تاوی دەست بکەم بە گریان.

ئەو وشەیەی کە چیرۆکەکەی پێ تەواو کرد بوو، دووپاتی کردەوە و گوتی: «بەڵێ، ببوورە!»

....................

سەرچاوە: سونات کرویتسر، لیوتۆلستۆی، چاپی دووهەم، ١٣٨٩ تهران، نشر چشمە، ترجمە شروش حەبیبی.

## فەرهەنگۆک

ئاپۆر: بەڵا، چۆرتم. (مصیبت)

ئاکلە: سفلیس، نەخۆشییەکی جنسییە. (سفلیس)

ئیمــانهەردەبوون: بریتـــی لە: لە دیندەرچـــوون، توورەبـــوونی لە ڕادەبەدەر. (دهری شدن)

بۆرەکە: بۆرەپیاو،پاوی خوێڕی و بێ نرخ. (مردک، مرتیکە)

بەستۆکە: لەشفرۆش، قەحبە. (روسپی)

پەرجۆ: مۆجیزە. (معجزە)

پەرکەم: فێ، گەشکە. (صرع)

تۆلاز: داوێنپیس، مێباز. (زنبارە)

تەپلۆس: تەوەزەل، تەمبەڵ، قوونگران. (تنبل)

تەشق: بەرزایی، حەوێق. (اوج)

تەمتومان: تەم و مژ، تەم و دومان. (مە)

چۆرتم: کۆسپ،بەڵا. (مصیبت)

چەنەوێرغە: زۆربڵێ، چەنەوەر، دەمچەپڵە. (پرگو)

حەکەدار: ژنی حەشەری، هەوەسباز، بەئالۆش. (هوسران)

خاو بەستن: هەڵفرواندن، خاپاندن، فریودان. (اغوا کردن)

دابەستن: ئاژەڵی لە ماڵ ڕاگیراو و بۆ قەڵەو بوون. (پروار)

دەملەپووش مانەوە: هیوابڕاو بوون، بێ هیوایی. (نومید شدن)

دێمۆدە: سوکوچرووک، (مبتذل)

ڕموودە: تێوەگلاو، تووشبوو. (معتاد)

ژقنەمووت: زەقنەبووت، ژەقنەپووت. (زهر، کنایە از بسیار تلخ)

سەگ گڵاوک: سەگاڤ، سەگی ئاوی. (سگ آبی)
قەمارە: ژووری نێو ڤاگۆنی شەمەندەفەر. (کوپە)
کاڵفام: تێنەگەیشتوو، گەوج، نەفام، ناهیر. (سبکسر)
گتگرتن: تۆزە ڕاوەستان.(مکث)
لەچەر: منجڕ، سمنج. (سمج)
ماچڵەک: ئەو کەرەسە بزۆکەی جەمسەری لقەکانی هێڵاسن پێکەوە دەبەستێ و هێڵێکی دیکەی لێدەبێتەوە.(سوزن)
ماچڵەکچی: مەقەستچی، کارگێڕی هێڵاسن کە لە شوێنی لق لێبوونەوەی هێڵەکاندا بە بەستنی هێڵی لاتەکی شەمەندەفەر دەخاتە سەر هێڵی سەرەکیی خۆی. (سوزنبان)
مجرۆ: ئیفلیج. نەقوستان. (فلج)
نەمرچ: مڕومۆچ، نێوچاوان گرژ. (ترشروو)
وەویلکە: بووکەڵە، بووکۆکە. (عروسک)
هیستری: فێ، سەرودڵ لێهاتن، گەشکە. (صرع)

# بەرهەمەکانی ئەمین گەردیگلانی

١) تـاپۆی وەرزێکـی سـەوز، کۆمەڵەشـیعر، چاپخـانەی شـوعاع تەورێز، ١٩٩٧

٢) شەوەژانی ئەستێرەیەک، کۆمەڵەشیعر«تاران، نشر عابد، ٢٠٠٠

٣) مەرگەخەون، کۆمەڵەشیعر، تاران، نشر پیام امروز، ٢٠٠٣

٤) دیسـان لەو شـەقامانەوە، کـۆمەڵە چیرۆکـی بیژەنـی نەجـدی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥

٥) تەپڵی ئاور، کۆمەڵە چیرۆکی بیانی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥

٦) جێگـای بەتـاڵی سـلووچ، ڕۆمـان، مەحمـوودی دەوڵەتئابـادی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦

٧) خـۆر و لاولاو، کـۆمەڵە شـیعری منـداڵان، بۆکـان، چاپخـانەی داهاتوو ٢٠٠٧

٨) یەککگـرتن، چیرۆکـی منـداڵان، قودسـی قـازی نـوور، وەرگێـڕان، ئاراس، ٢٠٠٧

٩) برایانی کارامازۆف، ڕۆمان، فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧

١٠) خولیـای نووسـین، کـۆمەڵە وتـار«ڕەزا بەراهەنـی، وەرگێـڕان. موکریانی، هەولێر ٢٠٠٨

١١) فەرهەنگـی ڕێـژگە (ئەو وشـانەی لە هەنبـانە بـۆرینەدا نەهاتوون)، موکریانی هەولێر ٢٠٠٩

١٢) كەڵەشێری ورگن، چیرۆکی منداڵان، فۆلکلۆر؛ نووسینەوە، بۆکان، ئیزیرتوو، ٢٠٠٩

١٣) تازیەبارانی بەیەل، ڕۆمانی غوڵامحوسێن ساعیدی، وەرگێڕان، موکریانی٢٠١١ هەولێر

١٤) مەرگی ئیڤان، ڕۆمان، لئۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١

١٥) دار وپەپووولە و ڕووبار، چیرۆکی منداڵان، فەریدە شەبانفەر«وەرگێڕان، ٢٠١١

١٦) دیلی قەفقاز، ڕۆمان، لئۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١

١٧) باوکە سێرگی، ڕۆمان، لئۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١

١٨) ئاغا و نۆکەر، ڕۆمان، لئۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١

١٩) هاوسەرگیری بەختەوەرانە، ڕۆمان، تۆلستۆی، وەرگێڕان، هەولێر، خانەی کتێبی ئاوێر ٢٠١٢

٢٠) نارنجی فڕین، کۆچیرۆک، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠١٢

٢١) ئانا کارنینا، ڕۆمان، تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، ٢٠١٢ هەولێر

٢٢) سترانی شەپۆلەکان، شێعری هاوچەرخی فارس، وەرگێڕان. یەکیەتیی نووسەران مەڵبەندی گشتی، هەولێر٢٠١٢

٢٣) شنەی پشکووتن، دیوانی شێعر ناوەندی بڵاوکردنەوەی کۆڵەپشتی، تاران ٢٠١٣

**ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:**

١) کازاخەکان، ڕۆمان، لئۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان
٢) ڕێگایەک بەرەو هەتاو، کۆمەڵەچیرۆک، وەرگێڕان
٣) شارەزاییە بنەڕەتییەکانی ژیان، دووررووتی ڕیچ، وەرگێڕان
٤) حاجی مراد، ڕۆمان، لیۆ تولستوی، وەرگێڕان
٥) شەیتان، ڕۆمان، لیۆ تولستوی، وەرگێڕان
٦) پۆلیکۆشکا، ڕۆمان، لیۆ تولستوی، وەرگێڕان
٧) پەسلان،ڕۆمان، لیۆ تولستوی، وەرگێڕان